

کوردستانی
سوور
لاچین
ئازەربایجان
کۆماری کوردستانی سوور
کۆمەڵێک بابەتی نووسەران
کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

# پێڕست

١- مێژووی پارچەی پێنجەمی کوردستانی گەورە ........................................................ نزار جەزا ........ ٣

٢- کوردستانی سوور ........................................................................ مەزن ڕێبوار هۆگر ....... ٨

٣- کوردستانی سوور، داخی گرانی کوردەکانی یەکیەتیی سۆڤییەت ................ و: ڕێبوار مەعروفزادە ...... ١١

٤- بۆچی ستالین کۆتایی بە کۆماری "کوردستانی سور" هێنا؟ ........................... د.محەمەد ئەحمەد برازی ...... ٢٣

٥- کوردستانی سور (کوردستانا سۆر)؛ ئەنفالێکی بزر و لەبیرکراوی کورد .................... سۆران حەمەڕەش ....... ٢٩

٦- کۆماری کوردستانی سور ..................................................................... لەتیف فاتیح فەرەج ......... ٣٢

٧- چۆن کوردستانی سور لەسەر نەخشەی سۆڤیەت سڕایەوە؟ ............................ رامیار حەسەن عەلی ........ ٣٤

٨- کوردستانی سوور چۆن لە بەین برا؟ ........................................................ دکتۆر جەبار قادر ........... ٣٩

٩- کۆماری کوردستانی سوور وانەیەکە بۆ کوردستانی ئێستە ....................................... کوردۆ شابان ......... ٤٨

١٠- بەرەو دامەزراندنەوەی کوردستانی قەفقازیا ............................................ رەمەزان کەریم .......... ٥١

١١- کوردستانی سوور لە نیوان بەرداشی ناکۆکیيەکانی ئەرمەنستانو ئازەربایجان‌دا ......... عەلی ئەسغەر فەریدی .... ٥٧

١٢- کوردستانی سور.. نەتەوەیەک لە نێوان مێژو و جوگرافیایەکی پڕ لە ململانێ ................... هەڤاڵ کوردی .... ٦١

١٣- بۆچی لینین و گۆرباچۆڤ ویستیان کوردستانی سوور لە نێوان ئەرمینیاو ئازاربایجاندا دابمەزرێنن؟ .....................
.......................................................................................... وەکیل موستەفا ......... ٦٣

١٤- کوردەکانی ئازەربایجان ......................................................................... رەمەزان کەریم ......... ٦٧

١٥- ئەدەبیاتی کوردی لە ئەرمەنستانی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوودا ................................ فەرهاد پیربال ..... ٧٨

١٦- کۆنگرێسی نەتەوەیی کورد لە "کوردستانی سور" دامەزرا ........................................ کوردستان ٢٤ ....... ٨٤

١٧- سەرۆک کۆماری کوردستانی سور لەهەولێر بەخاک سپێردرا ........................................... ئاوێنە ........ ٨٧

# مێژووی پارچەی پێنجەمی کوردستانی گەورە




نزار جەزا

هەواڵنامەی کتێب

هەموان دەڵێن چوار پارچەی کوردستان، بەڵام نزیکی ١٠٠ ساڵ پێش ئێستا پارچەی پێنجەمی کوردستانی گەورە بەناوی (کوردستانی سوور) لە نێوان ئازەربایجان و ئەرمەنستانی ئێستاوە هەبووە.

پارچەی پێنجەمی کوردستان ماوەی شەش ساڵ لەنێوان ساڵی (١٩٢٣ - ١٩٢٩) لەلایەن لینینەوە، یەکێتی سۆڤیەتی ئەوسا وەک هەرێمێکی سەربەخۆ لەژێر ناوی "کوردستانی سوور" دامەزرێندرا.



كوردستانی سوور بەنەخشەی كۆن دەكەوێتە باكووری ڕۆژهەڵاتی كوردستانی گەورە و باشوری ڕۆژئاوای یەكێتی سۆڤیەتی جاران، بەڵام بەنەخشەی ئێستا دەكەوێتە نێوان ئازەربایجان و ئەرمەنستان.




كوردانی ئەم پارچەیە بەزمانی كرمانجی قسە دەكەن و وەك كوردانی ئەم چوار پارچەیە خەونی بوونە دەوڵەت و كیانێكی سەربەخۆیان هەیە، كوردەكانی ئەوێ هاوشێوەی ئەم چوار پارچەیەی كوردستان مەینەتی زۆر و ئاوارەبوون و شەڕ و كوشتن و خیانەتی زۆریان بینیوە.




ڕووبەری ئەم پارچەیەی كوردستان پێنج هەزار و ٥٠٠ كیلۆمەتر چوارگۆشەیە، كە لەساڵی ١٩٢٣ دامەزرا، بەڵام ئەمە زۆری نەخایاند و ساڵی ١٩٢٩ هەرێمەكە هەڵوەشێنرایەوە.

بە گوێرەی سەرژمێری یەكێتی سۆڤیەت لەساڵی ١٩٢٦ ژمارەی دانیشتوانی كوردستانی سور ٥١ هەزار و ٢٠٠ كەس بوون، كە ٤١ هەزار كەس كورد بوون، بەڵام بەپیلان ڕێژەی كورد لەساڵی ١٩٧٩ كەمكرایەوە بۆ تەنها ١٢ هەزار كەس.




ئەم هەرێمە کە لەساڵی ١٩٢٣ دامەزرا پێکهاتبوو لە شەش شار، بەناوەکانی (کەلبەجاڕ، کوباتلی، کوتورلی، کوردگاجی، موارادخانلی، قەرەقشلاغ) بەڵام پاش تێپەڕبوونی سێ ساڵ ١٩٢٦ هەرێمەکە بچوک کرایەوە بۆ چوار شار، بەناوەکانی (کەلبەجار، لاچین، زەنگلیان، کوباتلی) و پایتەختی هەرێمەکەش گواسترایەوە بۆ لاچین.




لەسەرەتای دامەزراندنی ئەم هەرێمەوە کۆمەڵێک پیلان لەدژی گێڕدران، لەوانە، بەمەبەستی کەمکردنەوەی ڕێژەی کورد شاری کوباتلی خرایە سەر هەرێمەکە، لەکاتێکدا ئەم شارە لەسەدا ٩٩ی ئازەری بوو و لەسەدا یەکی ئەرمەنی بوو، بەمەش وای لێهات ڕێژەی کورد بۆ ٧٣% لەکوردستانی سوور کەمبکات.

یەکێکی دیکە لەپیلانەکان، ئەوەبوو، لەجیاتی ئەوەی کەسێکی کورد بکرێتە سەرۆکی هەرێمی کوردستانی سوور، بەڵام کەسێکی ئازەری بەناوی حاجییێف کرایە سەرۆکی هەرێمەکە، هەروەها دامودەزگا فەرمییەکانی کوردستانی سوور لەشاری شوشێ داندران.




دامەزراندنی ئەم هەرێمە بۆ کورد لەو کاتەدا دەستکەوتێکی گەورەبوو، بەڵام پاش ئەوەی ستالین هاتە سەر حوکم لەیەکێتی سۆڤیەت، بەبیانووی ڕێکخستنەوەی یەکە کارگێڕییەکانی یەکێتی سۆڤیەت، لەساڵی ١٩٢٩ بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی کوردستانی سووریدا و خستیە سەر ئازەربایجان، بەڵام پاش ساڵێک هەرێمی کوردستانی سوور دامەزرایەوە، بەڵام بەهۆی ستالینەوە دووبارە ئەم هەوڵە شکستیهێنا، چونکە پێیوابوو دروستبوونی ئەم هەرێمە دەبێتە هۆی تێکچوونی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ تورکیا و ئێران.




پاش ئەوەی کوردستانی سوور هەڵوەشایەوە شەڕێکی خوێناوی لەنێوان ئەرمەنسان و ئازەربایجان لەسەر کوردستانی سوور کە ئێستا بەناگۆڕنۆقەرەباخ ناسراوە، دروستبوو، کوردیش بوو بەدوو بەرەوە، کوردە ئێزدییەکان چونە بەرەی ئەرمەنییەکان و کوردە موسوڵمانەکانیش چونە بەرەی ئازەرییەکان، بۆیە کورد تێکەڵ بەشەڕی براکوژی بوو، بەڵام لەم شەڕەدا ئەرمەنییەکان توانییان ناوچەی لاچین کە پایتەختی کوردستانی سوور بوو بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە.




خەونی دامەزراندنەوەی ئەم هەرێمە بەکۆتایی نەهات، بۆیە لەساڵی ١٩٩٢دا و دوای ٦٣ ساڵ دووبارە بەسەرۆکایەتیی وەکیل موستەفاییڤ، هەرێمی کوردستانی سوور دووبارە ڕاگەیاندرایەوە، بەڵام بەهۆی نەبوونی پشتیوانیی نێودەوڵەتی و دژایەتیکردنی ئەرمەن و ئازەرییەکان، وایکرد لەماوەیەکی کەمدا، هەرێمەکە لەناوبچێت و موستەفاییڤ بەرەو ئیتاڵیا هەڵهات.




ئەرمەنییەکان و ئازەرییەکان مامەڵەیان لەگەڵ کوردەکان زۆر خراپبوو، بەجۆرێک کورد شەرمی لەکوردبوونی خۆی دەکرد و بەشێوازی جیاجیا هەوڵی بچوککردنەوەی کورد دەدرا، تەنانەت لەدنیای دەرەوە دابڕابوون، هەربۆیە زۆرێکیان بەرەوە وڵاتانی دەوروبەر هەڵاتن و تاکو وای لێهات، ڕێژەی کورد لەو ناوچەیە کەمکرایەوە بۆ نزیکی لەسەدا سی.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی خەڵک - ڕێکەوتی: ٢١ی جوونی ٢٠١٨**

---------------------------------------------

# کوردستانی سوور



**مەزن ڕێبوار هۆگر**

کورد ئەو نەتەوەی خاوەنی یەکەمین شارستانیەتی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستە، بەر لە ٣٠٠٠ ساڵ بەر لە زاین لە نێوان دوو زنجیرە چیای تۆرۆس و زاگرۆس هەلکەوتووە کە لە سەرەتادا شەش خێڵ بوون پێیان وتراوە گۆتیۆم و خاوەنی یەکەمین دەوڵەت بوون بە ناوی (ماد - میدی)

کوردستانی گەورە کە بەسەر چوار دەوڵەتدا دابەش بووە (تورکیا، عێراق، ئێران، سووریا) و زەمینەیەکی تر لە نێوان (ئەرمینیا - ئازەربایجان) کە بە پارچەی پێنجەمی کوردستان ناسراوە و یەکەیەکی کارگێڕی خود بەڕێوەبەری کوردی بووە ...کەواتە کوردستانی سوور چییە؟

کوردستانی سوور یەکەیەکی کارگێڕی کوردی بوو، بەبڕیاری فەرمی کۆمیتەی (١) ڕێکخستنی پارتی کۆمۆنیستی ڕووسیا لە ڕێکەوتی ٧ - ٧ - ١٩٢٣ بە ڕێژەی ٧٠% دەنگی بەڵێ لە کۆنگرەی نوێنەری ١٥ کۆمارەکەی یەکێتی سۆڤێت دامەزرا.

ڕووبەری کۆمارەکە ٧٥٠٠ کم دووجا بوو و لەم هەرێمانە پێکهاتبوو:

(کیلبەجار، قەرەباخ، جاجیک، قوباتلی، زەنگیلان، پیتچەناس، ئاگابادیر، لاچین، دەیجولان، دیلیجان، کەراکیش، قوباتی) و شاری لاچین پایتەختی کۆمارەکە بوو.

## "جوگرافیا"

لە ڕووی بەرزو نزمیەوە گشت کۆمارەکە زەویەکی دەورەدراو بە زنجیرەچیا بووە هەروەها بوونی ژمارەیەک گرد و تەپۆلکە و دۆڵ، هەروەها بەشی زۆری کۆمارەکە دەشتایی بووە، و زەویەکی بەپیت بووە بۆ کشتوکاڵ و ئاژەڵداری.
هەروەها چەندین ڕووبار و دەریاچە ی لەخۆگرتووە کە سوودی ئێجگار زۆریان بۆ دێهاتەکانی هەبووە کە ئەوانیش دەریاچەی سێڤان و ڕووباری ئاغنو لە لاچین بەناوبانگترین بوون.

لە ڕووی کشتوکاڵەوە باشترین بەرهەم برنج و گەنم بووە،خەلکانێکیش خەریکی ڕەز و باخات بوون کە ئەمانیش بەرهەمی نایابیان هەبووە.

## "ئابووری و دراو"

هەواڵنامەی کتێب

دراوی فەرمی کۆمارەکە بریتی بوو لە ڕوبڵ، کە دراوی فەرمی ڕووسیا بوو، داهاتی کۆمارەکە بەند بوو لەسەر کشتوکاڵ و بەرهەمی شیر هەروەها کانزاکاری کە داهاتەکەی پاش هەناردەکردن ی بەرهەمەکان لە بانکی ناوەندی ڕووسیاوە ئەهاتەوە بۆ بانکی لاچین. گشت دامودەزگاکانی کۆمارەکە لەلایەن کارگێڕی ڕووسیاوە سەرپەرشتی دەکرا تاوەکو پرۆسەکە بەدوور بێ لە گەندەڵی.

## "هۆکاری دامەزراندنی کۆمارێک بۆ کورد"

هۆکار زۆربوون بۆ دامەزراندنی کۆمارێک بۆ کورد، گرنگترین هۆکار لەلایەن ستالین ڕابەری کۆمۆنیستەکانی ڕووسیا و هەموو جیهان ئەوەبوو کە کورد لە ئەرمەن و ئازەریەکان دابرِێنێت بۆ ماوەیەک، کە دیاری نەکراوە چەند بووە. و کۆمارەکە بەهێزکرا لەسەر دەستی ڕووسیا تائەوەی خۆیان کالایان هەناردە ئەکرد. و ڕەنگی سووری پێبەخشرا لەبەر مەترسی و ناساندنی وەکو کۆمارێکی کۆمۆنیستی.

## "ئاین ی کۆمارەکە"

زمانی فەرمی کۆمارەکە کوردی شێوەزاری کرمانجی ژووروو بوو،و ئاینی ڕەسمی کۆمارەکە ئێزدی بوو گەرچی حوکمی کۆمارەکە

کۆمۆنیستی بوو بەڵام ڕێژەی ئێزدی لە ٨٣% دا بوو واتا زۆرینە خاوەن ئاینی خۆیان بوون.

ڕێژەی دانیشتوانیش بەم شێوە خەملێنراوە:

کەلبەجار؛ ٩٩.٨% کورد بوون

قوباتلی؛ ٩٩.٧% کورد بوون

قەرەکێشڵ؛ ٩٩% کورد بوون

قوترلی؛ ٩٥% کورد بوون

## ئاستی خوێندەواری و فێرکردن

ئاستی خوێندەواری ڕێژەیەکی تەواو دروستی نییە، بەڵام وەکو هەیە لە گشت دێهات و شارۆچکە و شارەکاندا قوتابخانە هەبووە بە شێوازێک پێداویستیەکانی خوێندن دابین کرابوون و بە زمانی کوردی و ڕووسی پرۆسەی خوێندن بەردەوامی هەبوو.

و لەم کۆمارەدا دەیان و سەدان ڕووناکبیر و بیرمەند هاتوونەتە بوون کە بەناوبانگترینیان زانا و ڕووناکبیر ی گەورەی کورد (شەرەب شامیلۆڤ ناسراو بە عەرەبی شەمۆ) بوو کە دەیان خەڵاتی ڕێزلێنانی لەلایەن بیرمەندە ڕووسیەکان پێدراوە. و خۆیشی ماستەر و دکتۆرای لە بواری وێژەدا هەبووە و یەکەم ڕۆمانی کوردی نووسیوە و وەریگێڕاوەتە سەر ڕووسی.

## لەناوچوونی کۆمارەکە

لە ساڵی ١٩٢٩ بەبڕیاری حکومەتی ڕووسیا لەسەر داوای کۆماری تورکیا پاش لێسەندنی هەرێمی قەرەباخ لە کورد و دابەشکردنی لە نێوان ئەرمەن و ئازەریەکان، جەنگێکی سەخت ڕوویدا کە بووە هۆی تەواو لەناوچوونی گەلی کورد لەو کۆمارەدا، کە لەبەرایی نیو ملیۆن کورد دەژیا، بەڵام لە کۆتاییەکانی شەستەکان لە زۆر هەرێم بەمانی کورد ڕاگەیەنرا.

و ڕووسیا دەستی لە جینۆسایدی نزیک ٢٠٠ هەزار کورد هەبوو بە ئاگر و ئاسن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی مێژووی کورد - ڕێکەوتی: ٦ی مارچی ٢٠١٨

# کوردستانی سوور، داخی گرانی کوردەکانی یەکیەتیی سۆڤییەت



**وەرگێڕان بۆ کوردی ڕێبوار مەعرووفزادە**

## ١

بەرایی: ئەو وتارە زۆرتر ڕاپۆرتێکە داستانی و دیارە پشت ئەستوور بە گفتوگۆ لەگەڵ چالاکانی بزووتنەوەی کوردی لە یەکیەتیی سۆڤیەت و کۆمارەکانی سەربەخۆی دوای رووخانی یەکیەتیی سۆڤیەت.

نووسەر کە خۆی لە رۆژنامە نووسان وچالاکانی دانیشتووی قەفقازە بە هێنانەوەی کۆرتەیەک لە تێکۆشانی کوردەکان لە کاتی شۆڕشی ئۆکتۆبر و دامەزراندنی کۆماری کوردستانی سوور لە ناوچەی لاچین، کە لنینیش رەزامەندی لەسەر بووە، ئاوڕ لە گۆڕانکاری یە سیاسی یەکان و تێکۆشانی کوردەکان لە پێناو گەیشتن بە مافە مرۆیی یەکانی خۆیان دەدا.

### پێشەکی

پاش شۆڕشی ١٧ی ئۆکتۆبر بۆ ئەو نەتەوانەی کە لە رووسیە، ئاسیای نێوەڕاست و قەفقاز دەژیان هیوای رزگار بوون پەیدا بوو. لەو نیشتمانە کە بەشێکی گەورە لە جوغرافیای جیهان لە خۆ دەگرێ، خەڵکێک لە تەواوی نەتەوەکانی جیهان دەژیان. هاوکات لەگەڵ شۆڕشی ١٧ی ئۆکتۆبر بۆ ئەو نەتەوانەی کە لەوێ نیشتەجێ بوون دامەزراندنی کۆمار و بۆ بیانییەکان، ئەوانەی دواتر بۆ ئەو نیشتمانە کۆچیان کردبوو، مافی ئۆتۆنۆمی و خۆبەڕێوەبەری نەتەوەیی و کلتووری دەستنیشان کرا. یەکێک لە باشترین نموونەکان کە نیشان دەدا ئەو نیشتمانە فرەنەتەوەیە، قەزاقستانە کە لەوێ ١٠٢ نەتەو پێکەوە

دەژین. دیارە کورد یەکێک لەو نەتەوانەیە.

**داستانی کۆچی کوردەکان بە سێ قۆناخ لێکدەدرێتەوە:**

بە پێی وتەی هێندێک کەس یەکەم قۆناخی کۆچ لە سەردەمی حکوومەتی تزارەکاندا بووە. لە پەنا ئەودا، ئەو نەتەوانەی کە لە سەردەمی شەڕەکانی عوسمانی و رووسیە هاتوون بۆ ئێرە دەکەونە چوارچێوەی ئەو قۆناخەی کۆچ. دیارە سەرەڕای نەبوونی مێژوویییەکی نووسراو لەو بووارەدا، ئەوکەسانەی کە خۆیان لەو سەردەمەدا ژیاون، ئەو سەردەمە بەمجۆرە هەڵدەسەنگێنن.

قۆناخی دووهەمیش پاش شۆڕشی ١٧ی ئۆکتۆبر و پێکهاتنی سنوورەکانی مانەوەی ئەو گرووپە لەو نەتەوانەی کە لە نێو ئەو سنوورانەدا مانەوە. ئەو نەتەوانە سەرەڕای ئەوەی بە پێی خواستی خۆیان نەبوو چوونەتە ژێر دەسەڵاتی هێندێک لەو کۆمارانە. بە پێی وتەی خەڵک سێهەمین قۆناخی کۆچیش بۆ سەردەمی «شۆڕشی ئاگری» لە باکووری کوردستان دەگەڕێتەوە کە هێندێک کورد کۆچیان کردەوە و سەرەتا لە رووسیەی تزاری و دواتر لە یەکیەتی سۆڤییەت نیشتەجێ بوون، بە دوای شۆڕشی ١٧ی ئۆکتۆبر بوونە خاوەنی «پشکێک».

«پشکێک» کە بە دوای شۆڕشی ١٧ی ئۆکتۆبر لەگەڵ درووشمی «ئازادیی نەتەوەکان» هاتە ئاراوە، وەبەر ئەو کوردانە کە لە سۆڤییەت دژیان کەوت. ئەو پشکە »ناوچەی خۆدموختاری کووردستانی سوور» بوو کە لە ساڵی ١٩٢٣بە پێتەختی «لاچین» لە شوێنێک راگەیەندرا کە ئێستاکە بەشێکە لە خاکی ئازەربایجان. دیارە کوردستانی سوور کە هەتا ئێستا هۆکاری رووخانی بە تەواوەتی روون نییە تەمەنێکی درێژی نەبوو، سێ ساڵ دواتر واتە لە ساڵی ١٩٢٦ تێکشکا.

**تەرخانکردنی ٤٠ میلیۆن رووبل لە بوودجە بۆ کوردستانی سوور لە لایەن لنینەوە:**

کوردستانی سوور کە بە ناردنی کوردەکانی دانیشتووی قەفقاز بۆ لاچین دامەزرابوو، بە وتەی هێندێک لەو کەسایەتییە کوردانەی هەتا ئێستا لەگەڵیان دانیشتووین، لە ئاکامی هەوڵەکانی دوژمنکارانەی «نویمان باقروف» سکرتێری گشتی ئەوکاتی حیزبی کۆمونیستی ئازەربایجان، لە نێو چوو. دیارە ئەوەی هەتا ئێستا بە پێی بۆچوونی خەڵکی ناوچە و کەسانی دیکە وەک هۆکاری سەرەکی تێکشکانی کوردستانی سوور پێشاندراوە، ئەو پێوەندییانەیە کە لە نێو رێبەرانی ئازەربایجان، ئەرمەنستان و رێبەری پێشووی یەکیەتی سوڤییەت «ژۆزف ستالین» هەبووە. بە پێی ئەو بوچوونە، کە لە دەستنووسەکانی

لنینیش دا هەیە، لنین پێش لە دامەزراندنی کوردستانی سوور ٤٠ میلیۆن رووبل بوودجەی بۆ تەرخان دەکا، بەڵام دوای مردنی لنین، ئیستالین ئەو بوودجەیەی کە بۆ بەشی تێکنۆلۆژی، پیشەیی و ئامووزشی کوردستانی سوور دیاری کرابوو وەک زیادی لە بوودجەی ئەرمەنستان لە قەڵەم دا.

بە دوای ئەوەدا لە بەرامبەر چارەسەری کێشەی سنووری نێوان ئازەری و ئەرمەنییەکان کوردستانی سوور قووربانی دەکرێ. بە دوای تێکشکانی کوردستانی سوور، کوردەکان تا ماوەیەک درێژەیان بە خەبات دا، ٨ساڵ بە دوای تێکڕووخانی کوردستانی سووردا، گۆڤارێک بە ناوی «رێگای نوێ» لە ئێرەوان پێتەختی ئەرمەنستان بڵاو دەکرێتەوە.

دەگەینە سەردەمێک کە ئەگەری دەستپێکردنی شەڕی دووهەمی جیهانی بە تەواوەتی هەست پێدەکرێ. لەو هەلومەرجەدا رێبەرانی سۆڤییەت دەکەونە داوی ئەو بیرە هەڵەیە کە ئەگەری ئەوە هەیە، ئەو کەمینە نەتەوەییانەی کە لە سنوورەکانی تورکیە و ئێران دەژێن لەگەڵ دووژمن بکەون و خیانەت بکەن. وەزیری نێوخۆی شوورەوی «لاورنتی بریا» بە فەرمانی ستالین کە سکرتێری حیزبی کۆمونیست و رێبەری سۆڤییەت بووە، تێکڕای ئەو نەتەوانە تا ٢٠٠ کیلومیتر بەرەو ناوچەکانی ناوەند پاڵ پێوەنا و کۆچێکی پڕ ئازاری بەسەردا سەپاندن. ئەو کوردانەی کە لەو کۆچەدا لە قەفقاز بەرەو ئاسیای نێوەڕاست کۆچ دران، لەوێش هەر درێژەیان بە خەباتی خۆیان دا. کوردەکان تەنیا دوای مردنی ئیستالین توانیان بۆ قەفقاز بگەڕێنەوە. لەو سەردەمەدا لە تەنیشت گۆڤاری «رێگای نوێ» کە لە ساڵی١٩٣٧ دەستی بە بڵاو کردنەوە کرد، رادیو ئێرەوانیش لە ساڵی ١٩٥٧ دەستی بە وەشان کرد و ئەنیستیتۆی زمانی کوردییش دامەزرا کە تا دووساڵ درێژەی بە چالاکییەکانی دا.

هەروەها شاهیدەکان دەڵێن ئەو کوردانەی کە بۆ ئەرمەنستان گەڕانەوە، هەوڵیاندا تا هێندێک دامەزراوە پێکبێنن، ئەو کوردانەش کە لە ئاسیای نێوەڕاست مانەوە بۆ زیندووکردنەوەی کوردستانی سوور دەستیان دایە تێکۆشانێکی بەرفراوان. پێشڕەوی ئەو هەوڵانە کە هەروا لە باکۆ دەژی «محەممەد بابیۆف» بوو کە لەگەڵ هەیئەتێکی ٩ کەسی پێکهاتوو لە کەسانێک وەک تەیموور عەلی، حوسێن نەبوو، محەممەد ئەمین عەزیز، حوسێن سادقۆف و چرکەز بەکۆ سەردانی مۆسکۆیان کرد. ئەوان چاویان بە مونشیی رێبەری یەکیەتیی سۆڤییەت «خرۆشچۆف» کەوت و خواستەکانی خۆیان بە ئاگاداری ئەوان گەیاند. مونشی یەکەمی خرۆشچۆف کە لەگەڵ دوو راوێژکاری خرۆشچۆف بە ناوەکانی «وادر» و «شومونسکی» دانیشتێنیان لەگەڵ هەیئەتی کوردی قەبووڵ کرد رایانگەیاند کە سکرتێری گشتی ناتوانێ ئەوان ببینێ. بەم هۆیە هەیئەتی کورد نامەیەکیان کە ئامادە کردبوو دایە دەستی مونشیی خرۆشچۆف و هەروەها خۆشیان خواستەکانی خۆیان بۆ ئەوان شی کردەوە. دوکتور «حوسێن سادقۆف» کە لەو هەیئەتە ٩ کەسییەدا بوو، بە نیسبەت سەردانی خۆیان لە مۆسکۆ دەڵێ: «ئێمە لەگەڵ

مونشی لە پێوەندی لەگەڵ کۆچی زۆرەملی و ئەوەی کە نەتەوەیەکین کە زمان، کولتوور، مێژوو و شۆناسێکی تایبەتمان هەیە، قسەمان کرد. باسی ئەوەمان کرد کە لەگەڵ ئێش و ئازارێکی زۆر رووبەڕوو بووینە و لە ساڵی ١٩٢٣ ناوچەیەک بە ناوی «کوردستانی سوور» بۆ ئێمە دامەزراوە، بۆ پێشگرتن لە پارچەپارچە بوونی نەتەوەکەمان، و پاراستنی خۆمان و دەستکەوتەکانمان دەمانهەوێ بۆ جارێکی دیکە کوردستانی سوور دابمەزرێنینەوە هەتاکوو خەڵکەکەمان لەو تێکشکانەی کە تووشی هاتوە رزگار بکەین. «سادقۆف» وتی کە پاش ئەو سەردانە، مۆسکۆ هیچ وەڵامێکی بە ئێمە نەداوە و بە بێ هیچ ئاکامێک گەڕاینەوە.

محەممەد ئەمین عەزیز کە هەر لەو هەیئەتەدا بووە دەڵێ، چووین و بێ دەستکەوت گەڕاینەوە. ئەو سەردانەکەی خۆی بەمجۆرە بە کورتی باس دەکا. محەممەد ئەمین عەزیز کە ئێستاش هەر لە شاری «ئالمائاتا» ی قەزاقستان دەژی، بەگریانەوە، ئاوا باسی ئەو رۆژانە دەکا: ئێمە داواکارییەکانمان بە ئەوان راگەیاند. بە جوانی گوێیان لە قسەکانمان گرت بەڵام دواجار وتیان : «ئێمە پێدانی ئۆتۆنۆمی کلتووری بە ئێوەمان قەبووڵە. واتە مافی دامەزراندنی ٦ ناوەندی کلتووری بە ئێوە بدەین، یەکێکیان لە قرقیزستان، سێیان لە قەزاقستان، یەکێکیان لە ئازەربایجان و یەکدانەش لە ئەرمەنستان». بابیۆف لەو پێوەندییەدا وتی کە: «ئێمەش لە چۆنیەتی و جۆری ناوەندە کلتوورییەکان ئاگاداریمان هەیە، بەڵام ئەوانە پێویستییەکانی سەرەکی ئێمە نین. ئێمە پێویستیمان بە ناوچەیەک هەیە کە بتوانین لەوێدا لەگەڵ خەڵکەکەمان پێکەوە بژین.

پێویستیی سەرەکیی ئێمە ناوەندی کلتووری نییە، بەڵکوو وڵاتە. مونشیی خرۆشچۆف کاتێک ئەو قسانەی بیست و دیتی کە ئێمە لەسەر خواستەکانمان سوورین کوتی: «وتە و خواستەکانتان بە ئاگاداریی سەرۆکی حکوومەت دەگەیەنین. خواستەکانی ئێوە زۆر جیددین، دەبێ سەبارەت بە وان بیر بکەینەوە. ئەو ناوچانەی کە داوای دەکەن خاکی ئازەربایجان بە ئەژمار دێن. کوتی کە بۆ ئەو ناوچانە ناتوانن گوشار بخەنە سەر ئازەربایجان و بۆ چارەسەری دەبێ حیزبی کۆمونیست و پارلەمانی ئازەربایجان ئاگادار بکەینەوە.» بەمجۆرە سەردانەکەمان کۆتایی پێهات. محەممەد ئەمین عەزیز بە زەردەخەنەیەک،کە دەرخەری ئێش و ئازارێکی فراوان بوو، دەڵێ: «ئێمەش دەبینین ئەوکەسانەی ئەوکات واتە ٤٢ ساڵ بەر لە ئێستا وتیان دەبێ بیر بکەینەوە، ئێستاش هەر بیر دەکەنەوە.›› هەروەها دەڵێ : «نە ئەو و نە منداڵەکانیشی بڕیارێک کە مۆسکۆ دەبوو بیدا نەیاندیتەوە و نایبینن. »

لە ساڵی ١٩٦١ لە مۆسکۆوە وەڵامێک دێ. وەڵامەکە شتێک نییە کە چاوەڕوان دەکرا. واتە هەمان شت کە لە یەکەم دانیشتن بەوانیان راگەیاند. بەم هۆیە ئەوانەی کە لە رێگەی پێکهێنانی کوردستانی سوور خەباتیان دەکرد، تێگەیشتن کە کارەکەیان

زۆر سادە نەبووە و بەمجۆرە ماوەیەک بێ دەنگ بوون. کوردەکان کە هێندێک بە هۆی کردەوەکانی خرۆشچۆف، کە تا رادەیەک ئازادیخواز دەهاتە بەرچاو، بوێر ببوون و وەجوش و خرۆش کەوتبوون، بەڵام بە بێ هیچ دەستکەوتێک گەڕانەوە. چاوەڕوانی ئەو دەرفەتانە دەکەن کە رەنگە لە داهاتوودا بخوڵقێ و لەو سەردەمەدا درێژە بە پێوەندیەکانیان دەدەن. دوای خرۆشچۆف، لە کاتی حکوومەتی «برژنف» دا بوو کە کۆمیتە هەروا هەلومەرجەکەی گوونجاو نەدەدی، هەر بۆیە هەروەها چاوەڕوان مایەوە. ئەو چاوەڕوانییە دووروودرێژە تا بە دەسەڵات گەیشتنی «گورباچۆف» بەردەوام دەبێ.هاوکات لەگەڵ ئەو چاکسازیانەی کە گورباچۆف دەستی پێ کرد و لە ئاکامی شەڕێک کە لەهەمبەر ناوچە کوێستانییەکانی قەرەباغ هاتە پێش، کۆمیتەی زیندووکردنەوەی کوردستانی سوور دیسان وەکار کەوت.

## کۆمیتە دیسان دێتە مەیدان

ستراتیژی سەرەکیی کۆمیتە کە هەتا شەڕی ئەرمەنستان و ئازەربایجان لەسەر قەرەباغ چاوەڕوان کردنی کاتیی گونجاو بوو، لەو ماوەیەدا لە نێو کوردەکان رێکخستن دەکەن. رێبەری گرووپ «بابیۆف» لە ساڵی ١٩٨٨ - ١٩٨٩ لە کاتی شەڕی قەرەباغ بۆ جارێکی دیکە دێتە مەیدان. بابیۆف کە لەو بڕوایەدا بوو کە تاکە رێگەی گەیشتنی کوردەکان بە کوردستانی سوور شەڕە، لە سەر هاوکاریکردنی ئازەربایجان جەخت دەکا. بەم هۆیە لە نێو کوردەکانی قەفقاز و ئاسیای نێوەڕاست مشتومڕی جیددی دێتە ئاراوە. هێندێک لە ئەندامەکانی کۆمیتە دژی ئەو بۆچوونەی بابیۆف دەبن و هێندێکیش بێ دەنگ دەمێننەوە. بابیۆف کە تا رادەیەک پشتگیریی خەڵک و رووناکبیران بەدەست دێنی، دیسان بیر لە هێرشی ئەرمەنییەکان بۆ سەر ئەو کوردانەی کە لە خاکی ئەرمەنستاندا دەژین دەکاتەوە. لە نێو ئەندامەکانی دیکەی کۆمیتەکەش کە دژی بۆچوونی بابیۆف لە پێوەندی لەگەڵ «رێکاری نیزامی و شەڕ» بوون جیاوازیی فیکری دێتە گۆڕێ. هێندێک لە ئەندامەکان دەڵێن پێویستە دیسان سەردانی مۆسکۆ بکەین. هێندێکیشیان پێشنیار دەکەن کە بە جێگەی شەڕ بۆ بەشێک لە ئازەربایجان کە زێدی باو و باپیریان نییە، باشترە لە شەڕێک کە pkk لە کوردستان دەستی پێ کردووە، بەشداری بکەن.

## مشتومڕ لە سەر هەڵپەرستی لە دۆڵەکانی ئاڵماتاتا

ئەو کۆبوونەوانەی کە لە لایەن «بابیۆف» بەڕێوە دەچن، هەرچەند جارێک دەبنە مەیدانی مشتومڕێکی توند. باسی سەرەکی ئەوەیە : خەبات لە پێناوی کوردستانی سوور لە رێگەی شەڕ دەکرێ یان ئاشتی؟ بەڵام ئەمجارە باسەکان بە شێوەیەکی دیکە بەڕێوە دەچن: بەجێگەی شەڕ لە تەنیشت ئازەربایجان، پێویستە بۆ نیشتمان بڕۆین و لە ریزەکانی pkk دا شەڕ بکەین. لە لووتکەی ئەو باسە جیددیانەش «ئازلخان مستەفا ئۆف» دەردەکەوێ کە نەوەد ساڵ لە تەمەنی گوزەراوە و لە برینندارەکانی شەڕی دووهەمی جیهانییە. مستەفا ئۆف لەو بڕوایە دایە کە لە ساڵەکانی ١٩٨٠ بەملاوە لە باکووری

کوردستان شەڕێک هاتۆتە ئاراوە کە هەتا ئێستاش هەر بەردەوامە، سەرەڕای ئەوە، ئەوان لە دۆڵەکانی ئاڵمائاتا دا خڕ بوونەتەوە و مشتومڕ دەکەن و ئەوەش شتێک نییە جگە لە هەڵپەرستی. مستەفا ئۆف کە لە ئاڵمائاتا دەژی، دەڵێ: بە بابیۆف کە ڕێبەری ئێمە بوو وتم: لە وڵاتی ئێمە شەڕێکی ئازادیخوازانە لە ئارا دایە کە ئاگرەکەی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ بڵێسە دەستێنێ، ئێمە بە جێگەی ئەوەی کە لە شەڕدا بەشداری بکەین، لێرە دانیشتووین و لەسەر ئەو بابەتانە قسە دەکەین. بەڵام ئەوانەی کە لە بەرامبەر پێداگری بابیۆف کە لەو بروایەدا بوو کە دەبێ لە شەڕی ١٩٨٩ نێوان ئازەربایجان و ئەرمەنستان کەڵک وەربگرین و مافەکانی خۆمان بە دەست بێنین، دژایەتیان دەکرد و بۆ جارێکی دیکە پێشیان بە ڕێککەوتنی بابیۆف لەگەڵ ئێمە گرت و بۆ جارێکی دیکە ڕێگەیان لەوە گرت کە هەوڵەکانمان کە زۆر جار بۆ کەسانی دیکە بە کارمان هێناوە، لە قازانجی خۆمان تەرخان بکەین.

### ئەرمەنییەکان دەیانویست کوردەکان دەشەڕ گلێنن

«حوسێن نەبوو» کە لە ئەندامانی کۆمیتە و شاهیدانی ئەوکاتە، ئاماژە بە ئامانجی ئەرمەنییەکان بۆ بە شەڕدانی کوردەکان لەگەڵ ئازەربایجان دەکا. نەبوو دەڵێ ئەرمەنییەکان زیاتر لە بابیۆف، هەوڵەکانی خۆیان خستە گەڕ تا کوردەکان بێننە نێو شەڕ. من بە هۆی ئەوەی ئەوکات لە بەشێکی گرینگ لە دەوڵەت کارم دەکرد، لەو بابەتانە ئاگادار بووم. ئەرمەنییەکان قسەی زۆریان دەکرد، بۆ نموونە دەیانکوت کوردستانی سوور لە ئازەرییەکان دەستێنن و بە کوردەکانی دەدەین. بەشێک لە ئەندامانی کۆمیتە لەو دۆخە ئاگادار بووین، کایەکەمان تێکدا و بۆ جارێکی دیکەش ئەرمەنییەکان زیاترین هێرشیان کردە سەر کوردەکان.

ئەو بارودۆخە زۆر بە زیانی کوردەکان تەواو بوون، چونکە بووە هۆی ئەوەی کوردەکان ناچار بن لە ئەرمەنستان کۆچ بکەن. «نەبوو» لە درێژەدا دەڵێ : ئەگەر ڕێگەمان لە بەشداریی کوردەکان لە شەڕدا نەدەگرت، خەساری گەورەی لێدەکەوتەوە. ئەو دەڵێ یەکێک لە فەرماندەکانی ژێردەریایی یەکی یەکیەتی سۆڤییەت، کە ئەوکات هاوڕێم بوو بە منی وت: «حسێن بەهەر جۆرێکە دەبێ ڕێگە لە بەشداریی کوردەکان لەو شەڕەدا بگرن، ئەگینا کۆمەڵکوژییەکی گەورە روو دەدا.»

### نووکی هێرشەکانی ئەرمەنییەکان کوردەکان دەگرێتەوە.

کاتێک کە ئەو باسانە لە نێو کوردەکان درێژە دەکێشن، ئەرمەنییەکان کە ئازەرییەکانیان لە وڵاتی خۆیان دەر کردبوو، بۆ ئەوەی ئەرمەنستان بکەنە وڵاتێک کە تەنیا ئەرمەنییەکان لەوێدا ژیان بکەن، هێرشەکانی خۆیان بەرەو لای کوردەکان وەرسووڕاند.

«حەسەن حاجی سولەیمان» یش هۆکاری هێرشی ئەرمەنییەکان بۆ سەر کوردەکان بەمجۆرە باس دەکا: «ئەرمەنییەکان دەیانهەویست تۆڵەی کۆمەڵکوژیی ئەرمەنییەکان لە ساڵی ١٩١٥ لە ئێمە بستێننەوە.» حاجی سولەیمان لە لایەنگرانی بۆچوونی بابیێف لە پێناو شەڕدا بوو. ئەو لەو بڕوایە دایە کە هێرشی ئەرمەنییەکان بۆ سەر کوردەکان، لە ئاکامی هەوڵی ئەو کەسانە هاتە ئاراوە کە دەیانهەویست لە نێو نەتەوەکان دوژمنایەتی درووست بکەن. حاجی سولەیمان دەڵێ ئەرمەنییەکان لەو ساڵانەدا ماڵی کوردەکانیان وێران کردوە و لە نێوەڕاستی شەقامەکان تاوانیان دەرهەق بە ئەوان ئەنجام داوە، لە درێژەدا دەڵێ: «تەنیا یەک کار مابوو کە ئەنجامی بدەین ئەویش دەرچوون لە ئەرمەنستان بوو. یا دەمانکوشت و یا دەکوژراین،بەڵام لە شتێک چاوپۆشیمان نەدەکرد، ئەویش کوردستانی سوور بوو. ئێمە ئەو کردەوانەمان ئەنجام دا و لەو ساڵانەدا لە ئەرمەنستان دەرچووین و لەو رۆژانەوە تا ئێستا لە ئاڵمائاتا دەژین.»

### سکرتێری گشتیی حیزبی کۆمونیست پەرە بە دوژمنایەتی دەدا!

بۆ دیتنی کاریگەریی شەڕی ئازەربایجان و ئەرمەنستان بۆ سەر کوردەکان، ڕای دوکتور «قنیاس میرزۆیۆف» زمانناسی کوردمان وەرگرتوە. ئەو دەڵێ: «ئەرمەنییەکان دەستیان کرد بە تۆڵە ستاندنەوەی کۆمەڵکوژییەک لە ئێمە کە تورکیە دەرهەق بە ئەرمەنییەکان ئەنجامی دابوو.»

هەوڵنامەی کتێب

٢

میرزۆیۆف بە ئاماژە کردن بەوە کە دروست نییە هەموو ئەرمەنییەکان بخەینە خانەیەکەوە، دەڵێ: " کوردەکان بۆ نەهاتنە ئارای دوژمنایەتیی گەورە لە نێوان دوو گەلی کورد و ئەرمەنی کە بە درێژایی مێژوو پێوەندییەکی باشیان هەبوو، ئەرمەنستانیان جێهێشت. میرزۆیۆف سەرەڕای هەموو خاڵەکان، سەبارەت بە رووخانی پێکهاتوو دەڵێ: هێرشی ئەرمەنییەکان بۆ سەر کوردەکان لە ئەرمەنستان، سیاسەتێکی جیدی بۆ لە نێو بردنی یەکگرتوویی و یەکبوونی کوردەکان بوو. سەرەتا کوردەکانیان بە دوو بەشی ئیزەدی و موسڵمان دابەش کرد. کایەیەک کە لە بەرامبەر کوردەکان بەڕێوە چوو ئەوە بوو کە ناسنامەی کوردە ئیزەدییەکان بە جێگەی وشەی کورد، وشەی ئیزەدی نووسرا. لە پڕۆپاگەندەکاندا دەکوترا کە کوردە موسڵمانەکان، تورک بوون و لایەنگری تورکەکان بوون. بەو پڕۆپاگەندانە تەنانەت کوردەکانی ئیزەدی وەک ئامرازی شەڕ دەرهێنا.

بۆ نموونە دوو کەس لە شێخەکانی ئیزەدی بە ناوەکانی؛ "حەسەن کێلش" و " کەرەم" هێندێک قسەیان کرد کە رەوایی بە هێرشی کوردەکان دەدا. بەڵام رووناکبیرانی کوردی ئیزەدی دژایەتیان لەگەڵ ئەو بۆچوونە کرد و لە رزگاریی نەتەوەکەمان

لەو داوە رۆڵی گەورەیان گێڕا. نووسەران، رووناکبیران و زانایانێک وەک: "کالنی چاچانی"، "دوکتور شاکرۆمەحۆ"، خالید چێتۆیف"، چرکس رێش"، جەلیل جەلیل"، ئەمرکی سەردار"، دوکتور شەرەف عەشیری"، دوکتور سەعید ئیبۆب" لە قسەکانی خۆیان لە رادیۆ و تەلەڤیزیۆندا بە ئاماژە کردن بەوەی کە دابەشکردنی کوردەکان بە ئیزەدی و موسڵمان هەڵەیە، دەیانگوت کە ئەو جۆرە روانگانە بە واتای رەوایی دان بە کوشت و بڕی کوردەکانە. لەوێدا منیش بۆ ڕاگرتنی ئەو هێرشانە چەند جار لە رادیۆ و تەلەڤزیۆن قسەم کرد، چونکە ماڵی کوردەکانیان ئاگر دا، ئەوانیان کوشت و تەنانەت هێندێکیان لە نێو ماڵەکانی خۆیاندا سووتاندن. بە واتایەکی دیکە لێرە موسڵمان بوونیان هاوواتای ئازەری و تورک بوون لە قەڵەم دەدرا. لە راستیدا شتێک کە دەیانهەویست درووستی بکەن، شەڕی ئایینی بوو. تەنیا تاکە رێگەیەک بۆمان مابووە چۆلکردنی ئەرمەنستان بوو کە ئێمە ئەو کارەمان کرد.

ئەوجار کۆچێکی زۆرەملی دەستی پێکرد کە تەنانەت ناوەکەشیان نەدەبرد، چونکە گەلی ئێمە تووشی پارچە پارچە بوونێکی دیکە هات. هێندێکیان بەرەو رووسیا، ئوزبەکستان و ئۆکراین رۆیشتن و هێندێکیشیان لە وڵاتەکانی قەزاقستان و قرقیزستان نیشتەجێ بوون.

بۆچی ئەو کارەیان ئەنجام دا؟ بە بڕوای من ئەو بابەتە بۆ ترسی ئەوان لە توانای ئێمە چالاکبوونی دامەزراوەکانمان و هەوڵەکانی ئێمە بۆ دامەزراندنی دووبارەی کوردستانی سوور، سەرچاوەی دەگرت. بەرپرسانی ئەوان کەسانێکی بەناوباگ وەک "گالوست گالویان" زانای ئەرمەنی و سکرتێری گشتی حیزبی کۆمۆنیست و "بابەک ئاستیان" ئەندامی ئاکادیمیی زانست بوون. ئەوان بە پەرەدان بە نەتەوەخوازی دەیانویست ئەرمەنستان بکەن بە وڵاتێک کە تەنیا ئەرمەنییەکان لەوێدا بژین.

میرزۆیۆف دەڵێ: سەرەڕای هەموو هێرشەکانی ئەرمەنییەکان، نەیانتوانی پێش لە بەهێز بوونی کوردەکان و پێکهێنانی دامەزراوەکان بگرن. میرزۆیۆف لەو بڕوایە دایە کە: "ئێمە کوردەکانی یەکیەتی سۆڤییەت توانیمان لە رێگەی ئەو دامەزراوانەی دروستمان کردوون پێش لە سڕینەوەی مێژوویی خۆمان بگرین."

### بابیۆف بە دانیشتنە نهێنییەکانی دەستی بە کار کرد

کاتێک هێرشی ئەرمەنییەکان بۆ سەر کوردەکان بووە هۆی ئەوەی کە کوردەکان ئەرمەنستان چۆل بکەن، چالاکییەکانی کۆمیتە لە پێناو خواستی ئەو بەشە لە ئەندامەکان، کە لەو بڕوایە دا بوون کە رۆیشتن بەرەو مۆسکۆ و دانیشتن لەگەڵ سەرۆکی حکوومەت پێویستە، بەرەوپێش چوو. هەرچەند کە گۆربەچۆف هێندێک هەنگاوی بۆ ئازادی هەڵگرت، بەڵام بابیۆف چالاکییەکانی لە رێگەی دانیشتنە نهێنییەکانی دەست پێکرد.



هەواڵنامەی کتێب

بە گرتنی هێندێک کۆبوونەوە لە نێو ئەو کوردانەدا کە لەساڵی ١٩٨٩ لە ئازەربایجان دەژیان دەستی پێکرد. دواتر بە نۆرە بۆ کوردەکانی تورکەمنستان، گۆرجستان، ئەرمەنستان، قرقیزستان، ئۆزبەکستان و قەزاقستان هێندێک کۆبوونەوەی پێکهێنا و ئەو خەباتە زۆرەملییەی بۆ کوردەکان شی کردەوە. دوکتور "سادقوف" یەکێک لە بەشدارانی ئەو کۆبوونەوانە کە لە ئاڵمائاتا بەڕێوە چوون دەڵێ: بابیۆف ئەو کۆبوونەوانە بە مەبەستی ڕێکخستنی کوردەکانی یەکیەتی سۆڤییەت بۆ چارەسەری کێشەکانیان بەڕێوە دەبرد. سادقۆف کە ئاماژە بە پەسەند کردنی هێندێک بابەت لە نێو ئەو کۆبوونەوانە دەکا، دەڵێ: گرینگترین پەسەندکراو ئەوە بوو کە ئەندامانی هەیئەتێک کە لە ساڵی ١٩٦١ بۆ مۆسکۆ چووبوون، لەگەڵ هەیئەتێکی بەرفراوانتر دیسان سەردانی مۆسکۆ بکەن و بارودۆخی کوردەکانی یەکیەتی سۆڤییەت بە ئاگاداری "گۆربەچۆف" سەرۆک کۆماری ئەوکات بگەیەنن.

### دیسان گرتنەبەری ڕێگەی مۆسکۆ

بەمجۆرە بۆ جارێکی دیکە نوێنەرانی کورد ڕێگەی مۆسکۆیان گرتەوەبەر. کۆمیتەی پێکهاتوو دوابەدوای بڕیاری ڕۆیشتن بۆ مۆسکۆ و داواکردنی چارەسەری لە بەرپرسانی دەوڵەت، لەسەر کات و چۆنیەتیی ڕۆیشتن بۆ مۆسکۆ هێندێک باسیان کرد. لە دوایین کۆبوونەوەیەک کە لە ناوەندی کلتووریی کوردەکان لە ئاڵمائاتا، کە لەساڵی ١٩٨٩ دامەزرابوو، پێکهات، بە سەرنجدان بە جێژنی ٩ی مەی ساڵرۆژی تێکشانی فاشیزمی ئاڵمان لە لایەن یەکیەتی سۆڤییەتەوە، بڕیار درا کە لە مانگی مەی بە پێکهێنانی هەیئەتێک کە بە لانیکەم لە هەر وڵاتێک، لە ناوچەکانی قەفقاز و ئاسیای ناوەڕاست کە کوردەکان لەوێ دەژین، پێنج کەس بەشدار بێ و بەرەو مۆسکۆ بڕۆن. کۆمیتە بەو بڕیارە کۆتایی بە کۆبوونەوەکانی هێنا و لە کۆبوونەوە نێوخۆییەکان خۆی بە سوور بوون لەسەر ئەوە کە "ئەگەر ئەمجار ڕێگە چارە پەیدا نەبێ، لە مۆسکۆ ناگەڕێینەوە" و هەروەها بە ئاگادار کردنەوەی کەسایەتییە کوردەکانی ئەو وڵاتانەی کە کوردی لێ دەژین ویستیان ئەو هەیئەتەی کە بۆ مۆسکۆ دەچێ ئامادە بکەن. "ڕەمەزان سەیدۆف" یەکێک لە بەشداربوونی دوایین کۆبوونەوەکە کە ئەو کات پێکهاتن، ئەو باسانەی کە کران و ئەو کارانەی کە لە کاتی چوون بۆ مۆسکۆ دەبێ ئەنجام بدرێن، دەڵێ: "هێندێک جار کۆبوونەوەکان زۆر ئاڵۆز دەبوون، ئێمە گەنجەکان کە زۆر ئاگاداری واقعییەتی پرسەکان وڵات نەبووین لەو بڕوایەدا بووین کە دەبێ بۆ جارێکی دیکە کوردستانی سوور زیندوو بکەینەوە. بەڵام بەشداربووانی بەتەمەن کە مێژووی کۆچ لە نیشتمانیان هەر لەبیر بوو لەو بڕوایەدا بوون کە وڵاتی ئێمە کوردستانە و دەبێ بۆ ئەو شەڕ بکەین. بەم هۆیە باسەکان ئاڵۆزتر دەبوون، چوون بۆ مۆسکۆ پەسند کرا. یەکێک لە گرینگترین بابەتەکان کە بە بڕیاری هاوبەش پەسند کرا ئەوە بوو کە: ئەو جارە بەدەستی بەتاڵی لە مۆسکۆ ناگەڕێینەوە. بڕیار درا کە بە میتینگ دەست بە چالاکی بکەن و تا پەیدا کردنی ڕێگەچارەیەک، چالاکییەکانیان درێژە پێ بدەن.

## ٣

### کوردەکان بەرەو مۆسکۆ دەچن

کوردەکان لە سەرەتای مانگی مەی لە کۆمارەکان وەڕێکەوتن و بەرەو مۆسکۆ ڕۆیشتن. «گلچک سەیدۆف» کە لەو ڕۆژانەدا لەگەڵ کوردەکانی قەزاقستان بۆ مۆسکۆ هاتبوو دەڵێ: «دەتگوت مۆسکۆ لە لایەن کوردەکانەوە دەستی بەسەردا گیرابوو». هەزاران کورد لە ڕووناکبیرەوە تا گوندی، لە شوانەوە تا پسپۆر، لە هونەرمەندەوە تا کرێکار بەرەو مۆسکۆ وەڕێکەوتن. «هوتێلی ڕووسیا» لە مۆسکۆ پڕ بوو لە کوردەکان، هەموو شوێنێک پڕ بوو لە کوردەکان. «بارزانی یوسفۆف» کە ئەوکات لەو نوێنەرانە بوو کە لە قرقیزستانەوە هاتبوو، دەڵێ: «تەواوی ئەو کوردانە کە دەبا هاتبان ڕۆژی ٥ی مەی هاتبوونە مۆسکۆ، بەڵام پێموانەبوو ئەو هەمووە کەسە دێن». یسفۆف دەڵێ: «کومیتەیەک کە لە محەممەد بابیۆف، عەلی عەبدولڕەمان، خاتوو سەیدۆف، دوکتور قنیاس میرزۆیۆف، وەلی مستەفا ئۆف، حوسێن نوبوو، ئەشخانە ئەسلان و ڕۆستەم برۆیۆف پێکهاتبوو، ویستیان لەگەڵ حکوومەت دانیشن بەڵام چوونکە حکوومەت قبووڵی نەکرد بڕیاریان دا کە ئەو چالاکییانەی کە پەسندیان کردبوو، دەست پێبکەن».

### یەکەمین میتینگی کوردەکان لە مۆسکۆ

کاتێک وڵامێک بە داواکاری کوردەکان نەدراوە، ئەو کوردانەی بەرەو مۆسکۆ ڕۆیشتبوون بە بەڕێوەبردنی میتینگێک هێزی خۆیان نیشاندا. پاش میتینگێک کە ڕۆژی ٧ی مەی بە بەشداری دوو هەزار کەس لە پارکی «سمائیل ئەفسکی» بەڕێوەچوو، دانیشتنەکان لەگەڵ حکوومەت دەستی پێکرد، کاتێک دانیشتنەکان بێ ئاکام مانەوە، ئەو کوردانەی کە چووبوونە مۆسکۆ دیسان چالاکییەکانی خۆیان دەست پێکردەوە. ئەوجار بە مانگرتن لە یەکێک لە ناوەندەکانی مۆسکۆ بە ناوی مەیدانی پوشکین درێژەیان بە چالاکی دا. لە پێنجەمین ڕۆژی مانگرتن، چالاکانی کورد لەگەڵ هێرشی پۆلیسی یەکیەتی سۆڤییەت ڕووبەڕوو بوونەوە. «گلچک عەبدوڵڵا» کە یەکێک لەو کوردانەیە کە ئەوکات لە قرقیزستانەوە بەرەو مۆسکۆ هاتبوو، هێرشەکانی بەمجۆرە باس دەکا: «ئێمە خۆمان لێرە بێگانە دەدی، بەڵام مادام ئێمە لە ساڵی ١٩٢٦ ئەو باروودۆخەمان قبوول نەکرد و شوێنێک بۆ ژیانی ئێمە تەرخان کراوە کەوایە دەبێ بۆ شوێنێک کە بۆ ئێمە دیاری کراوە خەبات بکەین. ئێمە هاتبووین تا بە دیموکراتترین شێواز مافەکانی خۆمان بستێنینەوە. کاتێک هیچ وڵامێکیان بە ئێمە نەداوە، بڕیارمان دا تا وەرگرتنی وڵامێک لە حکوومەت درێژە بە مانگرتن بدەین. هەزاران مرۆڤ بە بێ ئەوەی بۆ کەسێک گرفت درووست

بکەن، لەوێ دانیشتبوون، بەڵام پۆلیسی یەکیەتی سۆڤییەت ئەوەی لە ئێمە قبووڵ نەکرد و هێرشێکی دڕندانەی دەستپێکرد. ئێمە هیچ کردەوەیەکی توندوتیژمان ئەنجام نەدا، بەڵام ئەوان لە بەرامبەر ئێمەدا زۆر زاڵمانە جووڵانەوە. «بەریرە مووسا»ش کە یەکێک لەو نوێنەرانە بوو کە لە قەزاقستان هاتبوون، دەڵێ: «ژنانی رووس لە بەرامبەر هێرشی پۆلیس دا دڵیان بە ئێمە سووتاوە. کار لە کاران ترازابوو، چیدیکە نەدەکرا بەرەو دواوە گەڕاوە. هەروەک بڕیار درابوو، تا ڕێگەچارەیەک پەیدا نەبێ و بەرپرسانی حکوومەت بەڵێن نەدەن، هیچ کەس نەگەڕێتەوە. ئێمە هاتبووین تا چاومان بە سەرۆکی حکوومەت بکەوێ، بەڵام بە بێ دیتنی سەرۆکی حکوومەت یا راوێژکارەکانی و گرتنی بەڵێنییەک نەماندەتوانی لە مۆسکۆ بڕۆین و هەر واشمان کرد». لەو بەینەدا سەرەڕای هێرشەکانی پۆلیس، مانگرتنی هەزاران کەس لە مەیدانی پووشکین درێژە دەکێشێ.

لە هەشتەمین رۆژی مانگرتن یەکێک لە راوێژکارەکانی گۆرباچۆف بە ناوی «گاوریک پۆپۆف» داواکاری دانیشتنی هەیئەتێکی کوردی قبووڵ کرد. هەیئەتێک کە بە نوێنەرایەتی پۆپۆف بوو، پاش ئەوەی جارێکی دیکە گوێی لە داواکارییەکانی هەیئەتی کورد بوو، بۆچوونی فەرمی حکوومەتی راگەیاند. پۆپۆف بە هەیئەتی کورد دەڵێ کە لە ئێستادا لە نێوان ئەرمەنی و ئازەرییەکان شەڕیک لە ئارادایە و بۆ ئەوەی شەڕێکی دیکە دەست پێ نەکا و بۆ چارەسەری کوردستانی سوور، کۆمیسیۆنێک پێکدەهێنن. هەروەها دەڵێ کە لە رۆژانی داهاتوودا لەگەڵ هەیئەتی کوردی بۆ لاچین دەڕۆن و لە پێوەندی لەگەڵ بارودۆخەکە لێکۆڵینەوە دەکەن و بۆ چارەسەرپرسەکە بڕیار دەدەن. کوردەکان خۆشحاڵ لە سەرکەوتنی بەدەستهاتوو لە خەباتەکەیان، «کرێملین»یان جێهێشت.

کومیتە سەرەتا بە باسکردن لەنێو خۆیاندا و دواتر بە باسکردن لەنێو مانگرتووان بەو ئاکامە دەگەن کە جگە لە چاوەڕوان کردن ڕێگەیەک نییە و بەمجۆرە مۆسکۆ جێدێڵن.

### چاوەڕوانی بوو بە چارەنووس

کوردەکان پاش بەڵێنییەکانی پۆپۆف لە ڕێکەوتی ۱۹ی مەی ۱۹۸۹ بۆ پێکهێنانی کومیتەیەک لەپێناو چارەسەری پرسەکە بۆ ماڵەکانی خۆیان دەگەڕێنەوە و چاوەڕوان دەکەن. کاتێک ئەو چاوەڕوانییە بە ئاکام نەگەیشت و هێندێک جموجۆڵ لەنێو گەلانی یەکیەتی سۆڤییەت درووست بوو و هەروەها بەدوای ئەو هێرشانەی کە لە قرقیزستان، تورکەمەنستان، ئازەربایجان و ئوزبەکستان بۆسەر کوردەکان ئەنجام درا، کوردەکان دیسان ڕێگەی مۆسکۆیان گرتەبەر. حوسێن نوبوو دەڵێ لە ساڵی ۱۹۹۱ بۆ جارێکی دیکە ناچار بوون بۆ مۆسکۆ بێن. سەبارەت بەو رۆژانە دەڵێ: «دوا جار کە هاتین هیچ ئومێدێکمان

نەبوو، چونکە یەکێتی سۆڤییەت خەریک بوو تێکدەڕووخا و گۆرباچۆف بۆ پێشگرتن لە تێکشکانی هەوڵی دەدا. ئێمە سەرڕای ئەوەی کە دەمانزانی ناتوانین گۆرباچۆف ببینین هاتینە مۆسکۆ. ئەوجار تەنانەت نەماندەتوانی چاومان بە پۆپۆفیش بکەوێ. هەر چۆن هاتبووین، هەر ئاواش گەڕاینەوە. ئیدی تەنیا شتێک کە بۆمان مابۆوە، مافی پێکهێنانی دامەزراوەکانی ئۆتۆنۆمی کلتووری بوو! لە هێندێک شوێن، بۆ نموونە لە قەزاقستان، ئەو دامەزراوانەی کە هەیە بپارێزین و بەهێزیان بکەین و لە شوێنێک کە دامەزراوەمان نییە چەند دامەزراوەیەک پێکبێنین. ماوەیەک دواتر یەکیەتی سۆفییەت رووخا. زۆرێک لە نەتەوەکان بەشی خۆیان لەو رووخانە بە شێوەی پێکهێنانی وڵاتیکی سەربەخۆ لەو ناوچانەی کە لێێ نیشتەجێن بە دەست هێنا. بەشی ئێمەش ئەوە بوو کە بە جێگەی کوردستانی سوور کە سەرەڕای ئەو هەموو هەوڵە نەمانتوانی دایبمەزرێنین، بە مافی ئۆتۆنۆمی کلتووری گەیشتین. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەوانە ئێمە لە خەباتەکەماندا لەسەر هەق بووین. ئەگەر ئەمڕۆکە دەرفەت بڕەخسێ، دیسان خەبات بەڕێوە دەبەین.

سەرچاوە: سید محمد اورنی، گۆڤاری رۆژەف - ژمارەکانی ١١ و ١٢ و ١٣ - بەهار، هاوین و پاییزی ١٣٨٨

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٩ی فێبریوێری ٢٠١٢

------------------------------------------

هەواڵنامەی کتێب

# بۆچی ستالین کۆتایی بەکۆماری "کوردستانی سور" هێنا؟



دکتۆر محەمەد ئەحمەد برازی

وەرگێران: لوقمان حاجی قادر

هەرزانامەی کتێب

بۆ ستالین لە کورد تورە بوو، بۆچی ساڵی ١٩٢٩ کۆتایی بە کۆماری کوردستانی سور لەناگۆڕنی کەڕاباغ هێنا، کە لینین لە ساڵی ١٩٢٣ دروست کردبوو، بۆچی لە زستانێکی بەستەڵەکدا و لەبیابانەکانی کازخستان و ئۆباکستان و قیرغیستان و تورکمانستان، بەزۆرەملێ کۆچی پێکردن و پەرتوبڵاوی کردن؟

لەدوای ڕێککەوتننامەی سایکس - بیکۆی نهێنی، کە بەریتانیا و فەرەنسا و ڕوسیای قەیسەری بەشدارییان تێدا کرد بۆ دابەشکردنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە نێوان خۆیاندا، کوردستان کرایە ٥ پارچە و هەر چارچەیەکیش بە دەوڵەتێکەوە لکێندرا، سوریا، عێراق، تورکیا، ئێران (کە لە ساڵی ١٥١٤ وە بەشی ڕۆژهەڵاتی لە بندەستدا بوو).

لە ساڵی ١٩١٧ شۆڕشی بەلشەفی لە ڕوسیا لەسەر دەستی لینین هەڵگیرسا، کە ڕێککەوتننامەی سایکس - بیکۆی ئاشکراکرد، بەمەش ڕوسیا زۆرینەی بەشی خۆی لە کوردستانی باکوور لەدەستدا و بەشەکەشی خرایەسەر تورکیا، بەشێکی کەم لەبندەستی یەکێتی سۆڤیەتدا مایەوە، کە یەکێتی سۆڤیەت لە ڕقی ڕێککەوتننامەی لۆزان، ئۆتۆنۆمی بەو بەشە بچووکەی کوردستان (کوردستانی سور) بەخشیو غۆسین غاجییێف (حسین عاجییف) بە سەرۆکی ئەو بەشەی کوردستان هەڵبژێردرا، کە پایتەختەکەی (لاتچین) بوو، شارەکانی کیلباجان و کۆبتلی و زانغلان و جیلابسکی لە خۆ گرتبوو.

کوردەکان بە دڵخۆشی و سەماکردنەوە پێشوازییان لەدامەزراندنی کوردستانی سور کرد، بەڵام لە دوای کۆچی دوای لینین و هاتنەسەرکاری ستالین، فەرمانڕەوا تورکەکان تەماحی نەوتییان خستە بەردەم ستالین، بۆیە ستالین وردە وردە بۆی داشکاندن، تا ئەو کاتەی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران هەڵگیرسا، بۆیە ئەتاتورک خۆی هاویشتە باوەشی ستالین و داواشی لێکرد کوردستانی سور لەناوبەرێت، چونکە کوردەکانی تورکیا بەپشتئەستوری کوردستانی سور شەڕێکی بێهودەیان دژ بەتورکەکان دەستپێکردووە و ئامانجیشیان سەربەخۆیی کوردستانە.

ستالین بەدەم داواکەیانەوە هات، بەڵام بە چەند مەرجێک، کە لە جوغزی بیرۆکەی شیوعیەتدا دەخولانەوە.

ئەوکات ستالین لە کوردەکان تورە بوو، لە پاساوێک دەگەڕا بۆ لەناوبردنی کۆمارەکەیان، یەکێتی سۆڤیەت لە دامرکاندنەوەی ئاگری شۆڕشی ئاگریداغ- یش بەشدرا بوو، کە بە ڕابەرایەتی نورەدین پاشا هەڵگیرسا، لە ساڵی ١٩٣٠ بە ڕێککەوتننامەیەکی سێقۆڵی نێوان (یەکێتی سۆڤیەت و ئێران و تورکیا) لەناویان برد.

حکومەتە شیوعییەکەی سۆڤیەت بەڵێنی دا بە یەکجاری کوردستانی سور لەناوبەرێت، لە هەمان ساڵی دامرکاندنەوەی شۆڕشەکەی ئاگریداغ، کۆتایی بە کۆماری کوردستانی سور هێنا و بەسەر دەوڵەتەکانی یەکێتی سۆڤێتی وەک ئۆکرانیا و مۆڵداڤیا و قرقیزیا و ئۆزباکستان و تاجیکستان و تورکمانستان و کازاخستان پەرشوبڵاوی کردن.

لە ماوەی شەڕی دووەمی جیهانی و بە دیاریکراوی لە ساڵی ١٩٤٤ دا، دووبارە سۆڤیەتییەکان بەزۆرەملێ کوردەکانیان کۆچپێکرد بۆ جۆرجیا و ئەرمینیا و بیابانی کازاخستان و ئۆزباکستان و قیرقیزستان و تورکمانستان، ئەمجارەیان بە پاساوی (ئاری) بوونی کوردەکان ئەوەیان کرد، کە هەمان نەژادی ئەڵمانەکانە، سەرباری ئەوەی چەندەها گەنجی کورد لە بەرەکانی شەڕی دژ بە نازییەکان شەڕیان دەکرد.

لە هەمان کاتیشدا تورکەکان هاوپەیمانی نازییەکان بوون، بۆیە هێشتا ڕوون نییە بۆچی ستالین لە کوردەکان تورە بوو و بە زۆرەملێ و لە زستانێکی سارددا، کۆچپێکردن، کوردەکان دەڵێن: ئەو کۆچکردنەیان بیرناچێتەوە کە چەندەها لە ڕۆڵەکانیان لە فارگۆنی شەمەنەفەرەکاندا لێ مردن و ئێستاش نازانن گۆڕەکانیان لە کوێن تا تاجەگوڵینەیەکیان لەسەر دابنێن.

نادر کریموڤیچی - ئەکادیمیست دەڵێت: یەکەم کۆچکردن لە ساڵی ١٩٣٧ دەستی پێکرد، لەگەڵ ئاژەڵان خستیانیینە ناو



هەواڵنامەی کتێب

فارگۆنی شەمەنەفەرە، ئاوهەوا زۆر سارد بوو، منداڵان لە برسان لاکەیان دەهات، کەسێک نەبوو هاریکارمان بێت، شەمەنەفەرەکە بۆ ماوەی ٢٠ ڕۆژ بەڕێوەبوو، منداڵ و پیرو پەککەوتووەکانیشمان لەگەڵ بوون، لە وێستگەی شەمەنەفەرەکان دەمانناشتن، چونکە هیچمان پێ نەبوو زەوی پێ هەڵکەنین، ناچار لاشەکانمان دەخستنە ژێر بەفرەوە. کاتێک گەیشتینە کازاخستان چەند خێمەیەکیان پێداین، کە بەهاریش هات دەستمان کرد بە دروستکردنی خانووی قوڕین و تیایدا نیشتەجێ بووین.

دەزگای هەواڵگری سۆڤێت ناوی کەی - جی - بی بوو، شەو بە ئۆتۆمبیلێکی سەربازی دوو ئەندامیان هاتنە لامان، وتیان کێ تەمەنی ٢٠ ساڵە پێمان بڵێت تا لە دەزگاکانی دەوڵەت دایمەزرێنین، هەندێکیان وتیان کە تەمەنیان ٢٠ ساڵە، هەبوو تەمەنی لەوەش کەمتر بوو وتی: ٢٠ ساڵم تا کاری دەستکەوێت، بردیانن و تا ئەمڕۆش لەگەڵ بێت نەگەڕانەوە، برایەکم و مامم و زۆر لە خزمەکانم لەو پێرە بوون، کە بردیانن، کە یەکێتی سۆڤێت هەرەسیهێنا، لە ئەرشیفدا بە دوای چارەنووسی ئەواندا گەڕاین، پێیانوتین لە شاری شکیمنت لە باشووری کازاخستان نێژراون، ئێستا لەو شوێنە مۆزەخانەیەکیان دروست کردووە، سوێند بەخوا ستالین و سەدام هیچ جیاوازییەکیان نەبوو، هەردووکیان بە کۆمەڵ کوردەکانیان زیندەبەچاڵ کردن، ئەو وتی شیوعییەکان ئاوا مامەڵەیان لەگەڵ کردین.

هەواڵنامەی کتێب

محەمەد سلو باییێف نووسیوویەتی: (کنیار بدر بیک) کە دەرچووی کۆلێژی لینینگراد بوو، چەند نامەیەکی بۆ سەرکردە شیوعییەکان نووسی و داوای لێکردن کوردستانی سور زیندوو بکەنەوە، سەرکردایەتی شیوعییەکان ئەو نامانەیان فەرامۆش کردن، دواتر کنیار بەدر بیک بە خۆیی و خێزانەکەیەوە کۆچی کرد بۆ تورکیا.

باییێف دەشڵێت: من بەڕێوەبەری لقێیک کشتوکاڵی ناوچەی (ماسیس) ی ئەرمینیا بووم، لە ساڵی ١٩٦٩ منیان بۆ پۆستێیک باڵا بەربژێر کرد، چونکە زمانی ڕوسی و ئەرمەنی و ئازەربایجانی و کوردیم دەزانی، بەرپرسە حیزبییەکەی ناوچەکە پێیوتم: من شایستەی ئەو پۆستەم، بەڵام چونکە ئازەربایجانی یان ئەرمەنی نیت و کوردی، ڕێگەت پێنادرێت ئەو پۆستە باڵایە بگریەدەست.

هەروەها دەڵێت: ڕووم کردە چیاکان و بە گریانەوە بۆ چەند کاتژمێرێک دەستم کرد بە هاوارکردن، شیوعییەکان ئاوا مامەڵەیان لەگەڵ دەکردین.

زاهیر عەفدی سادیکۆڤ ئەوەش دەڵێت: نامەوێت ئەو شتانەم بیربێتەوە، بەڵام دەمەوێت بڵێم کە لە ساڵی ١٩٨٠ لە مۆسکۆ

ئۆڵمپیاد سازکرا، بڕیارماندا بچین بۆ تەماشاکردنی یارییەکانی ئۆڵمپیاد، چوار ڕۆژ پێش گەشتکردنمان، بەڕێوەبەری گشتی کۆمپانیاکە کۆیکردینەوە و وتی نامەوێت کەستان بێزار بکەم، بەڵام هەتانە ناتوانێت ئامادەی ئەو یاریانە بێت، ئەو نووسراوێکی لە باخەڵ دەرهێنا و وتی ئەمە بڕیاری مۆسکۆیە کە: پێش هەفتەیەک لە دەستپێکردنی یارییەکانی ئۆڵمپیاتی مۆسکۆ، ڕێگە نادرێت کوردەکان و قرباتەکان (دۆمەکان) بچنە ناو شاری مۆسکۆوە، وتی من لە شوێنی خۆم وشک بووم، چونکە ئێمەیان بە قرباتەکان چوواند، لە کاتێکدا من جێگری بەڕێوەبەری گشتی بووم.

سادیکۆڤ بەردەوام بێت و دەڵێت: من چوومەوە نووسینگەکەم و بۆ چەند کاتژمێرێک گریام، بەڵام چارەیەک نەبوو، ئەمە چارەنووسمان بوو کە لە هەر شوێنێک بین ستەملێکراو بین.

عەزیز زیاد بەدرخان عالییێڤ دەڵێت کە لە ساڵی ١٩٤٤ باوکم لە بەرەی جەنگی دژی نازییەکان بوو، حکومەتە شیوعییەکەی ستالینیش خێزانەکەمیان بە زۆرەملێ بۆ ناوەڕاستی ئاسیا دوورخستبۆوە، ستالین ئاوا دژایەتی دەکردین، ئێوە خۆتان وێنای بکەن کە باوک لە بەرەی جەنگ بێت و بەرگری لە حکومەتەکەی ستالین بکات، خێزانەکەشی لە زێید باوباپیرانی خۆیان دەرکرابن.

زۆرینەی کوردەکانی کازاخستان و قرقیزیا، لە بنەچەدا لە چیاکانی قەفقاس و ئەرمینیا و کوردستانی سورەوە هاتبوون کە شیوعییە ستالینییەکان بە زۆرەملێ دوویان خستبوونەوە لە و ناوچەکانی تراز و گوندەوارەکەی و شمکینت و گوندەوارەکەی، ئەلماتا و گوندەوارەکەی و کسکیلین و ئیسک و زریا و فاستوکە و جانا ترمز و کمسمولسکایا و عەشقی بولاک و تولکی کورغانی و شوێنی دیکەی کازاخستان نیشتەجێیان کردبوون.

دوای هەرەسهێنانی یەکیەتی سۆڤیەت، ئەمانە بوونە چەند دەوڵەتێکی سەربەخۆ کە هەر یەکەیان سیاسەتێکی تایبەت بە خۆی پەیڕەو دەکرد. کازاخستان لە ڕووی ڕووبەرەوە حەوتەمین دەوڵەتی جیهانە، ١٦ ملیۆن کەسی تێدا نیشتەجێیە لە ١٢٠ نەتەوەی جیاواز.

لە ساڵی ١٩٩٢ سەندیکاکان لە کازاخستان دامەزران، سەندیکای کوردیش بە ناونیشانی (یەکبوون) لە ساڵی ١٩٩٣ دامەزرا، عەزیز زیاد بەدرخان عەلییێڤ یەکەم سەرۆکی سەندیکاکە بوو تا ساڵی ١٩٩٥ و ئەویش دامەزرێنەری بوو، ئینجا هەریەک لە بەدر موسا( ١٩٩٥ - ١٩٩٧)، پرۆفیسۆر کنیار ئیبراهیم میزاییێڤ (١٩٩٧)، ئەکادیمک نادیر کریموڤیچ نادیرۆڤ (١٩٩٧ - ٢٠٠٣)، کنیار ئیبراهیم میزاییڤ لە ٢٠٠٣ وە بۆ ئەمڕۆ.

سەندیکاکە چەند لقێکی هەبوو کە تایبەت بوون بە فۆلکلۆر و مۆسیقا و کەلتور و هەڵپەڕکێ، لە چەندەها چالاکیدا پلەی باڵایان بەدەست دێنا، بەشی لێکۆڵینەوەی زمانی کوردیش کرایەوە و مامۆستاکانی چەندەها خەڵاتی فەخرییان بەدەستهێنا،

پەرتووکی قوتابخانەکان بە زمانی کوردی لاتینی چاپکران، ئێستا کوردەکانی ئەوێ ئاهەنگی نەورۆز دەگێڕن و لە بۆنە و جەژنەکانی کازاخستاندا بەشداری دەکەن، ڕۆژنامەیەکیان هەیە بە ناوی (ژینا کورد) و گۆڤاری (نوبار) دەردەکەن، لەسەر ئەنتەرنێت پێگەییان نییە و پەیامنێری تایبەت بە خۆیان نییە.

## هۆزە کوردییەکانی کازاخستان

هۆزی بروکە کە دەبێت بە دوو بەشەوە: یەکەم (بشکە) کە زۆرینەیان خوێندەوار و خاوەن بڕوانامەی بەرز و باڵان وەک ئەکادیمیک نادر کریموڤیچ کە زانایەکی گەوەری بواری نەوتە و زۆر خەڵاتی جیهانی بەدەستهێناوە وەک خەڵاتی ناپلیۆن، هەروەها حرمەت و کەسانی دیکەش. دووەم (قرکە) کە زۆرینەیان نەخوێندەوارن و کەسانی دیاریان لێ هەڵنەکەوتووە و پێشیان دەڵێن کوردەکانی قەوقاز. هەروەها هۆزی دیکەش وەک جەلالیە، مرتفە، میلیە، ئێزدییەکان.

زۆرینەیان دەڵێن کە داب و نەریتی کوردییان بیرنەچۆتەوە، زۆرینەی ژنەکانیان نەخوێندەوارن و تەنها کەمینەیەکیان خوێندنیان تەواو کردووە، ئەوان لە تەمەنێکی بچوکدا شوو دەکەن، بۆیە خوێندن تەواو ناکەن.
جلوبەرگی ژنە کوردەکانی کازاخستان دوو جۆرە: گەنجەکان کە جلوبەرگی شارستانی لەبەر دەکەن، پیرەکان سەرپۆشی لەسەر دەکەن کە بە زیو ڕوپۆشکراوە وەک کوردەکانی سوریا بە تایبەتیش ناوچەی کۆبانێ کە هەمان جلوبەرگ لەبەر دەکەن.

کوردەکانی کازاخستان زوو هاوسەرگیری دەکەن؛ لە تەمەنی ١٨ یان ٢٠ساڵیدا، زۆرنەی هاوسەرگیرییەکان بە ڕەزامەندی باوانە و بە زۆری ژن و ژنخوازی لە نێوان خزم و کەس و کاردایە، لە سەردەمی شیوعییەکانیشدا ئەو جۆرە ژن و ژنخوازییە قەدەغە بوو.
کوردەکانی کازاخستان ژمارەیان ١٠٠ هەزار کەسە، کوڕیان خۆشتر دەوێت لە کچ، لە بوارەکانی بازرگانی و تەندەر هی دیکەش کار دەکەن وەک مامۆستایی و شوانەکارەیی،چەندەها ئەدیب و شاعیریان هەیە وەک حەسەن حاجی سلێمان کە شاعیر و نووسەر و سەرنووسی ڕۆژنامەی (ژینا کورد)ە، هەروەها مەجید سلێمان کە شاعیرە و خاوەن هۆنراوەی (وڵاتی مە کوردستانە، جێی مەسکەنێ مە کوردانە). کنیاز ئیبراهیم نووسەرە، نادر کریموڤیچ نادیرۆڤ نووسەری پەرتووکی (ئێمەی کوردی کازاخستان) ە. عەلی عەبدوڕەحمان کە نووسەر و ڕەخنەگر و شاعیرە و چەندەها دانراوی هەن. ئەوان خاوەنی سەندیکای دۆستایەتی (کوردستان - کازاخستان) ین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی شارپرێس - ڕێکەوتی ٢٥ی ئەپریلی ٢٠٢٠

## کوردستانی سور (کوردستانا سۆر)؛ ئەنفالێکی بزر و لەبیرکراوی کورد




**سۆران حەمەڕەش**

من لای خۆمەوە زۆرتر لە هەوڵدام کە لایەنە ئەرێنیەکانی مێژووی کورد بخەمە ڕوو، بەڵام گەر مرۆڤ خۆی لە فەرهەنگ و مێژووی کورد بدات ئەوا مەحاڵە بتوانێت لەسەر ئەو ڕێچکەیە بمێنێت و ڕێی نەکەوێتە جیهانێکی پڕ لە نەهامەتی. زۆر جار بۆ من لێکۆڵینەوە لە فەرهەنگ و زمان و مێژووی کورد پرۆسەیەکی هێندە زیندووە و کاریگەریی هەیە لەسەرم، هەندێک بابەتی ناو کتێب هەیە سەبارەت بە کارەساتەکان کە پێشتر خوێندوومنەتەوە، ناتوانم جارێکی تر بیانخوێنمەوە.

بۆ نموونە زۆر جار بۆ دەسخستنی زانیاری و ووردبوونەوە لە قۆناغێکی کوردستان، گەڕاومەتەوە بۆ کتێبەکەی ئەولیا چەلەبی سەبارەت بە گەشتەکەی بۆ کوردستان، بەڵام کە دەگاتە بەشی تاڵانکردنی کتێبخانەی ماڵی میر عەبداڵخانی زانای نایابی کورد و چۆنێتی تاڵانکردن و مامەڵەکردنی سەربازە تورکەکان بە کتێبەکانەوە، ئەو کتێبانەی کە ژمارەیەکی باشیان خۆی نووسیبوونی و وەک بنەماڵەی شەرەفخانی بدلیسی، کتێبەکانی ئەو میرە کوردە کە هەمووی بزر بوون، بە دڵنیایی پڕبوون لە زانیاری سەبارەت بە کورد، بۆیە ئەو بەشە هێندە بۆ من پڕ لە ئازارە، بە پەلە دەیپەڕێنم و ناتوانم بیخوێنمەوە. بەڵام ئەو خۆگێلکردنەی من زۆر بێ مانایە لە کاتێکدا کە مێژووی کورد پڕە لە ئازار و نادادوەریەکان زۆر لە تاڵانی ئەو کتێبخانەیە گەورەترن، بۆیە دەبێت ئەو ئازارانە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت و جارێکی تر مانا بە نەهامەتیەکان بدرێن.

یەکێک لەو بابەتە پڕ دەردەسەریانە، بەسەرهاتی کوردستانی سور (کوردستانا سۆر) ە. چیرۆکی دامەزراندنی ئەم هەرێمە کوردیە هەتا ئەم کاتەی کە من ئەم بابەتە دەنووسم، برینەکانی تەڕن و ئاکامەکانی لەسەر کوردی ئەو ناوچەیەوە زیندوون. هەر دوابەدوای دامەزراندنی یەکێتی سۆڤیت، هەردوو ناوچەی کوردنشینی جوانشێر کە پایتەختەکەی کێلباژار بوو و ناوچەی زەنگەزور کە پایتەختەکەی شاری لاچین بوو، یەکی گرت و بە فەرمی کرانە کوردستان و بە ناوی (کوردستانا سور) ناودەهێنران. کوردستانی سور هەرێمێکی ئۆتۆنۆمی نیمچە سەربەخۆ بوو کە لە ساڵی ١٩٢٠ دا دامەزرا. ئەو هەرێمە نزیکی ٥٢٠٠ کیلۆمەتر چوارگۆشە بوو و لاچین پایتەختەکەی بوو و هەرێمەکە حکومەتێکی ناوخۆیی هەبوو کە لە سایەیدا فەرهەنگ و زمانی کوردی جۆرێک لە بوژانەوەی بە خۆیەوە بینی و کوردەکان قوتابخانەیان بە کوردی دامەزراند و تێیدا کتێبی خوێندن و دەزگاکانی میدیاش بە زمانی کوردی بوون.

دانانی ئەو ناوچەیە بە کوردستان هەر لە خۆیەوە نەبوو، لە ڕابردوودا ئازەربایجان وڵاتی کورد بووە و لە وتارەکانی پێشوومدا ئەم بابەتەم باسکردووە. بە کورتی ناوی ئازەربایجان بە ناوی پاتشای میدی (ئاتەرپاس) ەوە دانراوە و کراوەتە (ئاتەرپاسیان) و کە بە زمانی کوردی ئەمڕۆ و زمانی میدی، مانای (وڵاتی ئاگر پارێز) دەدات و دوایی عەرەب و فارسەکان ناوەکەیان گۆڕیوە بە ناوی بێ مانای (ئازەربایجان).

پێش ئاتەرپاس یش نزیکی سێ هەزار ساڵ لەمەوبەر یەکێک لە پاشاکانی ئەو ناوچەیە ناوی "ئازا" بووە کە لە فەرهەنگی زمانی دێریندا هەر مانای (ئازا) ی کورد دەدات. تەنانەت لە دوای هاتنی ئیسلامیش، دوو دەوڵەتی گرنگی کوردی لەو ناوچانەدا حوکمڕان بوون بە ناوی شەدادی (٩٥١ز - ١١٧٤ز) و ڕەوەندی - ڕەوادی (٩٥٥ز - ١٢٢١ز) و ئەو ناوچانە درێژکراوەی خاک و وڵاتی کورد بوون و کەسایەتیە کوردەکانی وەک سەلاحەدینی ئەیوبی (١١٣٧ز - ١١٩٣ ز)، سەفیەدینی ورمێیی مۆسیقاناس (١٢١٦ز - ١٢٩٤ ز)، نیزامی گەنجەوی (١١٤١ز - ١٢٠٩ ز) شاعیر و فەیلەسوف و مەسعود نامدار (سەدەی دوانزەی زاین) ی مێژوونوس کە کارەکانی هەتاوەکو ئەمڕۆ بۆ نووسینی مێژووی ئەو ناوچەیە سوودی لێ وەردەگیرێت، هەموویان خەڵکی ئەو ناوچانەی کوردستان بوون. لە سەردەمی نوێشدا کوردستان بە گشتی لەو ناوچانەدا بە دەیان کەسایەتی گرنگی وەک عەرەبی شەمۆ، قاسمی جەلیل، میخایل ڕەشید، عەتاری سەرۆ، یوسفی باکۆ، قاچاخی موراد، وەزیری نادری، ئەمینی عەڤداڵ، حاجیێ جوندی، سێمێنت سیابەند کە پاڵەوانێکی یەکێتی سۆڤیەت بووە، دەرکەوتوون و ناوچەکە چەندین کەسایەتی تری هێناوەتە ئاراوە. تەنانەت یەکێک لە کچە گۆرانی بێژە بەناوبانگەکانی وڵاتی ڕوسیا، کە ناوی زارا- یە، کوردێکی ئێزدی خەڵکی ئەو ناوچانەی کوردستانە.

وەک هەوڵێک بۆ تواندنەوەی کورد، هەرێمی کوردستانی سور لە ساڵی ١٩٢٩ دا کۆتایی پێهێنرا و کۆتایی پێهێنانی ئەو

هەرێمە کوردستانیە، بەشێک بوو لە گۆڕانکاریەکی گەورە کە یەکێتی سۆڤێت بە خۆیەوە دەبینی و لەگەڵ بەهێزبوونی دەسەڵاتی ستالیندا ڕووی ناشرینی گۆڕانکاریەکان دەردەکەوتن.

بۆیە ساڵی ١٩٢٩ تەنها ساڵی کۆتایی ئەو هەرێمە کوردستانیە نەبوو، بەڵکو سەرەتایەک بوو بۆ ئەنفالێکی نوێ کە هەتاوەکو ئەمڕۆ برینەکەی تەڕە. سەرەتا دەوڵەتی ئازەربایجان، کوردستانی سور- ی لە ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمیەوە کردە تەنها ناوچەیەک. هەندێک سەرچاوە دەڵێت هۆکاری هەڵوەشاندنەوەی ئەو دەوڵەتە بۆ ئەوە بوو کە ستالین دەیویست پەیوەندیەکی باش لەگەڵ تورکە ئازەریەکانی سۆڤێت و دەوڵەتی تورکیادا ڕابگرێت کە هەمیشە لە هەوڵی لەناوبردنی کورد و تواندنەوەیاندا بوون.

لە ساڵی ١٩٣٧ دا مافی ناوچەشیان لە کوردستانی سور وەرگرتەوە و بەشێکی زۆری کوردەکان لە ژێر ناوی "دوژمنی گەل" دا، لەبەر ئەوەی کە خاوەن زەوی و زار بوون، ڕاگوێزران بۆ بەشی جیاوازی یەکێتی سۆڤێتی جاران و لە وڵاتەکانی وەک تورکمانستان و قیرقستان و بەشە تورکیەکەی ئازەربایجاندا بڵاوکرانەوە. لە ساڵی ١٩٤٤ دا دیسان ڕاگوێزانی کورد دەستپێکردەوە و بەشێکی زۆر لە کوردەکان لە هاوڵاتی سۆڤێتیەوە کرانە ئازەری. لە پرۆسەی ڕاگوێزاندا پیاوەکان دەبرانە شوێنی تایبەتی نهێنی و دوایی ژن و منداڵان دەبرانە شوینی جیاواز. ڕاگوێزانی کورد هەتاوەکو ساڵانی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو بەردەوام بوو. هەرچەندە لە شەستەکانەوە ڕاگوێزانی کورد بۆ ماوەیەک ڕاگیرا، بەڵام هەوڵی تواندنەوەی کورد بەردەوام بوو و لە ساڵی ١٩٦٠ دا دوایەمین ناوەندی فەرهەنگی کوردی لە شاری باکۆی پایتەختی ئازەربایجان، داخرا.

لە ساڵی ١٩٨٨ دا ڕاگوێزانی کورد دەستپێپکردەوە و کاتێک کە جەنگی ناگورنو- قەرەباخ لە نێوان ئەرمینیا و ئازەربایجاندا دەستپێپکرد، ئەو جەنگە لە ناو ماڵی کورد دا بەرپا بوو و ئاکامەکەی ڕاگوێزانی نزیکی ١٥٠٠٠٠ کورد و چۆڵکردنی ناوچەکە بوو لە کورد. لە هەمان کاتدا کوردە موسوڵمانەکانی ئەرمینیا کە لە سەر خاکی باوباپیرانیان دەژیان، ڕاگوێزران. هەمیشە هەردوو دەوڵەتی ئەرمینیا و ئازەربایجان، ئاین جیاوازی کوردیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکارهێناوە و ئاکامەکەی نەهامەتی زیاتری کورد بووە و بەو جۆرە هەتاوەکو ساڵی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو، ڕاگوێزانی کورد بەردەوام بووە و تاوانکردن بەرامبەر بە کورد هەتاوەکو ئەمڕۆ بەردەوامی هەیە.

زۆر جار بیردەکەمەوە، ئاخۆ کێ هێندەی کوردەکانی ئازەربایجان و دەڤەرەکە بە گشتی هەستیان بە هەتیوی و بێکەسی کردبێت لەبەر ئەوەی کە لە سەرهەڵدانی کێشەکاندا تورکە ئازەریەکان دەوڵەتی ئازەربایجانیان لە پشتەوە بووە و ئەرمینیەکان دەوڵەتی ئەرمینیا و ڕوسیان لە پشتەوە بووە و تانەنەت لە کاتی ڕوودانی ئەنفالدا لە باشوری کوردستان،

کوردانی بەشەکانی تری کوردستان هاوخەمیان نیشان داوە و کوردی باشور هەستی کردووە کە تا ڕادەیەک تەنها نیە، بەڵام ئەوان هەمووجار کە تووشی نەهامەتی و ڕاگوێزان هاتوون، لەم گەردوونەدا پەنایەک نەبووە کە دڵدەیان بدات و کەمێک لە ئازارەکانیان کەمبکاتەوە و تەنانەت کورد خۆشی لە بەشەکانی تری کوردستاندا ئاگاداری ئازارەکانی ئەو خەڵکە نەبووە. بۆیە کوردەکانی کوردستانی سور، دوو جار هەتیو کەوتوون.

مێژووی کوردەکانی کوردستانی سور، مێژووی ڕاگوێزان و توانەوەی فەرهەنگی کوردە و پڕە لە دەردەسەری. کوردی هاوڵاتی و لەدایکبووی کوردستانی سور، نیزامەدین ڕەزاییف لە وتارێکدا لە ژێر ناونیشانی (چیرۆکێکی غەمگینی تر- کوردستانی سور) کە لە ساڵی ٢٠٠٦ دا بڵاوکراوەتەوە، باس لەو نەهامەتیانە دەکات کە کوردانی کوردستانی سور و خەڵکەکەی تووشی بوون و پرۆسەی ڕاگوێزان و هەوڵی تواندنەوەی خەڵکەکە دەخاتە ڕوو.

نیزامەدین کە لە ٢٠٠٦ دا وتارەکەی بڵاوکردۆتەوە، دەڵێت هەتاوەکو ساڵی ٢٠٠٦ بەشێکی زۆر لە کوردەکان کە بەهۆی جەنگی نێوان ئەرمینیا و ئازەربایجانەوە لە ناوچەکانیان دەرکرابوون و لە ناو کەمپی ئاوارەدا ژیاون و چاوەڕوانی چارەسەری کێشەی نێوان ئەرمینیا و ئازەربایجان بوون بۆ ئەوەی کە بتوانن بگەڕێنەوە سەر خاکی باوباپیرانیان. دیارە هەتاوەکو ئەم ساتە کە منیش ئەم بابەتە دەنووسم، کورد لەسەر خاکی خۆیدا ئاوارەی کەمپە و وەک بێگانە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت.

ئەمەی کە لێرەدا خرایە ڕوو، سەرەتا و ئەلفوبێی زانیاریە لەسەر کوردستانی سور و دەبوو کورد ئەمڕۆ دەیان لێکۆڵینەوەی زانستی لەسەر کوردەکانی ئەو ناوچانە ئەنجام بدایە و لاوانمان بەو ئەنفالە لەبیرکراوە ئاشنا بکرانەیە لەبری ئەوەی کە لە ژێر کاریگەری تلیاکی میدیای عەرەبی و تورکیدا بنێردرێن لە سەنگەری دژە کورد دا بجەنگێن و خوشک و برا کوردەکانیان بکوژن. دەبوو هەوڵ بدرایە هیچ نەبێت هەر تۆزێک مانایەک بەو نەهامەتی و دەردەسەریە بدرایە کە کورد لەو ناوچانەدا تووشی هاتوون و ئاوڕێکمان لە ئازەرەکانی کوردە هەتیوەکانی کوردستانی سور بدایەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی مێژووی کورد - ڕێکەوتی: ٨ی دیسەمبەری ٢٠١٨

-----------------------------------------

# کۆماری کوردستانی سور



لەتیف فاتیح فەرەج

## ١

**دێتە گوێم دەنگێ بە ئاهو شیوەن و گریانەوە**
**نالەی دڵمە لە حەسرەت خاکی کوردستانەوە**

ئەحەمەد موختار بەگی جاف بەو جۆرە شینی خاکی کوردستان دەکات، ئەو خاکەی لەت و پەت کراوەو هەر کەس خۆی بە خاوەنی دەزانێت، تا ئێستا لە باکورو رۆژئاوا دەسەڵاتدارانی تورک و سوریا هەر نایانەوێت بڵێن شتێک هەیە ناوی کوردستانە، ئەوان بە هیچ جۆرێک ئەو ناوچە کوردستانیانە و خەڵکەکەی وەک کورد ناناسن، چ نەزانیەکە دەوڵەت نەتناسێت و تۆ لە بری ئەو بڵێی دەوڵەت کێشەی لە گەڵ کوردا نیە، دەوڵەت نەک کێشەی لە گەڵ کوردا هەیە، ئەو لە گۆرانی و جل و بەرگی کوردیش دەترسێت و قەدەغەی دەکات، تۆش چۆنت پێخۆشە داکۆکی لەو ستەمکاریە بکە.

## ٢

کۆماری کوردستانی سور ئەو پارچە دزراوەیە کە کەوتوەتە نێوان ئەرمینیاو ئازەر بایجانەوە، ناوچەی شاخاوی ناگارنۆ کاراباخ و لاچین و ئەو دەورو بەرە، کە زۆر بە لایدا ناچین، لە کاتێکا ئەو ناوچەیە لە ساڵی ١٩٢٣ تا کۆتای ١٩٢٩ بە ناوی کۆماری کوردستانی سور نێو بانگی هەبووە و لە سای مافی چارەنووسی گەلانی لینین دا خۆخاوەنی کردووە، لە دوای

١٩٢٩ بە شێوەیەکی زۆر تراژیدی تارو مار کراوە، خەڵکەکەشی داغان و باغان کراون، ساڵی ١٩٩٢ وەکیل مستەفاییف جارێکی تر ئەو کۆمارەی بە ناوی کۆماری لاچینی کوردی زندوو کردەوە ، لێ دیسان پەلامار دراو وەکیلی کوردانیش بەرەو ئیتالیا سەری خۆی هەڵگرت، تا رۆژی ١٩ی ٤ی ئەمساڵ هەر لەوێ سەری نایەوە، کوردانی لاچین و ئەو ناوچە دڵگیرەش هێشتان بە تەمای تینن.

٣

مەلای گەورە بە دەم ئازارو ناڵینەوە دەڵێت:

هەتا دەمرم لە بۆ کوردان دەناڵم
عیلاجیان چۆن بکەم هاوار بە ماڵم

ئەوە مەلای گەورەی کۆیەیە، بیر لە چارەسەری دەردی کوردان دەکاتەوە، لێ دوای ئەو هەموو ساڵانە ئێمە هێشتا بەربووینەتە سەرو بەچکی یەکترو لە بری دووژمن خۆمان خۆمان دەکوتین، کوردایەتیمان لێ بارە و نازانین لەکوێی فڕێ دەین، ئاخر تا ئێستا چوار کتێب، نامیلکە، ڤەکۆڵینی باش بە زمانی سۆرانی لە سەر کوردستانی سور نیە، کەم کەس لە بارەیەوە دەزانێت، کەس نازانێ حاڵی کوردانی ئەوێندەر، ئەوە "براکانی شیمال" هەر باس مەکە.

رۆم و جوو چاکە ئیتیفاقی هەیە
کوردە بێغیرەتی و نیفاقی هەیە

ئەوەش حاجی قادر

سەرچاوە: ماڵپەڕی شارپرێس - ڕێکەوتی ١٦ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٠

---------------------------------------------- ----

## چۆن کوردستانی سور لەسەر نەخشەی سۆڤیەت سڕایەوە ؟




**رامیار حەسەن عەلی**

کوردستانی سور یان قەزایی کوردستان بە ڕووسی (ئویەزد) یەکەیەکی کارگێڕی ئەتنیکی بوو لە ئازەربایجانی سۆڤیەتی لە نێوان ساڵەکانی (١٩٢٣ - ١٩٢٩) ، ئەم هەرێمە ناوچەیەکی فراوانی دەگرتە خۆی لە نێوان سنووری ئازەربایجان و ئەرمینیا دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانی گەورە، بە پێی سەرچاوەکان بۆ یەکەمینجار لە ساڵی ١٩٢١ بەم ناوچەیە وتراوە کوردستان لە ١٦ - ٧ - ١٩٢٣ بە بڕیاری سەرۆکایەتی کۆمیتەی جێبەجێکاری ناوەندی کۆماری ئازەربایجان ئەم هەرێمە پێکهێنرا دەبوایە ئەم سەرۆکایەتییە لە ماوەی ساڵێکدا لە ساڵی ١٩٢٢ ووە چوار کۆبونەوە ئەنجام بدات تاوەکو بڕیار لەسەر چارەنووسی هەرێمەکە بدات لە کۆتاییدا هەرێمەکە پێکهێنرا لەم ناوچانە :

قەرەقیشلاغ، کەلباجار، قوبادلی، قوتورلی، کوردحاجی، مورادخانلی، لە کۆتاییدا هەرێمەکە بەسەر چوار ناوچەدا دابەشکرا کە ئەوانیش (لاچین، کەلباجار، قوبادلی، زەنگلیان) بوون وە پایتەختەکەی ئاواییەک بوو بە ناوی (ئەبدالیار) کە لەو ساڵەدا ناوەکەیان گۆڕی بۆ (لاچین) بەڵام هەموو دامودەزگا فەرمیەکانی هەرێمەکە لە شاری (شوشێ) بوون بە هۆی نەبوونی باڵەخانەی گونجاو لە شاری لاچین، بە گوێرەی سەرژمێری ساڵی ١٩٢٦ لە لایەن یەکێتی سۆڤیەتەوە ژمارەی دانیشتووانی کوردستانی سور (٥١٢٠٠) دانیشتوی هەبووە.




نەخشەی کوردستانی سور

ئەوەی ئەو دەمە مایەی پرسیار بوو لای زۆر کەس لکاندنی قوبادلی بوو بە هەرێمەکە وە، چونکە ٩٨,٩% دانیشتووانی ئازەری بوون و ١% تریشی ئەرمەنی بوون واتا هیچ کوردێکی لێنەدەژیا ئەوە لە کاتێکدایە کە ناوچەکانی تری بە نزیکەیی دانیشتوانی لەسەدا سەدی کوردبوون.

بە بۆچوونی توێژەری ئەرمەنی داڤید بابایان ئەم هەنگاوە بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی کورد بوو لە هەرێمەکەدا.

کاتێ نوسەران باس لە هۆکارەکانی دامەزراندنی ئەم هەرێمە دەکەن، دید و بۆچوونی ناکۆک و دژ بە یەک دەخەنەڕوو، نوسەرانی ئەرمەنی ئەمە بە هەوڵی ئازەرییەکان دادەنێن بۆ دابڕاندنی هەرێمی نەگۆڕنە - قەرەباخ لە ئەرمینیا، وە بە هەوڵێکی مۆسکۆی دادەنێن بۆ لەنێوبردنی دوا پێگەی سەربەخۆیی گەلی ئەرمەن لە ناوچە چیاییەکانی باشوری قەفقاز بۆ ئازەریەکانیش ئامێرێک بوو بە دەست مۆسکۆوە بۆ فشارخستنە سەر ئازەریەکان بۆ ئەوەی ناچاریان بکات گوێڕایەڵ و ملکەچی مۆسکۆبن لە بوارەکانی نەوت و پەیوەندی لەگەڵ جیهانی تورکیدا چونکە لە ڕەچەڵەکدا بەشێکن لە نەتەوەی تورک و زمانەکەشیان لقێکە خێزانی زمانی تورکی، وو ترسێکی تری ئازەریەکان سەرچاوەکانی ئاو بوون کە ٨٥%ی سەرچاوەکانی ئازەربایجان دەکەوتنە ئەم هەرێمە، بۆ مۆسکۆش ئەم هەرێمە وەک ڕێگرێک بوو لە بەریەککەوتنی ئازەری و ئەرمەنەکان و دەروازەیەکیش بوو بۆ گەیاندنی پەیامەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەتی بە کوردانی ڕۆژهەڵاتی نزیک،

دوای شەش ساڵ لە ٨ - ٤ - ١٩٢٩ لە لایەن دەسەڵاتی ناوەندی مۆسکۆوە بڕیاری لەبەین بردنی کوردستانی سور درا بە بیانووی سەر لە نوێ ڕێکخستنەوەی سیستەمی کارگێڕی لە یەکێتی سۆڤیەت مۆسکۆ مافی دابوو بە کۆمارەکان بە پێی پێداویستی و هەل و مەرجی خۆیان گۆڕانکاریەکان ئەنجام بدەن کۆماری ئازەربایجان ئەم هەلەی قۆستەوە و کوردستانی سوری لە نەخشەی کۆمارەکەییدا سڕیەوە و کۆمارەکەی لە ١٣ هەرێمەوە کرا بە ٨ ناوچە لەم پێکهاتەی کۆمارەکە کوردستان ناوی لە ناواندا نەما، تاوەکو ئابی ١٩٣٠ ناوی کوردستان هەر مابوو چونکە لە ئایاری هەمان ساڵدا کۆماری ئازەری بڕیاری دابوو هەرێمێک زۆر لەوەی پێشوو فراوانتر کە تاوەکو سنوورەکانی ئێران پەلی دەکێشا بە ناوی کوردستانەوە دابمەزرێنێ، بێدەنگی مۆسکۆش لە هەڵوەشاندنەوەی کوردستانی سور دەگەڕێننەوە بۆ جێگیربوونی دەسەڵاتی ڕەهای ستالینەوە لە هەموو کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤیەتدا، هۆیەکی تری ئەم بێدەنگیەش سەرکوتکردن و دامرکاندنەوەی سەرجەم سەرهەڵدانەکانی کورد بوو لە هەموو پارچەکانی کوردستانی گەورە لە کۆتایی بیستەکانی سەدەی ڕابردوو.



**ناوچەی لاچین ـ کوردستانی سور - ئەزەربایجان**

پێدەچێت لە کاتی خۆیدا دەسەڵاتی سۆڤیەتی لە مۆسکۆ ئازەریەکانی ناچارکردبێت هەرێمی کوردستانی سور دابمەزرێنن بۆیە قەت هەوڵی بەرەو پێش بردنی ئەم هەرێمەی نەدەدا ولە یەکەمین ڕۆژەوە لە هەوڵی لەنێوبردنی دابوون کەمکردنەوەی ڕێژەی کورد لە ١٠٠٪ بۆ ٧٣٪ یەکێک بوو لە هەنگاوەکانیان بۆ ئەو خەڵکەی کە کرمانجی زمان بوون، بۆیەش ڕێگەیان نەدا بەو دوو هەزار کوردەی لە دوای سەرکوتکردنی سەرهەڵدانی (١٩٢٥) لە تورکیاوە ڕایانکرد بوو پەنایان هێنابووە بەر ئازەربایجان لە هەرێمی کوردستانی سور نیشتەجێبن بەڵکو ناچار کران لە گوندێکی نوێ بە ناوی نەریمان ئاباد نیشتەجێ

بین، وە ڕێژەی کوردیان لە لە ساڵی ١٩٢٥ بۆ ١٩٢٦ لە کوردستانی سوردا بە ڕێژەی ٧% کەم کردەوە و سیاسەتی بە تورک کردنیان بەسەریاندا جێبەجێ دەکرد.

لە هەمووی سەیرتر سەرۆکی هەرێمەکە ئازەرییەک بوو بە ناوی (حاجییەف)، وە ڕێگە گرتن لە کردنەوەی قوتابخانەی کوردی ئامرازێکی گرنگی سیاسەتی بە تورک کردن و تواندنەوەی کورد بوون، ئەو ڕۆژنامەیەش کە لە لاچین لە ساڵی (١٩٣١) بە ناوی (کوردستانی سور) دەستکرا بە دەرکردنی تا ساڵی ١٩٦٢ بەردەوام بوو بە زمانی ئازەری بوو نەوەک کوردی دوای ئەوەی قۆناغ بە قۆناغ ڕێژەی کورد لە ئازەربایجان کەمی دەکرد لە ساڵی (١٩٧٩) نەمانی کورد لەو وڵاتە ڕاگەیەندرا، بە پێی پرۆفیسۆر هەسراتیان دەبوایە بە لای کەمەوە ژمارەی کورد دووسەد هەزار کەس بوایە ئەمە لە کاتێکدا بوو کە ژمارەی کوردانی ئەرمینیا و گورجستان لەو ماوەیەدا بۆ سێ جار و نیو تا چوار جار زیادی کردبوو.

لە دوای پیریسترۆیکا وگڵاسنەست جارێکی دیکە کوردی ئازەربایجان سەریان بەرزکردەوە و کەوتنە باسی کوردبوونی خۆیان لە ساڵی ١٩٨٩دا دوازدە هەزار کەس خۆیان بە کورد ناونووس کردبوو بەڵام زۆربەیان کوردیان نەدەزانی.

بابایان لەم بارەیەوە دەڵێت :- ڕاستە ئازەرییەکان زۆریان پێخۆش بوو کورد لەبەین بەرن بەڵام ڕۆڵی کوردیش کەم نەبوو لەوەی بەو ئاسانیە دەست بەرداری زمان و کلتوری خۆیان ببوون.



جۆزێف ستالین سەرۆکی یەکێتی سۆڤیەت ١٨٧٨ - ١٩٥٣

دەربارەی ڕێژەی کورد شتێکی سەیر بەرچاو دەکەوێت بۆ نموونە لە ئەرمینیا لە دەستپێکی دامەزراندنی کۆمارەکە کوردانی

ئێزدی بە ئێزدی ناونووس کردن ئەو کاتە بە لای ئەوانەوە کورد بەشداری لە جینۆسایدی ئەرمەنەکاندا کردبوو لە ساڵی (١٩١٥) ڕووداوەکە لە بیری هەمووانـدا مابوو، شەڕی (نەگۆڕنە - قەرەباخ) ئاڵۆزی خستە نێوان کوردەکانی ئەو وڵاتە و کاربەدەستانیش بێبەزەییانە زیاتر لە سی هەزار کوردی مسوڵمانیان لە وڵاتەکە دەرکرد.

لە یەکێک لە سەرژمێرییەکانی ئەم چەند ساڵەی دوایی کورد بە سێ جۆر خۆی پێناسە کردووە بەشێک بە کورد و بەشێک بە ئێزدی و کەمینەیەکیش بە کرمانج، ڕوسەکانیش کورد و کرمانجیان بە کورد پێناسە کردوون.

**زیندوو کردنەوەی کوردستانی سور**

لە ساڵانی (١٩٩١ - ١٩٩٢) هەندێک چالاکی بۆ دامەزراندنەوەی کوردستانی سور لە ژێر ناوی کوردستانی قەوقازی هاتە ئاراوە (وەکیل موستەفاییێڤ) کەسێک بوو کە لەو سەردەمەدا لەلایەن ڕووسیا و ئەرمینیاوە دیاری کرابوو بۆ دووبارە دامەزراندنەوەی کوردستانی سور پشتگیریشی لێدەکرا بەڵام کارەکە سەری نەگرت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی پۆلەتیک - ڕێکەوتی: ٢٣ی جوولای ٢٠١٩

-----------------------------------

# کوردستانی سوور چۆن لە بەین برا؟




دکتۆر جەبار قادر



کوردستانی سوور یا قەزای کوردستان (بە ڕووسی ئویەزد) یەکەیەکی کارگێری و ئەتنیکی بوو لە ئازربایجانی سۆڤیەتی لە ساڵانی ١٩٢٣ - ١٩٢٩. ئەم هەرێمە ناوچەیەکی فراوانی لە سەر سنوورەکانی ئازربایجان و ئەرمینیا (ئەرمەنستان) گرتبووە خۆ و نەگۆڕنە - قەرەباخی لە ئەرمینیا جودا دەکردەوە.

سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە لە ساڵی ١٩٢١ بۆ یەکەمین جار ئەو هەرێمە بە کوردستان نێوبراوە. لە ١٦ی تەمموزی ١٩٢٣ بە بڕیاری سەرۆکایەتی کۆمیتەی جێبەجێکاری ناوەندی کۆماری ئازربایجان ئەم هەرێمە پێکهێنرا.

کۆمیتەی ناوبراو دەبوایە بۆ چوار جار لە ١٩٢٢ - ١٩٢٣ کۆببێتەوە تا لە سەر پرسی کوردستانی سور بڕیار بدات. لە نێو ئەندامانذا ناکۆکی لە سەر سنوورەکانی هەرێمەکە لە ئارادا بوو. لە کۆتاییدا هەرێمی کوردستان لەم ناوچانە پێکهات: کەرەکیشلاک (قەرەقیشلاغ)، کەلبەجار، کوباتلی (قوبادلی)، کوتورلی (قوتورلی)، کوردگاجی (کوردحاجی) و مورادخانلی.

لە کۆتاییدا هەموو هەرێمەکە کرا چوار ناوچە کە: کەلبەجار، لاچین، قوبادلی و زەنگلیان بوون. پایتەختی هەرێمی کوردستان لاچین بوو. لاچین تا ئەو ساڵە بریتی بوو لە ئاواییەک بە ئەبدالیار ناسرا بوو.

"بە بۆچوونی توێژەری ئەرمەنی داڤید بابایان ئەمە بۆ ئەوە کرا ڕێژەی کورد لە کوردستانی سور لە ١٠٠% کەم بکرێتەوە بۆ ٧٣% دانیشتوان. قەوارەیەکی سیاسی لە سەر خاکی ئازربایجان کە سەد دەر سەدی دانیشتوانی کورد بن مایەی نیگەرانی بوو بۆ کاربەدەستانی وڵات."

بەهۆی ئەوەی لە کوردستانی سوردا هیچ باڵەخانەیەکی گونجاو نەبوو بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری دەوڵەتی، بۆیە ناوەندی هەموو دام و دەزگا فەرمییەکانی هەرێمەکە لە شاری شوشێ بوون. ئەوەی هەر ئەو دەمە مایەی پرسیار لای زۆر کەس لکاندنی ناوچەی قوبادلی بوو بە هەرێمی کوردستانەوە، چونکە ٩٨،٩% دانیشتوانی ئازەری بوون و ١% تریشی ئەرمەن بوون، واتا هیچ کوردی لێ نەدەژیا. یەکەکانی دیکەی هەرێمەکە ڕێژەی کورد تیاندا نزیکی سەد دەر سەد بوو و بەم شێوەیە بوو: کەرەکیشڵاک ٩٩،٧%، کەلبەجار ٩٩،٨%، قوتورلی ٩٩،٩%، کوردحاجی ٩٨،٦% و موراداخانلی ٩٨،٢% دانیشتوانیان کورد بوون.

بە بۆچوونی توێژەری ئەرمەنی داڤید بابایان ئەمە بۆ ئەوە کرا ڕێژەی کورد لە کوردستانی سور لە ١٠٠% کەم بکرێتەوە بۆ ٧٣% دانیشتوان. قەوارەیەکی سیاسی لە سەر خاکی ئازربایجان کە سەد دەر سەدی دانیشتوانی کورد بن مایەی نیگەرانی بوو بۆ کاربەدەستانی وڵات.

ئەوان بیریان دوور دەڕۆیشت و دەیانزانی ئەمە ڕۆژێک دێت ببێتە بەردی بناغەی کۆمارێکی کوردی یا دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ.

هەر بە پێی ئەو نووسەرە ئەرمەنییە ناونانی ئەم یەکەیە بە کوردستان ترسێکی گەورەی خستبووە دڵییانەوە، چونکە ناوی هەرێمەکە لە گەڵ ناوی ئەتنیکی کوردا یەکی دەگرتەوە، لە کاتێکدا هیچ هەرێمێکی دیکە لە ئازربایجان لە سەر بنەمای ئەتنیکی نێوی نەنرابوو.



کاتێک نووسەران باس لە هۆ و هۆکاری دامەزراندنی کوردستانی سور دەکەن، دید و بۆچوونی ناکۆک و سەیر و سەمەرە دەخەنە ڕوو.
بۆ نووسەرانی ئەرمەن ئەمە هەوڵێکی ئازەرییەکان بوو بۆ بەکارهێنانی کورد لە دژی ئەرمەن و دابڕاندنی هەرێمی نەگۆڕنە - قەرەباخ لە ئەرمەنستان.

لە هەمان کاتدا هەوڵی مۆسکۆ بوو بۆ لەنێوبردنی دوا پێگەی سەربەخۆیی ئەرمەن لە ناوجە چیاییەکانی باشوری کەفکاز. بۆ ئازەرییەکانیش کوردستانی سور ئامێرێک بوو بە دەست مۆسکۆوە بۆ ئەوەی ئازەرییەکان ناچار بکات گوێڕایەڵ و ملکەچی بن لە بوارەکانی نەوت و پەیوەندی لە گەڵ تورکیا و جیهانی تورکیدا.

ئەوەی کە کوردستانی سور ٨٥% سەرچاوە ئاوییەکانی ئازربایجانیشی گرتبووە خۆ، هۆیەکی دیکەی مەترسی و نیگەرانی دەسەڵاتدارانی ئازەرب بوو لەم هەرێمە. بۆ مۆسکۆش دەبوایە کوردستانی سور ڕێگر بێت لە بەریەککەوتنی ئازەری و ئەرمەنەکان، دەروازەیەکیش بێت بۆ گەیاندنی پەیامی شۆڕشی ئوکتۆبەر و کۆمۆنیزم بە کوردانی ڕۆژهەڵاتی نزیک.

"بێدەنگی مۆسکۆ لە بەرامبەر هەڵوەشاندنەوەی کوردستانی سور پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە جێگیربوونی دەسەڵاتی ڕەهای ستالینەوە هەیە لە کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤیەتدا."

ئەم هەرێمە تەنها شەش ساڵ ژیا و لە ٨ی نیسانی ١٩٢٩ بە بەهانەی گۆرانکاری و سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی کارگێڕی لە یەکێتی سۆڤیەت، کە دەسەڵاتی ناوەندی لە مۆسکۆ بڕیاری لێدا بوو، کوردستانی سور لە بەین برا.

مۆسکۆ مافی دابوو بە کۆمارەکان بە پێی پێداویستی و هەل و مەرجەکانی خۆیان گۆڕانکارییەکان ئەنجام بدەن. بە پێی ئەو ڕێکخستنەوەیە ئازربایجان لە ١٣ قەزاوە (هەرێم) کرا بە ٨ ناوچە یا دەڤەر. لە پێکهاتەی کارگێڕی نوێدا کوردستان ناوی لە ناواندا نەما. تا ٨ی ئابی ١٩٣٠ دەڤەرێک بە ناوی کوردستان هەر مابووە، چونکە لە ٢٥ی ئایاری ئەو ساڵەدا هەمان دەسەڵاتی ئازەری بڕیارێکی دەرکردبوو بۆ دامەزراندنی هەرێمی کوردستان، کە لەوەی پێشووتر فراوانتر بوو و تا سنوورەکانی ئێران پەلی دەکێشا.

بێدەنگی مۆسکۆ لە بەرامبەر هەڵوەشاندنەوەی کوردستانی سور پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە جێگیربوونی دەسەڵاتی ڕەهای ستالینەوە هەیە لە کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤیەتدا.

ڕەنگبێ پاشەکشەی بزووتنەوەی کوردیش لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نزیک لە دوای سەرهەڵدانەکانی بیستەکان لەم بێدەنگبوونە ڕۆڵی خۆی بینیبێ.

پێدەچێ لە کاتی خۆیدا دەسەڵاتی سۆڤیەتی لە مۆسکۆ ئازەرییەکانی ناچار کردبێت هەرێمی کوردستانی دابمەزرێنن، بۆیە قەت لە دڵەوە کاریان بۆ گەشەکردنی نەدەکرد. سیاسەتەکانی کاربەدەستانی کۆماری ئازربایجان بەرامبەر بەو هەرێمە ئەو بۆچوونە پشت ڕاست دەکەنەوە، کە ئەوان لە یەکەمین ڕۆژە لە هەوڵی لە ناوبردنیدا بوون. کەمکردنەوەی ڕێژەی کوردی هەرێمەکە لە ١٠٠% بۆ ٧٣% دانیشتوان یەکێ لە هەنگاوە دەسپێکەکان بوو.

هەر بەو مەبەستە ڕیگەیان نەدا بەو دوو هەزار کوردەی لە تورکیاوە ڕایانکردبوو و پەنایان هێنابووە بەر ئازربایجان لە دوای سەرکوتکردنی سەرهەڵدانی ١٩٢٥ لە هەرێمەکە نیشتەجێ ببن. ناچار کران لە گوندێکی نوێ بە ناوی نەریمان ئاباد نیشتەجێ ببن.

لە بەرامبەردا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ژمارەی ئازەرییەکان لە هەرێمی کوردستان زیادی دەکرد، لە ماوەی یەک ساڵدا ١٩٢٥ - ١٩٢٦ ڕێژەی کوردیان لە ٨٠% و هێنایە خوارەوە بۆ ٧٣% واتا کورد بە ڕێژەی ٧% لە یەک ساڵدا کەمی کرد.

لە هەمووی سەیر تر سەرۆکی کوردستانی سور کابرایەکی ئازەری بوو بە ناوی حاجییەف ( گ. گاجییەف). هەوڵی تواندنەوەی کورد و بە تورک کردنیان پرۆسەیەکی بەردەوامی ئازەرییەکان بوو. بۆ گەیشتن بەو ئامانجە ڕێگە نەما نەیگرنە بەر.
بەر لە هەر شتێک سەیرکردنی کورد بە چاوێکی نزم و پێناسەکردنیان بە کۆچەر، نەخوێنەوار و دواکەوتوو. وایان لە زۆر کوردکرد شەرم لە کوردێتی خۆیان بکەن و هەوڵبدەن ناسنامەی ڕاستەقینەی خۆیان بشارنەوە. ڕۆژنامەی (زاریا ڤاستۆکە)ی کەفکاز هەر لەو کاتەدا و لە ساڵی ١٩٢٩ باسی لە تواندنەوەی کورد لە کوردستانی سور لە سەر دەستی ئازەرییەکان کردووە.

پێدەچێ ئەمە خەسڵەتێکی گشتی هەموو میللەتە تورک زمانەکان بێت لە هەر شوێنێک بن، تورکی تورکیا لەم بوارەدا پێشەنگ و ڕێ نیشاندەرە، ئازەریش چ ئەوانەی رووسیا و چ ئەوانەی ئێرانیش بەهەمان شێوە لە کورد دەڕوانن و هەڵس و کەوتیان لە گەڵدا دەکەن، تەنانەت کەمینەیەکی لاوازی بێدەرەتانی وەکو تورکمانەکانی عیراقیش بەهەمان چاو سەیری کورد دەکەن.

"له ساڵی ١٩٧٩ نەمانی کورد له ئازربایجان ڕاگەیاندرا. به پێی پرۆفیسۆر هەسراتیان دەبوایه لەو ساڵەدا ژمارەی کورد له ئازربایجان بەلای کەمەوە ٢٠٠ هەزار کەس بوایه. ئەمه له کاتێکدا ژمارەی کوردانی ئەرمەنستان و گورجستان لەو ماوەیه سێ جار و نیو بۆ چوار جار زیادی کردبوو."

ڕێگەگرتن له کردنەوەی قوتابخانەی کوردی ئامێرێکی گرنگی سیاسەتی تواندنەوەی کوردان بوو له ئازربایجان. تا ساڵی ١٩٣١ یەک قوتابخانەی کوردی نەبوو لەو کۆمارە. له دوای له نێوبردنی کوردستانی سور چەند قوتابخانەیەکیان کردەوە، ئەمانەش تەمەنیان درێژ نەبوو و له گەڵ شاڵاوی ڕاگواستنی کورداندا له ١٩٣٧ - ١٩٣٨ داخران.

کوردی ئەرمەنستان و گورجستان بۆ تەواوکردنی خوێندن ڕوویان دەکردە لێنینگراد (سان پیتەربورگی ئێستا)، بەڵام کوردی ئازربایجان ئەو مافەیان نەبوو.

ئەو ڕۆژنامەیەش که له ساڵی ١٩٣١ له لاچین به ناوی ( کوردستانی سور) دەستکرا به دەرکردنی و تا ساڵی ١٩٦٢ بەردەوام بوو به زمانی ئازەری دەردەچو نەک کوردی ( هەندێ سەرچاوه باس له ڕۆژنامەکه به ناوی "سۆڤیەتسکی کوردستان - کوردستانی سۆڤیەتی" دەکەن و گوایه به زمانی کوردی دەرچووە.

زانیاری وام له بەر دەستدا نیه ئەمه پشتڕاست بکاتەوە).

پەیمانگەیەک بۆ پێگەیاندنی مامۆستای کورد کرایەوە، بەڵام له شوشێ بوو و به زمانی ئازەری دەیانخوێند. کوردانی ئازربایجان بۆیان نەبوو لێکۆڵینەوە له سەر کوردی ئەو وڵاته بکەن، بەڵکو دەبوایه له سەر کوردانی دەرەوە توێژینەوەکانیان ئەنجام بدەن.

به هۆی ئەم سیاسەتانەوە ڕۆژ له دوای ڕۆژ ژمارەی کورد له ئازربایجان له کەمی دەدا. له کاتێکدا له سەردەمانی کوردستانی سوردا ژمارەی کورد له ئازربایجان ٤٨ هەزار کەس بوو،که تەنها ١٧% کوردییان دەزانی، له ساڵی ١٩٣٧ ژمارەیان بۆ ١٠،٨٠٠ کەس دابەزی و دوو ساڵ دوای ئەوە، واتا له ساڵی ١٩٣٩ بوو به ٦ هەزار و له ساڵی ١٩٥٩ تەنها ١٥٠٠ کورد هەبوو، له ساڵی ١٩٧٩ نەمانی کورد له ئازربایجان ڕاگەیاندرا.

به پێی پرۆفیسۆر هەسراتیان دەبوایه لەو ساڵەدا ژمارەی کورد له ئازربایجان بەلای کەمەوە ٢٠٠ هەزار کەس بوایه. ئەمه له کاتێکدا ژمارەی کوردانی ئەرمەنستان و گورجستان لەو ماوەیه سێ جار و نیو بۆ چوار جار زیادی کردبوو.




حەز ئەکەم لێرە بەسەرهاتی کوردێکی ئازەری بگێڕمەوە کە ڕەنگبێ باری کوردی ئەو ولاتە بە باشی لە خۆیدا بەرجەستە بکات. لە حەفتاکان ئەو پیاوەم لە مۆسکۆ بینی و بەخۆی ئەم چیرۆکەی بۆ گێڕامەوە. چیرۆکەکە لە لایەکی دیکەوە ئەوە دەردەخات کە گەلانی یەکێتی سۆڤیەت و لە نێو ئەوانیش کورد چۆن لە دونیا دابڕابوون و لە پڕوپاگەندەی سۆڤیەتی بەولاوە ئاگایان لە هیچ نەبوو.

ئەو برادەرە دەیوت من قەت کەسم نەبینیبوو بڵێ من کوردم و هیچ نووسراوێکیشم بەرچاو نەکەوتبوو باس لە کورد بکات. هەر بیرم لێ دەکردەوە چۆن دەبێ هەر من و باوک و دایکم لەم دونیایە کورد بین و لە خۆم دەپرسی: تۆ بڵێی هیچ کوردی دیکە لەم دونیایە نەبێت؟. دەیوت گەلێ جاریش لە باوکیشی پرسیوە، ئەویش هیچی نەزانیوە، تا ڕۆژێک لە دوکانێکی کتێب فرۆشتندا کتێبەکەی قەناتێ کوردۆ (کوردۆییەف) لە بارەی ڕێزمانی کوردییەوە دەبینێ (ئەم کتێبەی قەناتێ کوردۆ، ڕێزمانی کوردی، لە ساڵی ١٩٥٧ - بە زمانی ڕووسی بڵاو کراوەتەوە).

وتی چەند دانەی هەبوو هەمووم کڕی و بە هەڵەداوان گەڕامەوە بۆ ماڵەوە و هاوارم کرد، کورە وەرن وادیارە زمانمانیشمان هەیە و ڕێزمانیشی هەیە.

دوای ماوەیەکی کەم دەچێت بۆ لای قەناتێ کوردۆ لە لێنینگراد و پرسیار بارانی دەکات لە بارەی کورد و زمانی کوردییەوە. ئەویش باسی کوردی بۆ دەکا لە کوێ دەژین، بە سەر چەند دەوڵەتدا دابەشبوون، باسی سەرهەڵدانەکانی کورد، زمانی کوردی و ئەدەبیات... تاد بۆ دەکات و کۆمەڵێ کتێبی لە بارەی کوردەوە پێ پیشان دەدات.

برادەرەکەمان دەگەڕێتەوە بۆ باکۆ و بە جۆشێکی زۆرەوە دەست دەکات بە فێربوونی زمانی کوردی و خوێندنەوە لە بارەی مێژوو و ئەدەبی کوردییەوە و هەموو ژیانی بۆ ئەو بوارە تەرخان دەکات، تا لە کۆتاییدا دکتۆرا لە بواری زمان و ئەدەبی

کوردیدا تەواو دەکات. کاتێک من بینیم و ئەم باسەی بۆ دەکردم ئەو هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا بوو و خەریکی لێکۆڵینەوەی زانستی بوو لە سەر کورد و کوردستان. نازانم ئاخۆ لە ژیاندا ماوە یا نا یادی بەخێر بێت.




**"نەخوێنەواری دەورێکی باڵای بینی لە تواندنەوەی کوردانی ئازربایجاندا. لە نزیکەی ٥٠ هەزار کوردی ئازربایجان تەنها ١٧٥٦ یان خوێندەواریان هەبوو و تەنها ١٠ کەسیان شتێکیان لە بارەی ڕێزمانی کوردییەوە دەزانی."**

لە دوای پیریسترۆیکا و گلاسنەست جارێکی دیکە کوردی ئازربایجان سەریان بەرز کردەوە و کەوتنە باسی کوردێتی خۆیان. لە ساڵی ١٩٨٩ دا ١٢ هەزار کەس خۆیان بە کورد ناونووس کرد بوو، بەڵام زۆربەی هەرە زۆریان کوردییان نەدەزانی.

داڤید بابایانی ئەرمەنی لەم بارەیەوە دەڵێ "نابێ هەموو گوناهەکە بخەینە ئەستۆی ئازەرییەکان. ڕاستە ئەوان زۆریان پێخۆش بوو کورد لە بەین بچن، بەڵام ڕۆڵی کوردیش کەم نەبوو لەوەی بەو ئاسانییە دەستبەرداری زمان و کولتوری خۆیان بوون. دەبوایە بە توندی ڕوو بەڕووی سیاسەتی تواندنەوە ببوونایەتەوە". نموونەی کوردەکانی نەخچوان دێنێتەوە کە ژمارەیان ٢٦٤٩ کەس بوو، لەو ژمارەیە ٢٦٣١ زمانی کوردیان بە زمانی دایکی خۆی دانابوو.

کوردانی ئازربایجان شیعە مەزەب بوون و ئەمەش وای لێدەکردن فێری ئازەری و فارسی بن بۆ ئەوەی ڕێوڕەسمە ئاینییەکان بەجێ بێنن، لە کاتێکدا کوردانی نەخچوان سوننە مەزەب بوون. نەخوێنەواری دەورێکی باڵای بینی لە تواندنەوەی کوردانی ئازربایجاندا. لە نزیکەی ٥٠ هەزار کوردی ئازربایجان تەنها ١٧٥٦ یان خوێندەواریان هەبوو و تەنها ١٠ کەسیان شتێکیان لە بارەی ڕێزمانی کوردییەوە دەزانی.

هەندێ کەس هەوڵی ئەوە دەدەن گوایە کەمکردنی ژمارەی کوردان لە ئازربایجان بە هۆی ڕاگواستنەوە بووە لە ساڵانی ١٩٣٧

- ١٩٤٤. بەڵام سەرچاوەکان باس لە ٥ هەزار کورد دەکەن کە لە ئازربایجان بەر ئەو شاڵاوە کەوتبوون.

لەو ساڵانە کوردانی ئازربایجان، ئەرمەنستان و گورجستان بە تۆمەتی ئەوەی جێگەی باوەڕ و متمانە نین بەر شاڵاوێکی بەربڵاوی ڕاگواستن کەوتن بۆ کازاخستان و کۆمارەکانی ناوەڕاستی ئاسیا.

"بەپێی سەرژمێری ١٩٥٩ ژمارەی ئەوانەی خۆیان بە کورد پێناسە کردبوو لە یەکێتی سۆڤیەتدا ٥٩ هەزار کەس بوون، بەڵام لە ساڵی ١٩٧٩ ژمارەکە گەیشتە ١١٦ هەزار کەس. پرۆفیسۆر هەسراتیان ئەمە گرێدەدا بە ڕووداوەکانی باشوری کوردستانەوە (شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١ و ڕێکەوتننامەی ١٩٧٠)."

سەرچاوە مێژووییەکان لە بارەی کوردستانی سورەوە زانیاریمان پێ نابەخشن. ڕەنگبێ ئەمەش بە هۆی ئەوەوە بووبێت کە لە دوای لە ناوبردنێوە ئیتر بە هیچ شێوەیەک باسی لێوە نەکراوە. لە کۆتایی بیستەکانی سەدەی ڕابردووەوە ئەوەی پەیوەندی بە کوردەوە هەبوو لە ئازربایجان لە بەین برا.

لە سییەکاندا ئاماژە کردن بە کورد و کوردستانی سۆڤیەتی بە تەواوی لە ئارادا نەما.

لە بارەی ژمارەی کوردەوە لە یەکێتی سۆڤیەت دیمەنێکی هەندێ جیاواز لەوەی ئازربایجان بەدی دەکرێت.

بە پێی سەرژمێری ١٩٥٩ ژمارەی ئەوانەی خۆیان بە کورد پێناسە کردبوو لە یەکێتی سۆڤیەتدا ٥٩ هەزار کەس بوون، بەڵام لە ساڵی ١٩٧٩ ژمارەکە گەیشتە ١١٦ هەزار کەس. پرۆفیسۆر هەسراتیان ئەمە گرێدەدا بە ڕووداوەکانی باشوری کوردستانەوە (شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١ و ڕێکەوتننامەی ١٩٧٠).

لە بارەی ژمارەی کوردەوە لە کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤیەتی جاران هەندی شتی سەیر و سەمەرە بەرچاو دەکەون.

بۆ نموونە لە ئەرمەنستان لە دەسپێکی دامەزراندنی کۆماری سۆڤیەتی ئەرمینیاوە کوردانی ئێزیدی بە کورد ناونووس نەکروان، بەڵکو بە ئێزیدی. ئەو کاتە بەلای ئەوانەوە کورد بەشداری لە کوشتاری ئەرمەندا کردبوو لە ساڵی ١٩١٥ و هێشتا ڕووداوەکان لە بیری هەمووواندا زیندوو بوون. بە تێپەڕبوونی کات ئەمە بوو بە "ڕاستی" بەلای زۆر کەسەوە و هەندێ لە بەرپرسە ئێزیدییەکان لە سەر ئەمە دەژیان. شەڕی نەگۆڕنە - قەرەباخ ئاڵۆزی لە نێو کوردانی ئەرمەنستان دروست کرد

و کاربەدەستانی ئەرمینیا بێبەزییانە زیاتر لە ٣٠ هەزار کوردی موسوڵمانیان لە ئەرمەنستان دەرکرد. لە یەکێ لە سەرژمێرییەکانی ئەم چەند ساڵەی دواییدا بینیم کورد خۆی بە سێ جۆر پێناسە کردووە، بەشێک بە کورد، بەشێکی دیکە بە ئێزیدی و کەمینەیەکی زۆر کەمیش بە کرمانج. کاری ڕووسەکان ڕازبێ کورد و کرمانجیان لێکداوە و پێناسەی کوردیان داونەتێ.

ڕاگواستنی زۆرەملێی کوردانی کەفکاز لە ساڵانی ١٩٣٧ - ١٩٤٤ ڕۆڵی زۆری بینی لە پرۆسەی کەمبوونەوەی ژمارەی کورد و توانەوەیان لە نێو گەلانی دیکەی کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤیەتدا. تا کۆتایی پەنجاکان کوردە ڕاگوێزراوەکان لە هەموو مافە دەستورییەکانیان بێ بەش کرابوون.

ئەوان لە ژێر چاودێری توندی دەزگای ئەمنی و هەواڵگیری ترسناکی KGB دا بوون و ڕێگەیان پێنەدەدرا بچنە دەرەوەی گوندەکانیان. بۆ ڕزگار بوون لەو بارودۆخە و بۆ ئەوەی بتوانن گەشت بکەن و بچن بۆ خوێندن زۆریان بە ناچاری کوردێتی خۆیان دەشاردەوەو و خۆیان بە ئازەری و کازاخی و گەلانی دیکە ناونووس دەکرد.

دکتۆر جەبار قادر دکتۆرا لە مێژووی کورد

سەرچاوە: ماڵپەڕی دیپلۆماتیک مەگەزین - ڕێکەوتی: ٥ی دیسەمبەری ٢٠١٨

--------------------------------------------- ------

# کۆماری کوردستانی سوور وانەیەکە بۆ کوردستانی ئێستە



**کوردۆ شابان**

ئایا جگە لە کۆماری کوردستان لە مهاباد بە پێشەوایی قازی محەمەد و مەملەکەتی کوردستان لە سلێمانی بە پاشایەتیی مەلیک مەحموودی حەفید، کورد هیچ هەوڵێکی تری کۆماریی هەبووە؟ کۆماری کوردستانی سوور، دەوڵەتێکی کورد بوو لە یەکێتی سۆڤیێت، ماوەی شەش ساڵی خایاند، پێش ئەوەی هەڵبوەشێندرێتەوە.

ئایا جگە لە کۆماری کوردستان لە مهاباد بە پێشەوایی قازی محەمەد و مەملەکەتی کوردستان لە سلێمانی بە پاشایەتیی مەلیک مەحموودی حەفید، کورد هیچ هەوڵێکی تری کۆماری هەبووە؟ کۆماری کوردستانی سوور، ماوەی شەش ساڵی خایاند، پێش ئەوەی بکەوێتەوە ژێر دەستی یەکێتیی سۆڤیێت.

کۆماری کوردستانی سوور، لە مانگی تەمووزی ساڵی ١٩٢٣ لە باشووری ڕووسیا دروست بوو، بەڵام سیستەمێکی هاوشێوەی کۆنفیدراڵی بوو لەگەڵ ئازەربەیجان و پێکەوە هاوپەیمانییەکیان دروست کرد و پێکەوە هاوپەیمان بوون لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیێت و تا ساڵی ١٩٢٩ کۆمارەکە بەردەوام بوو. لاچین پایتەختی کۆمارەکە بوو لەو ناوچە کوردستانییە کە زیاتر لە ٧٠%ی دانیشتوانەکەی کورد بوون.

ڤلادیمێر لینین دامەزرێنەری ڕێبازی لینین و سەرکردەی شۆڕشی ڕووسیان کە دواتر تا ساڵی ١٩٢٤ سەرۆکی یەکێتیی سۆڤێت بوو، پشتیوانێکی بەهێزی سەرکردە کوردەکان بوو، بە پشتیوانیی ئەو، ساڵی ١٩٢٣ کۆماری کوردستانی سوور دامەزرا، ئەگەرچی وەک کۆنفیدراڵییەک لەگەڵ ئازەربەیجان سەر بە یەکێتیی سۆڤێت بوون، بەڵام سەرۆک و سەرۆکی پەرلەمانی خۆیان هەبوو، لەگەڵ دامەزراوەی حکوومی تایبەت و ئاڵا و سیستەمی خۆی تێدا پێڕەو دەکرا.

کورتەیەکی مێژووی کۆن: ئەو ناوچەیە کە پێی دەگوترێ قەوقاز، کورد تێیدا مێژوویەکی درێژی هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ ١٠ سەدە پێش زاین، لە ناوچەی باشووری ڕووباری ئاراس، لە ماوەی ٢٠٠ ساڵ، لە نێوان ساڵانی ٧٠٠ - ٩٠٠ پێش زاین، کورد ئیمپراتۆرییەتێکی گەورەی هەبووە. دواتریش لە ساڵانی ٩٣٤ - ٩٣٨ی زایینی توانیویانە دەوڵەتی حەمدانییەکان بڕووخێنن و دەوڵەتی شەدادییەکان دامەزرێنن کە ناوچەکەی لە نێوان ئازەربەیجان و ئەرمینیایە و بنەچەی سەڵاحەدینی ئەیووبییش بەپێی بۆچوونی هەندێک لە مێژوونووسان بۆ ئەوێ دەگەڕێتەوە. لە سەدەی ١٧ کورد لەو ناوچەیە بەرەو داکشان ڕۆیشت و کاتێک شا سەفەوی یەکەم هات، تەنیا ٢٤ هۆزی کورد مابوونەوە، ئەوانیش بەشێکی زۆریان لە هەرێمی خوراسان جێگیر بوون و سەفەوییەکان بۆ پارێزگاریکردنی ئیمپراتۆرییەتەکەیان لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانییەکان دایان نابوون، دواتر تەنیا ٦٠٠ خانەوادە لە گرپاخ مانەوە.

کاتێک ڤلادیمێر لینین و جۆزێف ستالین شۆڕشەکەیان گەیشتە ئەنجام، یەکێتیی سۆڤێت هەندێ گۆڕانکاری ڕیشەیی کرد، لەوانە، پۆڵەندا و فینلەندا بوونە سەربەخۆیی تەواو و لە یەکێتیی سۆڤێت جیا بوونەوە، نەتەوەکانی تریش دەوڵەتی نیمچە سەربەخۆ لە شێوەی حوکمی زاتییان پێ درا، لەوانە دامەزراندنی کۆماری کوردستانی سوور. ئەمەش دوای ڕێککەوتنی سایکس پیکۆ بوو کە لە نێوان فەرەنسا و بەریتانیا و ڕووسیا ئەنجام درا کە بۆ دابەشکردنی خاکی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی بوو لە نێوان خۆیاندا، تێیدا کورد بەسەر تورکیا، ئێران، عێراق، سووریا و ئەرمینیا دابەش کرا. دواتر کاتێک لینین ئەو ڕێککەوتنە نهێنییەی ئاشکرا کرد، ڕووسیا بەشەکەی خۆی لەدەست دا و چووە سەر تورکیا، تەنیا بەشێکی کەم لەسەر یەکێتیی سۆڤێت مایەوە. شێخ مەحموودی حەفید کاتێک دەزانێ لینین هاوسۆزە لەگەڵ کورد، نامەیەکی بۆ دەنێرێ و داوا دەکات یەکێتیی سۆڤێت پشتیوانی خەباتی کورد بکات دژی ئەمپریالیی بەریتانی و ئەویش وادەی هاوکاری داوە. لینین بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ کە هاوسۆزە لەگەڵ کورد، هەمیشە باسی ڕۆڵی کوردی کردووە لە یەکێتیی سۆڤێتدا و گوتوویەتی دەبوو وڵاتێکی سەربەخۆیان لە ڕێککەوتنەکەی سایکس بیکۆ بۆ دابنرێ.

لینین بۆ ئەوەی ئەم قسانەی خۆی بسەلمێنێ، داوا لە سەرکردە کوردەکان دەکات، حوکمڕانیی خۆیان لەژێر سێبەری یەکێتیی سۆڤێت ڕابگەیەنن و ئەوانی کۆماری کوردستانی سوور دادەمەزرێنن و لەلایەن مۆسکۆوە بودجەی ٤٠ ملیۆن ڕوبڵ بۆ ئەو کۆمارە

خەرج دەکرێ و بە فەرمی لە حەوتی تەمووزی ١٩٢٣ی زاینی دادەمەزرێ و لە ١٧ی یۆلیۆ لەلایەن ئەنجوومەنی جێبەجێکاری یەکێتیی سۆڤێت بە سەرۆکایەتیی س.کیرۆڤ دانی پێدا دەنرێ.

یەکێک لە ئامانجەکانی ئەم بایەخە بە ڕۆڵی کورد، ڕاکێشانی سۆزی کوردی پارچەکانی تری کوردستان بووە کە لە ژێر دەسەڵاتی ئێران و تورکیا و عێراق و سووریا لە دۆخێکی ئەوپەڕی دژوار و پڕ ستەمدا ژیاون.

ناوی کۆماری کوردستان بە ڕووسی بریتیی بوو لە "Krasnyy Kurdistan" لە دەزگە فەرمییەکانی یەکێتیی سۆڤێت بە فەرمی ناسێنراوە. پانتاییەکەی ٦٢١٠ کم ٢، بووە، دانیشتوانەکەی ٧٢.٣% کوردبوون و "حوسێن جاحیێف" سەرۆک وەزیرانی دەسەڵاتەکە بووە و شاری "لاچین" پایتەختی بووە و ناوچەکە لە چوار یەکەی کارگێڕی پێکهاتووە، گوڵبەچار، لاچین، قوبادلی و زەنجیلان.

دوای ئەوەی کۆماری کوردستانی سوور، ماوەی شەش ساڵ حوکمی کرد، لە هەشتی نیسانی 1929ی زاینی لە کۆنگرەی شەشەمی ئازەربایجانی سۆڤێت هەڵوەشێنرایەوە، هۆکارەکەشی بۆ سیاسەتی شۆڤێنیی ئازەربایجانەکان دەگەڕێتەوە، ئەمە جگە لەوەی یەکێتیی سۆڤێت لەلایەن مستەفا کەمال ئەتاتورکەوە پەستانێکی زۆری لێ کراوە و بە نهێنی داوای لە ستالین کردووە هەرچۆنێک بێت ئەو کۆمارە برووخێنرێت، ئەویش داواکەی بۆ جێبەجێ کردوون. ئەتاتورک پێی وابووە، بوونی قەوارەیەکی کورد لە ئازەربەیجانی ڕووسیا، هانی کوردی تورکیا دەدات کە داوای هەمان ماف بکەن بۆیە دەبێ لە ڕیشەوە ئەو کۆمارە نەهێڵرێ.

ستالین بە پێچەوانەی پێش خۆی کە لینین بوو، هەموو مافێکی کوردی پەسەند کردبوو، ئەم سوودی لە ئەزموونی ئەتاتورک کرد و جگە لەوەی کۆمارەکەی نەهێشت، بە چەندان شێوە ئەشکەنجەی دەدان و قەدەغەشی کرد بە زمانی کوردی قسە بکەن و بەشێکی زۆریشی بڵاو پێ کرد بەرەو سیبریا و ئاسیای ناوەڕاست و هەندێکیشیان خۆیان بەرەو پارچەکانی تری کوردستان ڕایان کرد.

سەرچاوە: wikipedia ،sasapost ،nrlsonline

سەرچاوە: ماڵپەڕی وشە - ڕێکەوتی ٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧

# بەرەو دامەزراندنەوەی کوردستانی قەفقازیا.



رەمەزان کەریم

پێویستە لەسەرمان ئەو دەوڵەتە دابمەزرێنینەوە کە بە شێوەیەکی نایاسایی لێیان داگیر کردووین، ئەوەش بە دەست دێنین، بە پشت بەستن بەو گۆڕانکارییانەی دوایی کە بەسەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهاندا هاتوون، شان بە شانی هەوڵ و کۆششەکانی خۆمان، لە کاتی ئێستادا ئەوە بەدی دەهێنن، پێویستە لەسەر کۆمەڵگای کوردی بە شێوەیەکی گشتی و کۆمەڵگای کوردی لە شارەکانی یەکێتی سۆڤیەتی جاران، کە بیر بکەنەوە و هەوڵەکانیان یەک بخەن بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانی وەک ئەڵێن چوار پارچەی کوردستان، کە لە راستیدا پێنج پارچەیە و لە ناویشیاندا کوردستانی سوور. پێویستە دەست بەکاربین لە پێناوی دووبارە دامەزراندنەوەی کوردستانی سوور و ناوی لێبنێین (کوردستانی قەفقازیا)، من لەم بوارەدا ماوەیەکی زۆرە لە پەیوەندیدام لەگەڵ سەرۆکی کوردستانی سوور بەڕێز (وەکیل موستەفایف)، لەو باوەڕشدام ئەمجارە، کە جاری سێیەم و کۆتاییە، کوردستان لە قەفقازیا دروست دەکەین و هەموو پارچەکانی تریش یەک دەخەین و بەم شێوەیەش خەونی گەورەی هەزاران ساڵەی کورد بە دامەزراندنی کوردستانی گەورە بەدی دێنین، ئێمە ئەو نامەیەی سەرۆکی کوردستانی قەفقازیا (وەکیل موستەفایف)مان گەیاندۆتە سەرۆکی روسیا (میدفیدف) و کۆپییەکی نامەکەمان بۆ هەریەک لە سەرۆکی ئازەربیجان و ئەرمینیا ناردووە، لە نامەکەدا بە شێوەیەکی روون و ئاشکرا ئەوە نووسراوە کە کۆمەڵەی (مینسک) چارەسەری قەیرانی (کاراباخ) ناکات، بەڵکو دووبارە دامەزراندنەوەی دەوڵەتی کوردی لە چوارچێوەی سنووری کۆنەکەی خۆیدا چارەسەری ئەم قەیرانە دەکات.

## کورتەیەک دەربارەی مێژووی کوردستانی سوور و قەفقازیا.

شەدادییەکان- دەوڵەتی کوردی لە قەفقاز، لە قۆناغی رووخانی خەلافەتی عەرەبیدا ٩٥١ز، پلە و پایەی والی ویلایەتی ئەرمینیا بە پایتەختەکەی (دوین)ەوە، لە دەستپێکی ساڵی ٩٦٧ز وردە وردە بەهێز بوو، هەروەها شەدادییەکان فەرمان رەوایی ناوچەی ئاران و (گەنجە)ی پایتەختیان کردووە، کە پێشتر لە ژێر ئیدارەی والی عەرەبی ویلایەتی ئەرمینیادا بوو، کە دوای داگیرکاری سەلجوقییەکان بۆ قەفقاز بوون بە شوێن کەوتووانیان، لە ساڵی ١٠٧٢ز بوون بە پاشکۆی پاشایەتی (بەغراتیت) ئانیسییەکان، پێکەوە ئیمارەتی ئانیسییەیان لە ناوەڕاستەکانی سەدەی پێنجەمدا دروست کرد، لە ژێر فەرمان رەوایی سالارییەکان (گەنجە) بوو بە پایتەختی نەوەی کوردی شەدادی، لە ماوەی فەرمانداری (فچلون ١٠٣٠ - ٨٩٥)ز، (گەنجە) بەهێزتر بوو، لێرەدا شەدادییەکان قەڵایان دروست کرد، لەگەڵ کۆشک و شوێنی حەوانەوەی قافڵەکانی (خان) و دەستیان کرد بە سەکی دراو و لە دەوروبەری شارەکەدا قەڵای نوێ و تۆکمەیان دامەزراند، لە ساڵی ١٠٦٣ز دا دەروازە رازاوەکانی (گەنجە) دروست کران، بە گۆڕانی (گەنجە) بۆ ناوەندێکی بەهێز و گەورە، رووبەرەکەیشی فراوان بووەوە و گەڕەکی بازرگانی و پیشەسازی نوێی تیا دروست کرا، ئاوریشم و پیشەسازی ئاوریشم سەرنجی نەک تەنیا کڕیاری ناوخۆیی بەڵکو بیانیشی رادەکێشا، وەکو ئاشکرایە فەرمانداری کورد (سەلاحەدینی ئەیوبی)، کە دژی سەلیبییەکان بەرگری لە جیهانی ئیسلامی دەکرد، بە رەگەز سەر بە هۆزی (رەواد)ییەکان بوو.

(بهاءالدین بن شداد) سکرتێری تایبەتی سەرکردەی مەزن لە کتێبەکەیدا نووسیویەتی: (باوکی سەلاحەدین لە دوین لە دایک بووە)، هەروەها (ابن الاسیر) کە یەکێک بووە لە هاوچەرخەکانی (سەلاحەدینی ئەیوبی) لە بارەی پێگەی جوگرافی (دوین)ەوە ئەڵێ: (باو و باپیرانی سەلاحەدین لە دوینەوە، کە کەوتۆتە ئازەربیجانەوە، کۆچیان کردووە بۆ عیراق بۆ لای (مجاهدی بەهرۆزی)، کە دواتر باوکی (سەلاحەدین)یان وەکو بەرپرسی قەڵای تکریت دەست نیشان کردووە.

لە راستیدا باوکی (سەلاحەدین) لە (دوین) لە دایک بووە و ئەیوبییەکان و شەدادییەکانیش لە نەوەی روادییەکان بوون، ئەمەش وامان لێدەکات باوەڕ بە بوونی پەیوەندییەکی نزیکایەتی لە نێوانیاندا بکەین. وەک پێشتریش ئاماژەمان بۆ کرد، کە شەدادییەکان لە رەچەڵەکدا سەر بە (دوین) بوون، وەکو زانراویشە دایکی شاعیری گەورەی رۆژهەڵات (نیزامی گەنجەوی)، کە هەموو ژیانی لە (گەنجە) بەسەر بردووە، بە رەچەڵەک سەر بە نەوەی رەوادی بووە، (نیزامی گەنجەوی)یش لە پێشەکی داستانی (لەیل و مەجنون)ەکەیدا باسی ئەوەی کردووە کە دایکی کچی سەرکردەیەکی کورد بووە.

فەرمان ڕەوایی شەدادییەکان کە نزیکەی هەموو قەفقازیای گرتبۆوە بۆ ماوەی ١١٣ ساڵ بەردەوام بوو، لەو ماوەیەشدا شەدادییەکان فەرمانڕەوای (ئاران، نەخیتشڤان، گەنجە، بارد، دوبەیل و بەیلکان) بوون.

ناوچەی یان هەرێمی کوردستانی ناسراو بە (کوردستانی سوور)، بە زمانی ئازەریش (قزل کوردستان) بریتییە لە یەکەیەکی ئیداری لە چوارچێوەی ئازەربیجانی سۆڤیەتیدا، لە ساڵی ١٩٢٣ز دامەزراوە تا ساڵی ١٩٢٩ز، سەرەڕای ئەوەی کە زۆربەی دانیشتووانەکانی کورد بوون، بەڵام هەرێمی کوردستانی نەیتوانی حوکمی زاتی بۆ خۆی دابڕێژێ.

**دابەشبوونی ئیداری:**

ناوەندی یەکەی ئیداری - شاری لاچین بوو (تا ساڵی ١٩٢٣ز لە ڕووی ئیدارییەوە - گوند بوو - لە ساڵی ١٩٢٦ز ناوی لێنرا (ئابادەلیار)، دابەشی سەر شەش بەڕێوبەرایەتی کرابوو: قەرەقشلاق، کالباجار، قوباتلنی، قوتورلی، کورد-گەنجی، و مراد هانلی. سەرجەم دامەزراوەکانی کوردستانی سوور لەبەر ئەوەی پێی نەدەوترا هەرێم، لە شوشە بوو.

**دانیشتوان:**

لە ساڵی ١٩٢٦زدا، ٥١،٢ هەزار کەس لە هەرێمەکەدا ژیاون، کە ٧٣% کورد بوون و ٢٦% ئازەری بوون، ژمارەی کوردەکانی ئازەربایجانی سۆڤیەت ٤١،٢ هەزار کەس بوون و ڕێژەی ١،٨% ی دانیشتوانی کۆمارەکەیان پێک دەهێنا، کە زۆربەیان لە نێو ئاپۆرای ڕۆشنبیری ئازەربایجانیدا توانەوە و ئەوەش ڕوون نییە کە ئاخۆ ئەمە لە ئەنجامی لێکچوونی ڕۆشنبیری و شێوازی ژیانیانەوە بووە، یاخود ناچار کراون. وەک ئەزانین کە تەنیا ١٧% واتە؛ ١٤،٢ هەزار کەس لەو کوردانەی لە ئازەربیجانی سۆڤیەتدا ژیاون زمانی کوردییان بە زمانی دایکی خۆیان داناوە.

هەندێک لە لێکۆڵەران پێیان وایە هۆی نەزانینی کورد بۆ خودی زمانەکەیان، بۆ ئەو بارودۆخە ئەگەڕێتەوە کە یاسا و بڕیارەکانی دەسەڵاتی فەرمان ڕەوای ئازەربایجانی سۆڤیەتی بەسەر کوردەکانیدا سەپاندبوو، بە ڕێگەخۆشکردن و نالەبارکردنی بارودۆخەکە بۆ فێربوونی زمانی کوردی.

پیتە کوردییەکان بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٢٤ز، لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری کۆماری ئازەربیجانی سۆڤیەتییەوە دانران، بەڵام هەر لە شوێنی خۆیاندا مانەوە، (جۆزیە) پرۆفیسۆری پێشوو لە زانکۆی ئازەربیجان لە هەڵوێستێکیدا دژی شۆڕشی ساڵی ١٩٣٠دا، لە پەیمانگای ئازەربیجانی بۆ توێژینەوەی زانستی، لە گفتوگۆیەکیدا لە بارەی مەسەلەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی

ناوەڕاستدا، ئەوەی ڕاگەیاندووە: ئینگلیزەکان زۆر خزمەتی کوردی عیراقیان کردووە (ئەمەش کوردانی تورکیا بەلای خۆیدا ڕادەکێشی) لە پاڵ ئەم درۆ و دەلەسانەدا سیاسەتی نەتەوەیی یەکێتی سۆڤیەت شێوێنرا و لەو ماوەیەشدا هیچ خوێندنگەیەک بە زمانی کوردی لە ئازەربیجاندا بوونی نەبوو.

## مێژوو:

### هەرێمی کوردستانی لە ساڵی ١٩٣٠ی زایینی.

ئەوەی پەیوەندار بێ بەم ناوچەیەوە، ناوی کوردستان لە ساڵی ١٩٢١ز دا بەکارهاتووە، (ساڵێک پێش دامەزراندنی هەرێمی کوردستان) لە ١٦ی تەموزی ١٩٢٣ز هەرێمی کوردستان بە بڕیاری لیژنەی ناوەندی تەنفیزی - ئازەربیجانی سۆڤیەتی بەسەرپەرشتی (کیرۆف) دامەزرێنرا. خوێندنگە و شانۆی کوردی سەریان هەڵدا، هەرێمی کوردستان لە ٢٥ی ئایاری ١٩٢٣ بۆ ٨ی ئابی ١٩٣٠ بەردەوام بوو، کە ناوەندەکەی شاری (لاچین) بوو، بەڵام بەهۆی فشارەکانی (موستەفا کەمال ئەتاتورک)ی سەرۆکی تورکیا و ئەو ڕێککەوتنە نهێنییەی لەگەڵ ستالین و باگیرۆفدا هەیبوو، توانرا دەست بەسەر کوردستانی سووردا بگیرێت.

لە ئەرشیفی تورکیدا چەند بەڵگەنامەیەک بەرچاو دەکەون، تیایاندا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە، کە دامەزراندنی هەرێمی کوردستانی لەلایەن کوردەکانی سۆڤیەتەوە کاریگەری هەبووە لەسەر هەڵگیرساندنی ڕاپەڕینەکەی ئاراراتی ساڵی ١٩٣٠ز. کۆماری ئارارات لە باکووری ڕۆژهەڵاتی تورکیاوە بۆ ناوچەی ئاگری ئێستا بڵاوبۆوە (ئاگری ناوی تورکی ئاراراتە، کە تورکەکان ئەم ناوەیان لێناوە). (ئیحسان نووری) سەرکردایەتی ڕاپەڕینەکەی ئاراراتی دەکرد و سەرکردەیەکی عەسکەری بوو، هەروەها توانیان هێزی سەرۆکی عەشیرەتی جەلالییەکان (ئیبراهیم حسکی) لە تیلۆ بۆ خۆیان رابکێشن و وەکو سەرکردەیەکیش دیارییان کرد، بەم جۆرەش بناغەیەکیان دارشت بۆ دروست بوونی دەوڵەتێکی کوردی لە داهاتوودا، لەو ناوچەیەشدا کە ڕاپەڕینەکەی تیا بەرپابوو، یاسای توند و تۆکمە دژی دزی و تاڵانی دەرکران، هەروەها پەیوەندییان لەگەڵ سەرکردەی شۆڕشەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (سمکۆ شکاک) لە ئێران ڕێکخست، پاشان کۆماری سەربەخۆی ئارارات لە ساڵی ١٩٢٧زدا ڕاگەیەنرا، لە کاتی ڕاپەڕینەکانی کورد لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیادا، لە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٢٧ز، گوندێکی نزیکی ئارارات وەکو پایتەختی کاتی کوردستان دەست نیشان کرا.

کۆمەڵەی خۆیبوون بانگەوازێکیان ئاراستەی هەریەک لە دەوڵەتە زلهێزەکان و نەتەوە یەکگرتووەکان کرد، هەروەها بەمەبەستی وەرگرتنی هاوکاری و یارمەتی، نامەیان بۆ کوردانی ئێران و سووریا دەنارد، بەڵام پێش گەیشتنی

هاوکارییەکان، لە ساڵی ١٩٣٠ز دا کۆماری ئارارات دەستی بەسەردا گیرا واتە؛ رووداوەکان لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستان یەک بەوی ترەوە کاریگەرە.

لە ساڵی ١٩٣٧ز دا دەستکرا بە راگواستنی کوردانی ئازەربیجان و ئەرمینیا بۆ کۆمارەکانی ئاسیای ناوەڕاست و کازاخستان، لە ساڵی ١٩٤٤ز یشدا کوردەکانی جۆرجیا لەگەڵ تورکمانەکان و میسەختییەکان بۆ هەمان شوێن راگوێزران.

لە ٢٧ی ئازاری ساڵی ١٩٩١زدا کۆمەڵەی یەکێتی کورد (یەکبوون) لەلایەن وەزارەتی دادی سۆڤیەتییەوە مۆڵەتی پێدرا و تۆمارکرا و بە شێوەیەکی یاسایی ئەوە دووپات کرایەوە کە: کێشەی کوردستانی قەفقازیا بە شێوەیەکی نایاسایی چارەسەر کراوە و پێویستە دووبارە بە رێگای دەستووری دابمەزرێنرێتەوە، دوای ئەوە (وەکیل موستەفایف) سەردانی (لاچین)ی پایتەختی کرد، لە ٩ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٩٢ز کۆبوونەوەیەکی بەرفراوان رێکخرا لەلایەن ئەو کوردانەی بە چەندین پاس لە یەریڤانەوە هاتبوون، لەو کۆبوونەوە بەرفراوانەدا و بە ئامادەبوونی (وەکیل موستەفایف) نوێنەری بزوتنەوەی رزگاری خوازی کورد، بڕیاردرا بە (دووبارە دامەزراندنەوەی دەوڵەتی کوردی).

بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان ٩١/٤١ لە رێککەوتی ٤ی کانوونی یەکەمی ١٩٨٦ز.
بڕیاری ٩٣/٤٢ لە رێککەوتی ٧ی کانوونی یەکەمی ١٩٨٧ز.
مادەی ٧٣-٧٦ لە یاسای نەتەوە یەکگرتووەکان.
مێژووی رابردووی گەلی کورد و هەستی بەرپرسیاریەتی لە چارەنووسی داهاتوویدا.
پێداگیری لەسەر بەرپابوونی یەکسانی مێژوویی.
کۆبوونەوەکانی دامەزراندنەوەی بزوتنەوەی رزگاری خوازی کورد و سەرجەم رێکخراوە کۆمەڵایەتییە- سیاسییەکانی کوردی یەکێتی سۆڤیەتی جاران، رایدەگەیێنێ:
دووبارە دامەزراندنەوەی دەوڵەتی کوردی و ناوەندەکەیشی شاری لاچینی پایتەختی کۆنی کوردستان دەبێت.
تا کاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردن، دەوڵەتەکە لەلایەن بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردەوە بەڕێوە دەبرێت.
هەڵبژاردنی گشتی بۆ دیارکردنی نوێنەری گەلی کوردستان لە ١٩ی تەمووزی ١٩٩٢ز.
سەرۆکی کۆبوونەوەکان - وەکیل موستەفایف

٩ی حوزەیرانی ١٩٩٢ شاری لاچین

بە کۆی دەنگ بەیاننامەکەی بزوتنەوەی رزگاری خوازی کوردی، دەنگی لەسەردرا و بە هەردوو زمانی کوردی و روسی چاپ کرا.

ئەو رۆژنامەنووسانەی لەلایەن ئەرمەنەکانەوە بانگهێشت کرابوون، هەواڵەکەیان لە سەرتاپای جیهاندا بڵاو کردەوە، بەڵام نەتوانرا پارێزگاری لە مانەوەی دەوڵەتەکە بکری لەبەر چەندین هۆی جیاواز، یەکەم: ناتەبایی و نایەکگرتوویی نێوان کوردەکان. دووەم: هەر یەک لە ئێران و تورکیا رۆڵێکی نەرێنی گەورەیان گێڕا، بە تایبەت تورکیا، ئەمە سەرەڕای چەند هۆکارێکی تر.

دواتر (موستەفایف) بوو بە پەنابەرێکی سیاسی لە ئیتاڵیا، لەو بارەیەشەوە بە دوور و درێژی کتێبێکی نووسیووە بە ناونیشانی (مێژووی کوردستانی قەفقازیا)، کە لەم لینکەدا:

http://pukmedia.com/russi/images/stories/pdf/bookku.pdf بە زمانی رووسی هەیە.

جێی بەبیر هێنانەوەیە کە لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٨ز تا ساڵی ١٩٩٥ز و ساڵەکانی دواتریش، بە هەزاران کورد ناچار کران کۆمارەکانی قەفقازیا (جۆرجیا، ئەرمینیا، ئازەربیجان) بەجێ بهێڵن و بۆ روسیا و کازاخستان و ئەوروپا و وڵاتانی تر بگوێزنەوە.

لە ١٩٩١ - ١٩٩٢ و تا ئەمڕۆش، پارتی کرێکارانی کوردستان کاریگەرییەکی ئەرێنی زۆری لەسەر سەرجەم لایەنەکانی کوردی یەکێتی سۆڤیەتی جاران دروست کردووە و دروست دەکات، هەروەها دروستبوونی هەرێمی کوردستانی عیراق بە تایبەت دوای ساڵی ٢٠٠٣ز.

بە درێژایی سەدان ساڵ لە هەموو کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤیەتی جاران، کۆمەڵگای کوردی توانیویەتی لەلایەن خۆیەوە پارێزگاری لە بوونی نەتەوەیی خۆی بکات، جگە لە کوردەکانی تورکمانستان و ئازەربیجان، چونکە بەشێکی زۆر لەو کوردانە بە شێوەیەکی نەخشە بۆ دارێژراو، لە رووی نەتەوەییەوە ئەسڕانەوە و ئەتوێنرانەوە، بە پێچەوانەی ئەمەشەوە دەبینین کوردەکانی ئەرمینیا و کازاخستان لەلایەنی نەتەوەییەوە پێشکەوتووترن.

* چاودێری سیاسی (کوردی سۆڤێتی پێشوو).

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئەمڕۆ - رێکەوتی: ١٥ی نۆڤەمبەری ٢٠١١

# کوردستانی سوور لە نیوان بەرداشی ناکۆکییەکانی ئەرمەنستانو ئازەربایجاندا



عەلی ئەسغەر فەریدی

عەلی بداغی کردویەتییە کوردی

قەرەباغ جیا لە ئەرمەنیو ئازەرییەکان نیشتمانو شوێنی ژیانی زۆر لە کوردەکانیشە کە زۆر پێشترلەوێ ژیاون. ئەو ناوچەیە لە سەردەمی دەسەڵاتداریی یەکیەتیی سۆڤیەتی پێشوودا وەک ناوچەیەکی خودموختار بۆ ماوەی شەش ساڵ لەلایەن کوردەکانەوە بەڕێوە دەبرا. ئێستا کوردەکان لە کاتێکدا لە باشووری کوردستانو خۆرئاوای کوردستان بە پشتیوانیی هاوپەیمانە جیهانییەکان شەڕی داعش دەکەنو لە بەشەکانی دیکەی کوردستان ڕێکخراوو حیزبی سیاسی و سەربازیی خۆیان هەیە؛ لە ناوچەی قەرەباغ لێکبڵاونو تووشی شەڕێک بوون کە لە ئەگەری گرگرتنی زیاتریدا، بۆ ئەوان جیا لە ئاوارەییو ماڵوێرانیی زیاتر بەرهەمێکی بەدواوە نابێ.

-----

شەڕو لێکدانی ئەم دواییانەی نێوان ئازەربایجانو ئەرمەنستان توندترین تێکهەڵچوونی نێوانیان لە ساڵی ١٩٩٤ بەم لاوەیە. دوو ڕۆژ دوای دەسپێکی شەڕی نێوان ئەرتەشی ئەرمەنستانو ئازەربایجان لە ناوچەی ناگورنو قەرەباغ هەواڵدەریی "ئەرمەن پرێس" لە زمان "داویت بایابان"، وتەبێژی کۆماری خۆڕاگەیەندراوی قەرەباغ بڵاوی کردەوە کە: "یەکەم نیشانەکانی گورگە بۆرەکانو داعشمان لە هێلەکانی پێشەوەی شەڕدا بینی. "داویت بایابان" دەڵێ لە ڕێگەی گوندنشینەکانی ناوچە سنوورییەکانی قەرەباغو ئازەربایجانەوە بۆمان دەرکەوتوە کەسانێک کە بە زمانی عەرەبیو زمانێکی جیا لە ئازەری دەدوێن لە ناوچەکانی شەڕدا بینراون.

هاوکات ماڵپەڕی "ئێزەدی پرێس" کۆمەڵێک وێنەو ڤیدیۆی بڵاو کردۆتەوە کە لەواندا هێزەکانی ئەرتەشی ئازەربایجان بۆ نیشاندانی توانای سەربازیی خۆیان سەری لە لەش جیاکراوەی سەربازێکی " ئێزەدی"ی ئەرتەشی ئەرمەنستانیان بەرز کردۆتەوە.

لە ساڵەکانی نێوان ١٩٩٤ تا ١٩٩٨ و لە شەڕەکانی پێشووی نێوان ئەرمەنستانو ئازەربایجاندا کە کوژرانی زیاتر لە ٣٠ هەزار کەسو ئاوارەبوونی پتر لە ٨٠٠ هەزار کەسی لێکەوتەوە، بە هەزاران کەس لە ژێر ناوی جیهاد لە وڵاتانی پاکستان، ئەفغانستان، تورکیەو ناوچەی خودموختاری چیچێن لە ڕیزی سوپای ئازەربایجاندا بوونو لە پێناو ئیسلامدا شەڕی ئەرمەنیی مەسیحییەکانیان دەکرد.

### مێژووی نیشتەجێ بوونی کوردەکان لە قەفقاز

ناوچەی ناگورنۆ قەرەباغ کە لە مێژ ساڵە ناکۆکیی نێوان ئەرمەنستانو باکۆی لەسەرە، بە ڕووبەری ٤٤٠٠ کیلۆمێتری چوارگۆشە ناوچەیەکی قەتیس لە وشکانی لە قەفقازی باشوور و لە باشووری ڕۆژهەڵاتی شاخەکانی قەفقازی بچووکە. ئەو شوێنە لە خۆرئاوا لەگەڵ ئەرمەنستان، لە باشوور لەگەڵ ئێرانو لە باکوورو ڕۆژهەڵاتەوە لەگەڵ کۆماری ئازەربایجان هاوسنوورە.

قەرەباغ دەمێک ساڵ پێش ئەرمەنیو ئازەرییەکان نیشتمانو شوێنی زۆر لە کوردەکان بووە. ئەو ناوچەیە لە سەردەمی دەسەڵاتداری یەکیەتیی سۆڤییەتی پێشوودا وەک ناوچەیەکی خودموختار بۆ ماوەی شەش ساڵ لەلایەن کوردەکانەوە بەڕێوە دەبرا.

ئایشێ حوڕ (Ayşe Hür) ڕۆژنامەنووسی تورک کە لە مێژووی کوردەکان دەکۆڵێتەوە، لە سەر ئەو ناوچەیەی ئێستا ناکۆیی نێوان ئەرمەنستانو ئازەربایجانی لەسەرە دەڵێ: "مێژووی نیشتەجێبوونی کوردەکان لە ناوچەی قەفقاز دەگەڕێتەوە سەدەکانی ٩ و ١٠ی زایینی. هیندێک سەرچاوەش دەڵێن کوردەکان لە سەدەی ١٦ی زایینیو لە سەردەمی سەفەوییەکاندا هاتوونەتە ئەو ناوچەیە. ئەو سەرچاوە مێژووییانە دەڵێن شاعەبباسی سەفەوی بە مەبەستی دروستکردنی ناوچەیەکی جیاکەرەوە لە نێوان ئێرانو عوسمانیدا هۆزە کوردەکانی لە خوراسانو موسڵڕا بۆ ئەو ناوچەیە گواستەوە.

وەک لە قسەکانی "ئایشی حوڕ" دەردەکەوێ ئەو ناوچەیە لە سەدەکانی ١٧و ١٨ دا لە ژێر دەسەڵاتی دەرەبەگەکانی قەرەباغ

و ئێرەوان دا بووە، دیارە زۆربەیان لە ژێر دەسەڵاتی قەرەباغ دا بوون. لەگەڵ لکاندنی ئەو ناوچەیە بە ڕووسیەی تێزارەوە و هەڵوەشانەوەی دەرەبەگایەتی لە قەرەباغ، کوردەکانی ناوچەکەش کەوتنە ژێر دەسەڵاتی ڕووسەکانەوە. ئیدی لەو ڕێکەوتەوە پرسی پێدانی خودموختاری بە کوردەکان هاتە بەرباس‌و لە سەردەمی یەکیەتیی سۆڤییەتدا وەدی‌هات.

### کوردستانی سوور، دیاریی لینین بۆ کوردەکان

دوای شۆڕشی ئۆکتۆبرو لە ڕۆژی حەوتی ژوئییەی ۱۹۲۳دا، بە بڕیاری لینین، ناوچە کوردستانی‌یەکانی نێوان ئەرمەنستان‌و ئازەربایجان وەک "ئەویزەد"ێک، [پلەیەک خوارتر لە ناوچەی خودموختار] بەناوی کوردستان بە سەرۆکایەتیی "گوجی قاجی یۆڤ" دامەزراو شاری لاچین کرا بە ناوەندی ئەو کوردستانە. لاچین، گوڵبەجار، زەنگیلان، شووشاو قوبادلوو شارە گەورەکانی ئەو هەرێمە کوردی‌یە بوون.

کۆماری سۆسیالیستیی ئازەربایجان ئەگەرچی لە کاتی دامەزرانی ناوچەی خودموختاری کوردستانی سووردا پێشوازی‌یەکی ئەوتۆی لەو بڕیارە نەکرد، بەڵام لە دژی بڕیاری مۆسکۆش ڕانەوەستا. کۆماری سۆسیالیستیی ئەرمەنستانیش کە بەپێی ڕێککەوتننامەی ۱۹۲۱ی مۆسکۆ ناچار بە چۆڵکردنی ئەو ناوچەیە بۆ ئازەربایجان ببوو، ئەو بڕیارەی زۆر بەدڵ بوو.

یەکێک لە خاڵەکانی جێی باس‌و پرسیار لە دامەزرانی کوردستانی سووردا تێخستنی شاری قوبادلوو لە نێو جوغرافیای سیاسیی ئەو ئەویزەدە بوو. دەیوید بابایان، لێکۆڵەری ئەرمەنی پێی‌وایە ئەو ناوچە خودموختارە کە لە نێو سنوورەکانی کۆماری سۆسیالیستیی ئازەربایجاندا دروست ببوو، شاری قوبادلوو کە هیچ کوردێکی تێدا نەبوو و سەدی ۹۸ی دانیشتووەکانی ئازەری بوون و ئەوی دیکەی ئەرمەن بووە؛ بۆیە خرابووە نێو ئەو جوغرافیایە تا پێکهاتەی حەشیمەتیی کوردستانی سوور کە ئەو کات ۵۱۲۰۰ کەس بوو، لە سەدی ۱۰۰ بۆ سەدی ۷۳ بگۆڕن.
گرینگیی کۆماری کوردستان بە دەرکەوتنی ناڕەزایەتی‌یەکانی باقرۆڤ کاڵ بۆوەو لە ۸ی ئاوریلی ۱۹۲۹ و لەگەڵ پێکهاتنی کۆمەڵێک ئاڵوگۆڕ لە بەڕێوەبەریی ئیداری - سیاسیی ئازەربایجاندا، کوردستانی سوور هەڵوەشاو ناوچەکانی تێکەڵ بە قەرەباغ کران.

لە ۲۵ی مانگی مەی ۱۹۳۰ دا "ئوکروگ"ی کوردستانی سووور دامەزرا و زەنگیلان و جەبرالی چوونە پاڵی؛ بەڵام لە ۲۳ی ژووئیەی ساڵی ۱۹۳۰دا جارێکی دیکەش سنووری جوغرافیایی یەکیەتیی سۆڤییەت ئاڵوگۆڕی تێدا پێک هات و هەموو ناوچە خۆبەڕێوەبەرەکان هەڵوەشان. بەمجۆرە تۆماری مێژووی شەش ساڵەی کوردستانی سوور تێکەوە پێچرا و ستالین دیاری‌یەکەی

لێنین بە کوردانی لەوان ئەستاندەوە.

## هەوڵەکان بۆ ژیاندنەوەی کوردستانی سوور

لەگەڵ ڕووخانی یەکیەتیی سۆڤییەت ناکۆکیەکانی نێوان ئەرمەنستانو ئازەربایجان لەسەر ناوچەی قەرەباغ سەری هەڵدایەوە. لە ئاکامی ئەو شەڕەدا ئازەربایجان دەسەڵاتی بەسەر ناوچەکەدا نەماو کوردەکان بوونە دەستەچیلەی ئاوری شەڕو پێکهەڵپڕژانی نێوان ئەو دوو دەوڵەتە. لە جەنگەی ئەو شەڕەدا هەر دوو دەوڵەتی ئازەربایجان و ئەرمەنستان و هەر کام بە جیا بەڵێنی گەڕانەوەیان بەو کوردانە دەدا کە بە هۆکاری جۆراوجۆر کۆچی زۆرەملێیان پێکرابوو. ئەوان بەڵێنی گەڕانەوە، بە ڕەسمی ناسین و تەنانەت دامەزراندنەوەی "کوردستانی سوور"یان پێدەدان.

لەو نێوەدا لە ساڵەکانی ١٩٩١ و ١٩٩٢ دا هەندێک لە چالاکانی کوردو یەک لەوان وەکیل مستەفایوف هەوڵی ژیاندنەوەی کوردستانی سووریان دا. وەکیل مستەفایوڤ دەیگوت لە شەڕی نێوان ئەرمەنستانو باکۆدا کوردە موسوڵمانەکان بەلای ئازەربایجانو کوردە ئێزەدیەکانیش بەلای ئەرمەنستاندا شکانەوەو ئەوەش بووە هۆی ئەوە کە کوردەکان بەرەوڕووی یەکتر ببنەوەو لە مێژووی کوردەکاندا براکوژیەکی دیکەش بێتە ئاراوە.

دوای تێکشکانی ئازەربایجان لە شەڕی قەرەباغدا، کوردە ئێزەدیەکان کە لە بەرەی ئەرمەنستاندا بە دژی ئازەربایجان شەڕیان کردبوو، لە شاری لاچین، پێتەختی کوردستانی سوور، ئاڵای کوردستانیان بەرز کردەوەو بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوەیی "ئەی ڕەقیب" کردیان بە جێژنو خۆشی. بەڵام کەمێک دوای ئەو ڕووداوە ئەرمەنیە توندئاژۆکان بە پشتگیریی ژێربەژێری دەوڵەتی ئەرمەنستان ئاڵای کوردستانیان هێنایە خوارێو ڕێیان لە دروستبوونی دەسەڵاتی کوردی لە ناوچەی ناگوڕنو قەرەباغ گرت.

ئێستا کوردەکان لە کاتێکدا لە باشووری کوردستانو ڕۆژاوای کوردستان بە پشتیوانیی هاوپەیمانە جیهانیەکان شەڕی داعش دەکەن و لە بەشەکانی دیکەی کوردستان ڕێکخراوو حیزبی سیاسی و سەربازیی خۆیان هەیەو خەبات دژی دەوڵەتی ناوەندی دەکەن، لە ناوچەی قەرەباغ دا لێکبڵاون و بەهۆی نەبوونی ڕێکخراوی سیاسی و حیزبی تووشی شەڕێک بوون کە لە ئەگەری گڕگرتنی زیاتری دا، بۆ ئەوان جیا لە ئاوارەیی و ماڵوێرانیی زیاتر چیی دیکەی بەدواوە نابێ.

سەچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی مای ٢٠١٦

# کوردستانی سور.. نەتەوەیەک لە نێوان مێژو و جوگرافیایەکی پڕ لە ململانێ

هەڤاڵ کوردی

کوردستانی سور یا قەزای کوردستان (بە ڕووسی ئویەزد) یەکەیەکی کارگێری و ئەتنیکی بوو لە کۆماری ئازربایجانی سۆڤیەتی، لە نێوان ساڵانی ١٩٢٣ - ١٩٢٩. ئەم هەرێمە ناوچەیەکی فراوانی لە سەر سنوورەکانی ئازربایجان و ئەرمینیا (ئەرمەنستان) گرتبووە خۆ و (نەگۆڕنە - قەرەباخ) ی لە ئەرمینیا جودا دەکردەوە.

سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە لە ساڵی ١٩٢١ بۆ یەکەمینجار ئەو هەرێمە بە کوردستان ناوبراوە. لە ١٦ی تەمموزی ١٩٢٣ بە بڕیاری سەرۆکایەتی کۆمیتەی جێبەجێکاری ناوەندی کۆماری ئازربایجان ئەم هەرێمە پێکهێنرا، کۆمیتەی ناوبراو دەبوایە بۆ چوار جار لە ١٩٢٢ - ١٩٢٣ کۆببێتەوە تا لە سەر پرسی کوردستانی سور بڕیار بدات.

لە نێو ئەندامانەدا، ناکۆکی لە سەر سنوورەکانی هەرێمەکە لە ئارادا بوو، لە کۆتاییدا هەرێمی کوردستان لەم ناوچانە پێکهات: کەرەکیشلاک (قەرەقیشلاغ)، کەلبەجار، کوباتلی ( قوبادلی)، کوتورلی (قوتورلی)، کوردگاجی ( کوردحاجی) و موراددخانلی.

لە کۆتاییدا هەموو هەرێمەکە کرا چوار ناوچە کە: کەلبەجار، لاچین، قوبادلی و زەنگلیان بوون. پایتەختی هەرێمی کوردستان (لاچین) بوو. لاچین تا ئەو ساڵە بریتی بوو لە ئاواییەک بە ئەبدالیار ناسرا بوو.

ئەو ناوچەیە دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانی گەورە، بە گوێرەی نەخشەی ئێستا دەکەوێتە نێوان ئازەربایجان و ئەرمەنستان کە تاوەکو ئێستاش کێشەیەکی زۆری لە سەرە. شەڕێکی گەورە لە سەر ئەم ناوچەیەدا لە ساڵانی ٨٠ بۆ ٩٠ەکان لە نێوان ئازەربایجان و ئەرمەنستان دروست بوو کە هەر یەکێک لەم وڵاتانە خۆی بە خاوەنی دادەنێت. لەم شەڕەدا زیاتر لە ٣٠ هەزار عەسکەر (سەرباز) لە هەردوولا گیانیان لەدەست دا.

بە گوێرەی سەرژمێری ساڵی ١٩٢٦ لە لایەن یەکێتی سۆڤیەتەوە ژمارەی دانیشتوانی کوردستانی سۆر (٥١٢٠٠) دانیشتوونی هەبووە. ڕێژەی دانیشتووانی کورد ڕێژەی (١،٧٣%) بووە و ڕێژەی (٣،٢٦%) ئازەربایجانی بووە. دوای ئەم سەرژمێریە سەرژمێریەکی لەو ناوچەیە لە ژێر چوارچێوەی کوردستانی سۆر دا نەکراوەتەوە.

سەرچاوە مێژووییەکان لە بارەی کوردستانی سورەوە زانیاریمان پێ نابەخشن، ڕەنگبێ ئەمەش بە هۆی ئەوەوە بووبێت کە لە دوای لە ناوبردنیەوە ئیتر بە هیچ شێوەیەک باسی لێوە نەکراوە. لە کۆتایی بیستەکانی سەدەی ڕابردووەوە ئەوەی پەیوەندی بە کوردەوە هەبوو لە ئازربایجان لە بەین برا، لە سییەکاندا ئاماژە کردن بە کورد و کوردستانی سۆڤیەتی بە تەواوی لە ئارادا نەما.

لە بارەی ژمارەی کوردەوە لە یەکێتی سۆڤیەت دیمەنێکی هەندێ جیاواز لەوەی ئازربایجان بەدی دەکرێت، بە پێی سەرژمێری ١٩٥٩ ژمارەی ئەوانەی خۆیان بە کورد پێناسە کردبوو لە یەکێتی سۆڤیەتدا ٥٩ هەزار کەس بوون، بەڵام لە ساڵی ١٩٧٩ ژمارەکە گەیشتە ١١٦ هەزار کەس. پرۆفیسۆر (هەسراتیان) ئەمە گرێدەدا بە ڕووداوەکانی باشوری کوردستانەوە (شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١ و ڕێکەوتننامەی ١٩٧٠). ڕاگواستنی زۆرەملێی کوردانی (کەفکاز ) قەوقاس لە ساڵانی ١٩٣٧ - ١٩٤٤ ڕۆڵی زۆری بینی لە پرۆسەی کەمبوونەوەی ژمارەی کورد و توانەوەیان لە نێو گەلانی دیکەی کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤیەتدا.

تا کۆتایی پەنجاکان کوردە ڕاگوێزراوەکان لە هەموو مافە دەستورییەکانیان بێ بەش کرابوون. ئەوان لە ژێر چاودێری توندی دەزگای ئەمنی و هەواڵگیری دا بوون و ڕێگەیان پێنەدەدرا بچنە دەرەوەی گوندەکانیان. بۆ ڕزگار بوون لەو بارودۆخە و بۆ ئەوەی بتوانن گەشت بکەن و بچن بۆ خوێندن زۆریان بە ناچاری کوردێتی خۆیان دەشاردەوە و خۆیان بە ئازەری و کازاخی و گەلانی دیکە ناونووس دەکرد.

سەرچاوە: ماڵپەڕی خواکورک - ڕێکەوتی: ١٦ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦

-------------------------------------------

# بۆچی لینین و گۆرباچۆڤ ویستیان كوردستانی سوور لە نێوان ئەرمینیاو ئازاربایجاندا دابمەزرێنن؟



نوسینی: وەكیل موستەفا

وەرگێڕانی: سوارە شاكەلی

لە ئەنجامی جەنگەكاندا، جەنگی سەد ساڵەی قەوقاز، جەنگی ڕوسی و توركەكان، جەنگی ڕووس و ئێران. لە سەر ئەو خاكەی كە كوردەكانی لەسەر دەژیان نزیكەی هەشت هەزار ساڵ، لە ئەنجامی ئەم جەنگانەدا ملوێنێك ئەرمەنی، یۆنانی و ئاشوری و یەزیدی و توركی و ئێرانی لە لە توركیا و ئێرانەوە گوسترانەوە بۆ ئەم ناوچەیە و نیشتەجێ كران.

ئەمەش لەسەر بیرۆكەی قەیسەری ڕووس نیكۆلای یەكەم و قەیسەرەكانی تریش كە بەدوای ئەودا هاتنەسەر حوكم تا دەگاتە نیكۆلای دووەم درێژەی هەبوو. ئەم ڕاگواستراوانە كە بوونە نیشتەجێی ئەم ناوچانە، تەنها ئەركیان پاراستنی هێزەكانی پشتوانی سوپای ڕووسی نەبوو بەرامبەر كوردە موسوڵمانەكان، كە لە بەرهەڵستی ڕووسە داگیركەرەكاندا بوون لە باكور و ڕۆژهەڵاتی كوردستاندا، بەڵكو لەسەریان بوو هەموو خواردن و ئالیكی سوپای ڕووسیا ئامادەبكەن، سەرباری ئەمانەش دەبوو وەك كرێكار كار بكەن لە ناوچەی دەرهێنانی نەوتی باكۆ و شیرڤان (بەدوورو درێژی لەسەر ئەمە نوسراوە لە كتێبەكەی مینۆرسكی دا بەناوی كورد).

لەم نیوەندەدا كریستیانەكان ناوچە شاخاویەكانیان بۆمایەوە كەدەكاتە ئەرمەنیای ئێستا، كەرەباخ و زەنگە زورە. لەگەڵ

بەردەوامی هێرشی بێکۆتایی کوردەکان. هەر لەبەر خۆپاراستنیش لەو هێرشانە ڕویان کرد لە چیاکان، بەشێکی زۆریشیان سەدان هەزار کەس دەبوون ناوچەکەیان بەجێهێشت و ڕوویان لە ڕووسیا و ئاسیای ناوەراست و ئەوروپا کرد، کە ئێستاشی لەگەڵ بێت لەو ناوچانە نیشتەجێن.
ئەو ئەرمەنیانەی کەمانەوە بەهاوکاری ڕوسە کازاخەکان زیاتر خەریکی ڕاورووتکردن و دەستدرێژکردنە سەر و بەرەنگار بوونەوەی موسوڵمانەکانی ناوچەکەبوون تادەگاتە سنوری باکۆ.

ئەم ڕاوڕوت کردن و تاڵانکاریە زیاتر پەرەی سەند لەسەردەمی جەنگی یەکەمی جیهانیدا بەتایبەت پارتی (دەشناک) کە پارتێکی شۆرشگێری ئەرمەنی بەهێز بوو، ئەمان بارودۆخی ئەوسەردەمەی بەلشەفیکەکانیان بۆ خۆیان قۆستەوەو حکومەتی دەشناکی ئەرمەنیان ڕاگەیاند کە پاتیەختەکەی شاری گویمری بوو.

هەر لەم ساڵەدا بە بیانووی پاراستنی موسوڵمانانەوە لەبەرامبەر دەستدرێژی ئەرمەنەکان، سوپای تورک هاتنەناو خواروی قەفقازەوە بۆ بەدامەزراوەکردنی تورکە ڕاگواستراوەکانی سەر خاکی کوردستان لە ناو خاکی تاڵیشی و لیزگین حکومەتێکی تورکیان بۆ دامەزراندن لەژێر دەسەڵاتی (موساڤاتدا) بۆموسوڵمانەکان.
هەرچەندە لەسەردەمی بونیادنانی سۆڤیەتدا ئەرمەنیا و ئازربایەنجان و نیکچان سەر بەیەکێتی سۆڤیەت بوون بەڵام ئەم تاڵانکاروی وڕاو ڕووتکردنەی ئەرمەنەکان لەسەر دەستی دەشناک، نەک نەتوانرا کۆتایی پێبهێنرێت بەڵکو هەر درێژەی هەبوو بۆسەر شارو شارۆچکەکانی ئازربایەنجان.

لەساڵی ١٩٢٣ لینین و لایەنگیرەکانی لەوانە کیرۆڤ ناچاربوون حکومەتی ئۆتۆنۆمی کوردستانی سور دابمەزرێنن کە دەکەوێتە نێوان ئەرمەنیاو ئازرنایەنجانەوە. تەنها ئەمکارە توانی کۆتایی بەهێرشی ئەرمەنەکان بۆ سەر ئازەربایەنجان بێنێت.

لەساڵی ١٩٣٠ دەشناکەکانی ئەرمەنیا بەتەواوەتی لەناوبران و دەسەڵاتی توندی سۆڤیەت حوکمی گرتەدەست، کوردستانی سور ئەرکی خۆی بەجێهێنا، لە کۆتایهاتنی جەنگی نێوان ئەرمەن و ئازربایەنجانیەکان، بۆیە ئیدی کەس ئیشی پێنەما، هەر لەبەر ئەمەش ستالین لەسەر داواکاری ئازربایەنجان و تورکیا و ئێران بڕیاریدا بە هەڵوەشانەوەی کوردستانی سور.
لەنجامی هەموو ئەم شەڕانەدا نزیەکەی دوو ملوێن و سێ سەد هەزار کورد تیاچوون و دوو ملوێن و نیو کوردی تریش خۆیان ناونوسکرد بە تورک کە لە ئەنجامدا ڕەگەزنامەیان گۆڕاو لەگەڵ تێپەربوونی کاتدا بوون بە تورک، ئەوەی شایانی باسە لە کۆی نزیکەی پەنجا هۆزی جیاوازی کوردی لە قەفقازی خواردا یەک کوردی تیدا نەمایەوە.

لەساڵی ١٩٨٨ لە ئەنجامی دووبارە بونیادنانەوەدا (پێری سترۆیکە) کە کۆتاییهات بەلادانی کۆمۆنیستە دیکتاتۆرەکان بوو. ئەرمەنە دانیشتوانەکانی کەرەباخ داوایانکرد کە جیاببنەوە ئۆتۆنۆمی یان خستنەسەر ئەرمەنیا، سەرەتا ئەمە بە خوێن ڕشتن دەستی پێکرد کەرەباخ نەک هەر دەوردرابوو بە ئازربایجان بەڵکو دەوری گیرابوو بە سوپای سۆڤیتیش.
لە ئازبایجانەوە ٣٠٠ هەزار ئەرمەنی دەرکران و لە ئارمەنیاش نزیکەی ٢٠٠ هەزار تورک دەرکران لەگەڵ ٢٠ هەزار کوردی موسوڵماندا.

لەساڵی ١٩٩١ سەرۆکی یەکێتی سۆڤیەت گۆرباچۆڤ گەشتە ئەو بڕوایەی کە کۆتایهێنان بە جەنگی ئەرمەنیا و ئازربایجان بە بێ پێکهێنانی کوردستانی سور کۆتایی نایات بۆیە لەمانگی ئایاری ساڵی ١٩٩١ گۆرباچۆڤ فەرمانی کرد بەسەرۆکی ئازربایجان موتالیبۆڤ کە لە ماوەی دومانگدا ئۆتۆنەمی کوردستانی سور دابمەزرێنیتەوە.

بۆ ئەوەی ئەمە ڕونەدات سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتەی تورکیا دیمیریل، حەیدەر عەلیەڤ-ی داوەتکرد بۆ ئەنکەرە و سەد ملوێن دۆلاری پیبەخشی، تاوک و خۆی بۆ شەڕئامادەبکات و بتوانێت زۆرێک لەسەرکردەکانی سوپای ئەزربایجانی پێبکرێت کارێکبکات کە بتوانن کوردەکانی کوردستانی سور دەربکەن و شارەکان تەسلیمی ئەرمەنیا بکەن بەبێ کورد، بەم کارەش نەیەڵن فەرمانەکەی گۆرباچۆڤ جێبەجێ بکرێت و بەم هەنگاوەش مەسەلەی کوردستانی سور لە ناو بابەتی ڕۆژ بهێنریتەدەرەوە.

بەڵام زۆری پێنەچوو ئازباینجان شەڕێکی گەورەی دژ بە ئەرمەنیا ڕاگەیاند کەتوانرا، قەڵای تشوشی و لاچین و کلبەجار بەبێ هیچ بەرگریەک بگرن. هەرلە مانگی هەشتی هەمان ساڵدا ئیمبراتۆریەتی سۆڤیەت کۆتایی پێهێنرا و گورباچۆڤیش لە پۆستەکەی لادرا، دیمیل لە هەموولایەکیان ژێرتر دەرچوو.

حەیدەر عەلییێڤ نەک تەنها ڕزگاری بوو لەدامەزراندنی کوردستانی سور، بەڵکو پارەیەکی زۆریشی دەستکەوت کە بە هاوکاری نەخچکەلانی و بەرەی گەل و تورکەکانی ئەرمەنیا بەبی هیچ بەرگریەکی سەرۆک و لە هەڵبژاردندا کورسی سەرۆکایەتی ئازربایجانی زۆر بە ئاسانی بۆ چۆڵکرا. ئەو هەڵسا بەدەرکردنی هەموو خۆبەخشەکان و بەزیادەوە پێنج شار یتری کوردەکانی پێشەکەش بە ئەرمەنەکان کرد. هەستا بە سەقامگیرکردنی ئاشتی لەگەڵ ئەرمەنەکان و کەرەباخیشدا، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت لە واقیعدا دانی نا بە سەربەرخۆی کەرەباخدا. لەگەڵ مردنیشیدا کوڕەکەی لەجێی خۆی دانا ئیلهام ئەلییێڤ.
ئەمەش ئەوەدەگەیەنێت کە هەتا ئیلهام عەلییێڤ لە ژیاندابیت کەرەباخ و کوردستانی سور ناگەڕێتەوە بۆ لای ئازربایجان،

بەمانایەکی تر جەنگ بەرپانابێت.

ئەو نایەویت کوردەکان بگەڕێنەوە بۆ کەرەباخ و کوردستانی سور کە باوکی بەهەموو شێوەیەک کاری لەسەر ئەمەکردووە. هەر لەبەر ئەمەشە کە تورکەکان نەهاوکاری ئازربایینجانیان کرد و نەهاوکاریشی دەکەن بۆ گەڕانەوەی کوردستانی سور و نیشتە جێبوونی کوردەکان تیایدا.

سەرباری ئەو تراژیدیا گەورەیەی کە بەرۆکی کوردەکانی قەفقازی گرت، بەلام سالّی ١٩٩٢ کوردەکان توانیان لە لاچین کۆببنەوەوە پیشانی جیهانی بدەن کە کوردستان خاکی تورکەکان نی یە هەرکاتێک بیانەوێت بیفرۆشن بە ئەرمەنیەکان، وە بە ئەرمەنەکانیشیان نیشاندا کە کوردستان خاکی ئەرمەن نیە و هەرکات و هەرکەی ویستیان بیخەنەسەر وولاتەکەیان.

پەندێک هەیە ئەڵێ هێشتا ئێوارە نەبووە، هیچ کەسێکیش توانای ئەوەی نی یە تا کۆتایی ژیانی لەسەر ئەم زەویەبژێت( پەندێکی رووسیە). بونیادنانی پەیوەندیەکی دەراوسێیانەی ئاشتیانە لە نیوان ئەرمەنیا و ئازربایینجاندا بەهیچ شێوەیەک ڕێی تێناچێت بەبێ دامەزراندنەوەی کوردستانی سوور لە نێوانیاندا، هەر هەوڵێکی تر بەدەر لەمە بدرێت وەک ئەوە وایە ددان بۆ مریشک دابنرێت هەتاوەکو بیهێنیتە زەردەخەنەکردن (پەندێکی ڕوسییە) ئەمەش هەرگیز ڕوونادات.

وەک دەڵێن ئەو میللەتەی کەناتوانێت سوود لە مێژووی وەربگرێت، ئەوا دۆڕاندنی بەسەردا سەپێندراوە، هەر ئەو ڕووسانەی کە کوردستانی سووریان نەهێشت بەهەمان شێوەش کاریان کرد بۆ هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیەت. بەداخەوە ئەوان نەیان توانی لەمە دەرسێکی باش وەربگرن، بەڵکو بەردەوامن لە درێژەدان بە دژایەتی کردنی مافی کوردەکان ئەوە دووسەد ساڵ تێدەپەڕێت.

سوپای تازەی ئازربایینجان لەسەر زەویە کوردیەکان لە ئەنجامدا ڕووسیای فیدراڵ ناگەیەنێتە نزیک بوون لە هەڵوەشاندنەوە؟

میللەتانی ئازەربایینجان و ئەرمەنیا هەتا سەر پێویستیان بەم دوژمنکارێتییە؟

ئەگەر بەڵێ ئەوا درێژە بەم بارودۆخە بدەن. ئەگەریش نا ئەوا با کات خۆی دادوەریێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ١٦ی نۆڤەمبەری ٢٠١٨

# کوردەکانی ئازەربایجان



رەمەزان کەریم

## ١

ناوچەی کوردستانی سوور-ی پێشووی کۆماری ئازەربایجان (لاچین، کەلبەجەر، گوبادلی و ناحیەکانی زەنگیلان)، هەروەها ئەو کوردانەی لەکۆماری سەربەخۆی نەخجەوان دەژین، بەکوردەکانی ئازەربایجان ناودەبرێن.

شەڕی «قەرەباغ» کە ساڵی ١٩٨٨ لەنێوان ئازەرییەکان و ئەرمەنییەکان روویدا، کوردەکانی دانیشتووی کوردستانی سووری بەتەواوی خستە دۆخی پەنابەرێتی نێوخۆییەوە. لەئەنجامی داگیرکردنی کوردستانی سوورو ناوچەی سەربەخۆی کاراباغ (١٩٩٢ - ١٩٩٣) لەلایەن سوپای ئەرمەنییەکانەوە، ئەو کوردانەی لەوێ دەژیان، ناچار بوون پەنا بەرن بۆ هەرێمە جیاجیاکانی کۆماری ئازەربایجان.

لاچین لە ١٧ - ٥ - ١٩٩٢، کەلبەجەر لە ١٢ - ٤ - ١٩٩٣، گوبادلی لە ٣١ - ٧ ؛ ٢٩ - ١٠ - ١٩٩٣ داگیرکراون، کوردەکانی کوردستانی سووری پێشوو، ئێستا وەک پەنابەر لەهەموو پارێزگاکانی ئازەربایجان دەژین.

بەشێکی بەرچاوی کوردەکانی نەخجەوان، ساڵی ١٩٣٧ لەئەنجامی پیادەکردنی سیاسەتی دوورخستنەوە کە لەلایەن ستالین - ەوە پیادەکرا، کەوتوونەتە سنووری کازاخستان و ئاسیای ناوەڕاست، هەروەها بەشێکی بەرچاوی کوردەکانی نەخجەوانیش

که ژمارەیان دەگاتە ٢٠ هەزار کەس، دوای دەیەی ١٩٩٠ بەهۆکاری سیاسی - ئابووری کۆچیان کردووە بۆ روسیاو ئاسیای ناوەڕاست.

لەئەنجامی هەموو توێژینەوەیەکی مێژووییدا ئەم راستییە دەرکەوتووە کە گەلی کوردو هەموو ئەو گەلانەی لەسنووری جوگرافی کوردستاندا دەژین، بەدرێژایی مێژوو وەکو دەماری سەرەکی لە پاڵ یەکدا نیشتەجێبوونە، هەریەک لەنەتەوەکانی کورد، ئەرمەنی، ئاشووری و ئازەری لەسەر خاکی نێوان سێ گۆلە سەرەکییەکەی میزۆپۆتامیا (گۆلی وان، گۆلی ورمێ، گۆلی سەڤان)دا لەناو یەکدا شانبەشان و لەشێوەی دەماری هاوتەریب ژیاون.

لەڕووی زەمەنەوە کوردەکانی ئازەربایجان وا چەندین نەوەیە لەو وڵاتە دەژین، دەرفەتی ئەوەمان نییە بگەڕێینەوە بۆ کۆچەکانی بەر لەساڵی ١٥٨٧، بۆیەش وامان بەڕاست زانی کە ئەو کوردانەی ئێستا نیشتەجێی خاکی باکووری ئازەربایجانن، وەکو سەرەتایەکی مێژوویی و یەکەم نەوەی کوردەکانی ئازەربایجان بناسێنین، کە لەسەدەی ١٦ یەم بەولاوە هاتوون، ئەم نەوەیە لەسەداسەد کەوتۆتە ژێر کاریگەری سیاسەتی تواندنەوەو لەهەموو تایبەتمەندییە نەتەوەییەکانی دابڕاوە.

نەوەی دووەم، ئەو کوردانە دەگرێتەوە کە لەدوای ١٥٨٧ەوە کۆچیان پێکراوە، ژمارەیان دەگاتە دیان هەزار کورد، شوناسی عەشیرەیی خۆیان بزرکردووەو نامۆن لەگەڵ شوناسی نەتەوەییشیان.

نەوەی سێیەم، ئەو حەشیمەتن کە لەدوای سەدەی ١٦یەمەوە، بەتایبەت لەکۆتایی سەدەی ١٩یەم و سەرەتای سەدەی بیست ەوە، لەخاکی کوردستانەوە بۆ ئەو وڵاتانە دوور خراونەتەوە.

لەسەدەی ١٩یەمدا شەڕە یەک لەدوای یەکەکان، قەیرانە ئابووری - کۆمەڵایەتییەکان، هەم لەنێوان ئێران - قەفقاس، تورکیا - قەفقاس و، هەم لەناو خودی قەفقاس بەتەنیا، وایکردووە کە ئەم کۆچی بەکۆمەڵەی کوردەکان رووبدات.

راستییە مێژووییەکان ئەوە دەردەخەن کە دەمارێکی کوردی لەناوچەی سەرحەدی باکووری کوردستانەوە دەست پێدەکات و بەسەر ویلایەتی نەخجەوان و ناوچەکانی ڤەدی و سیسیان-ی کۆماری ئەرمەنستانی ئێستادا تێپەڕ دەبێت، پاشان دەگاتەوە کوردستانی سوورو ناحیەی گەنجە، هەروەها دەمارێکی کوردی تریش لەشاری خوی (رۆژهەڵات)ەوە بۆ کوردستان سوور درێژ دەبێتەوە.

لەسەدەکانی ١٨ و ١٩، بەتایبەت سەرەتای سەدەی بیستەم دا، کوردەکان لەنەخجەوان، شەرور - دەرەلەز، سیسیان، قەرەباغ، گەنجەو تەنانەت لەخاکە مێژووییەکەی کوردستانی سووردا لەشێوەی زنجیرە دوورگە نیشتەجێبوون.

## کوردەکانی ئازەربایجان کۆچەکان. تێکەڵاوبوون

## ٢

بەڵگە مێژووییەکان دەیسەلمێنن کە رەچەڵەکێکی کوردی لەناوچەی سەرحەد ی باکووری کوردستانەوە، تاکو ویلایەتی نەخجەوانو سیسیان لەئەرمەنستان، هەروەها بەسەر هەرێمەکانی ڤەدیو کوردستانی سوور، لەوێشەوە تاکو گەنجە درێژدەبێتەوە، رەچەڵەکو دەمارێکی تریش لەشاری خوی-یەوە بۆ کوردستانی سوور.

لەسەرەتای سەدەکانی ١٨- ١٩- ٢٠ کوردەکان لەنەخجەوان، شەرور دەرەلەز، سیسیان، قەرەباغ، گەنجەو تەنانەت لەخاکی کوردستانی سووردا بناغەی رەچەڵەکی خۆیان داکوتا. لەنێوان ئەو کۆمەڵگە کوردییانەی کە وەک دەماری کوردی باسمان کردوون، حەشامەتی ئەرمەنی و ئازەریش زۆربوونو ئەمەش جۆرە تێکەڵاوییەکی دروستکرد، ئەنجامەکەشی ئەوەبوو کە کوردەکانی ئەو ناوچانە لەناو کۆمەڵگەی ئازەریدا توانەوەو وەک ئازەری ناسران.

لەنێوان ساڵانی ١٩٢٣ - ١٩٢٩دا بەهۆی سیاسەتەکانی مۆسکۆو قۆناغی «کوردستانی سوور»، هەروەها سیاسەتەکانی حکومەتی ئازەربایجان بەرامبەر بەکوردەکان، کوردەکان لەگۆشەگیریدا ژیاون و بەهۆی پەیوەندییە ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و کەلتوورییەکانیان لەگەڵ ئازەرییەکاندا، هەروەها زۆرەملێ و گوشاری جۆراوجۆر، ئاوێتەبوون و تواونەتەوە.

لەدەیەی ١٩٣٠ دا لەسەر رەگەزنامەی کوردەکان نووسرا «هاووڵاتیی ئازەربایجان» و، بەم شێوەیەش کوردبوون بەڕەسمی قەدەغە کرا.

لەساڵانی ٧٠ی سەدەی رابردوودا تەنها ئۆرگانێک کە بەناوی کوردایەتییەوە مابوو، ژوورێک بوو سەر بەئەکادیمیای زانستەکانی ئازەربایجان، بەڵام ئەویش هەڵگیراو چیتر وشەی «کورد» لەو وڵاتەدا نەبیسترایەوە.

**ئەمەی خوارەوە رەهەندە جیاجیاکانی ئاسیمیلەکردنی بەزۆری کوردەکانە لەسەدەی بیستەمدا:**

لە بەڵگەنامەیەکی ساڵی ١٨٨٠دا، لەناحیەکانی گوبادلیی ئێستا، لاچین، کەلبەجەر، زەنگیلان و جەبرایل، دەوڵەت لیستێکی ناوی گوندەکانی ئامادە کردووە، لەلیستەکەدا ناوی ئەو گوندانەش هاتووە کە دانیشتووانەکەی بەزمانی کوردی قسە دەکەن: کۆر جەلالی، عەبدالار (ناوە کۆنەکەی شارۆچکەی لاچین)، زەرتی، کاری کەهاسی، مینکەند، کونابلی، کۆدەکلەر، مۆلو، شخۆڤا، گازی کوردەلیلەر، پاش ٩٠ ساڵ، واتە لەساڵی ١٩٧٠ لەم گوندانەدا تەنانەت یەک کەسیش نەبووە کە بەزمانی کوردی قسە بکات.

ساڵی ١٩٣١ لەگوندی زەریت (شارۆچکەی لاچین) کە دووەم نەوەی کوردەکانی ئازەربایجان دەگرێتەوە، لە ٢٨٠ کەس تەنها پێنج کەسی بەساڵاچوو، ئەویش بەزۆر چەند وشەیەکی کوردی لەبیرمابوو، دیسان هەر لەو نەوەی دووەمە، لەگوندی میریک (شارۆچکەی لاچین) کە حەشیمەتەکەی ٣٧٤ کەس بوو، ٣١ کەسیان، لەگوندی تاتلار (شارۆچکەی کەلبەجەر) کە ژمارەیان ٢٢٥ کەس بووە تەنها بەساڵاچووەکانیان توانیویانە بەزۆرو بەخێچوخواری کوردی قسە بکەن.

ئەوەش هەڵەیە کە دەوترێت کوردەکانی نەخجەوان زمانی خۆیان فەرامۆش نەکردووە. لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا کوردەکانی گوندی کیلیتی سەر بە نەخجەوان، کە لەسەردەمی نادرشا دا پەلکێشی ئێرە کراون، تەنها پیرو بەساڵاچووەکانیان هەندێک کوردییان دەزانی.

ساڵی ١٨٩٧ کە سەرژمێری گشتی دەکرا، بەپێی تۆمارەکان لەهەموو قەفقاس ئەو کوردانەی بەزمانی زگماکی قسەیان دەکرد ژمارەیان ٩٩.٨٣٢ بووە، لەناوچەی یەلیزاڤێت پۆلی کوردستانی سووریش ٣٠٤٢ کورد بەزمانی خۆیان قسەیان دەکرد (ئەوانەی بەڕەگەز کورد بوون، ژمارەیان زۆر لەوە زیاتر بووە)، هەموو ئەمانەو دۆخی ئەتنۆ-دیمۆگرافیای کوردەکان لەبەرەبەری سەدەی بیستەمدا تۆمار کراوە.

**بەپێی ئامارو داتاکانی یەکەم چارەکە سەدەی بیستەم، ئەنجامەکانی سەرژمێریی ساڵی ١٨٩٧ بەم شێوەیە بووە:**

لەسەرژمێری ساڵی ١٩٢٦دا لەناو ٣٧.١٨٢ کورد کە لەکوردستانی سوور تۆمار کراون، ٣.١٢٣ کورد بەزمانی کوردی قسەیان کردووە، هەر پەیوەست بەم سەرژمێرییە، «ئیلیاسۆڤ» پشکنەری نارکۆمپرۆسی ئازەربایجان لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتی

کردووەو تیایدا هاتووە کە ژمارەی ئەو کوردانەی لەکوردستان بەزمانی کوردی قسە دەکەن، بەپێی شوێنی نیشتەجێبوونیان دەستنیشان دەکرێت.

## مافی کەمینەکان

### ٣

جگە لەچالاکییەکانی ژووری کوردیی سەر بەئینیستوتی زانستەکانی رۆژهەڵات لەئەکادیمیای زانیاریی ئازەربایجان، کە لەدەیەی ١٩٦٠ دوای ماوەیەکی کورت داخرا، لەدەیەی ١٩٣٠ تاکو ١٩٩٠ لەژێر ناوی کوردایەتیدا رێگە بەهیچ جۆرە خەبات و چالاکییەک لەئازەربایجان نەدراوە.

دوای راگەیاندنی سەربەخۆیی کۆماری ئازەربایجان (١٩٩١)، سەرکردەکانی ئەو وڵاتە کە لەتەواوبوونی پرۆسەی تواندنەوەی نەتەوەیی (Assimilation) لەسەر کوردەکان دڵنیابوون، بەمەبەستی پیشاندانی نیازپاکییان لەمەڕ مافی کەمینەکان بەرامبەر بەکۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، زەمینەی هەندێک چالاکیی راگەیاندنیان بۆ کوردەکانی نیشتەجێی ئەو وڵاتە خۆشکرد، لەوانەش: سێ رۆژنامە بەناوەکانی «رۆناهی، دەنگی کورد، دیپلۆمات» کە بەهەردوو زمانی کوردی- ئازەری بڵاودەبوونەوە، کردنەوەی رادیۆیەکی کوردی کە لەهەفتەدا ٣٠ دەقە پەخشی هەبوو، هەروەها رێگەدرا لەساڵێکدا یەک دوو کتێبی ئەدەبی کوردیش چاپ بکرێت.

ئەمە هەنگاوێکی ئەرێنی بوو، بەڵام لانیکەم سەد ساڵ بەدرەنگی کەوتبوو، ئەمە قەرەبووی گۆشەیەک لەو ستەمەشی نەدەکردەوە کە وەک باگردێن بەسەر پشتی کوردەکانی ئازەربایجاندا کێشرابوو، هەروەک هیچ دەوڵەتێک لەرووی کلتوورییەوە هاوکاری کوردەکانی نەکردووە، لایەنە نەژادپەرستەکانی ئازەربایجانیش رێگەیان لەهەموو جۆرە پێشکەوتنێکی کلتووری گرتووە، بەهەر شێوازێک کە بەئەقڵی مرۆڤدا دێت.

ئەم لایەنانە، بواریان نەداوە بەهیچ هەنگاوێک کە تەنانەت یەک ملم لەخزمەتکردن بەدەوڵەت دوور بکەوێتەوە.

ئەو کوردانەی لەهەرێمی کوردستانی سووری کۆن (لاچین، کەلبەجەر، گوبادلی و زەنگیلان)، هەروەها لەکۆماری سەربەخۆی نەخجەوان ژیاون، بەکوردی ئازەربایجان دەناسرێن.

## ژمارەکان درۆ ناکەن

پێشتریش ئاماژەمان بەوە کردبوو کە ئەو ژمارەو ئامارانەی لەسەردەمی ئیمپراتۆریەتی روسیا، لەسەر کوردەکان تۆمار کراون، راست و جێی متمانە نین، با سەیری ئاماری رەسمی کوردەکان بکەین لە بەڵگەنامەکانی ئازەربایجان، لەنێوان ساڵانی ١٨٥١ - ١٩٢١ دا:

ساڵی ١٨٥٥: ١٢.٢٤٨
ساڵی ١٨٧٣: ١٥.٣٦٦
ساڵی ١٨٨٦: ٣٤.١٦٢ / ٣٣.٨٣٠
ساڵی ١٨٩٧: ٣.٠٤٢
ساڵی ١٩٠٢: ٤٤.٠٠٠
ساڵی ١٩٠٩: ٥٢.٠٠٠
ساڵی ١٩٢١: ٢٩.٧٤١

جێی ئاماژەیە، ژمارەی کوردەکانی نەخجەوان لەدەرەوەی ئەم ئامارە تۆمارکراوە.

لەکاتێکدا ساڵی ١٩١٧ ژمارەی کوردەکانی قەفقاس بە ١٣٢.٢٥٧ کەس تۆمارکراوە، بەپێی ئاماری ساڵی ١٩٢٦ ژمارەی کوردەکان دابەزیوە بۆ ٥٣.١٧٣ کەس.

لەسەرژمێری گشتی ساڵی ١٩٥٩دا ژمارەی کوردەکانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو بەگشتی ٥٨ هەزار کەس تۆمارکراوە، لەسەرژمێری ساڵی ١٩٧٠دا ٨٩ هەزار کەس، لەسەرژمێری ساڵی ١٩٧٩دا ١١٦ هەزار کەس، لەسەرژمێری ساڵی ١٩٨٩دا ١٥٣ هەزار کەس تۆمارکراوە.

بەپێی سەرژمێری رەسمی کۆماری ئازەربایجان، لەساڵی ١٩٢٦دا ژمارەی کوردەکان ٤١.١٩٣ بووە. لەمانەش تەنها ١٠.٢٥٢ کەسیان توانیویەتی بەزمانی کوردی قسە بکات، ساڵی ١٩٢٦ لەکوردستانی سووردا ٣٧.١٨٢ کورد ژیاون و ٧.٣٥٥ کەسیان بەزمانی کوردی قسەیان کردووە، لەکۆماری سەربەخۆی نەخجەواندا ٢.٨٩٧ کورد ژیاون و هەموویان بەکوردی قسەیان کردووە.

بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٧٩ تەنانەت کوردێکیش لەسنووری کۆماری ئازەربایجاندا نەژیاوە، سیاسەتی رەسمی کۆماری ئازەربایجان بەرامبەر بەکوردەکان پێویستی بەهەڵسەنگاندن نییەو زۆر ئاشکرایە کە چۆن لەرابردوودا کار کراوە بۆ لەناوبردنیان.

بەڵگە مێژوویییەکان پیشانی دەدەن کە لەسەردەمی یەکێتی کۆمارە سۆسیالیستەکانی سۆڤیەتدا، ئیدارەی ئازەربایجان بەهەماهەنگی لەگەڵ مۆسکۆ سیاسەتی پاکتاوکردنی کوردەکانی ئەو وڵاتەیان جێبەجێکردووە، ساڵی ١٩٢٦ کە ٤١ هەزار کورد لەو وڵاتەدا هەبووە، چۆن دوای ٥٣ ساڵ بەجارێک کۆتاییان هاتووە؟ ناکرێ بەهیچ شێوازێکی تر باس لەم واقیعە مێژووییە بکرێت.

## کوردەکانی ئازەربایجان حەشیمەتێکی ٥٠٠ هەزار کەسی

## ٤

کوردەکانی قەزای لاچین، سەر بەکوردستانی سووری کۆن، لەساڵی ١٩٧٩دا بە راپەڕینێکی شەرەفمەندانە توانیان تاڕادەیەک بناغەکانی سیاسەتی پاکتاوی رەگەزی بهەژێنن. لەسایەی ئەو خۆڕاگرییەی کە دانیشتوانی گوندەکانی «کامالی و کاراکەش» پێشەنگایەتییان دەکرد، لەسەرژمێری ساڵی ١٩٨٩دا ژمارەی کوردەکانی ئازەربایجان بە ١٢ هەزار کەس تۆمارکرا.

ئێستا ژمارەی کوردەکانی ئازەربایجان ٥٠٠ هەزار کەس دەبێت. لەلایەکەوە لەکوردبوونی خۆیان دابڕاون، لەلایەکی تریشەوە دۆخی پەنابەری.

ساڵی ١٩٣٦ لەسەر رەگەزنامەی هاووڵاتییانی ئازەربایجان بەگشتی نووسراوە کە رەگەزیان ئازەربایجانییە، ساڵی ١٩٧٩ لەئازەربایجان، تەنانەت یەک مرۆڤیش وەکو کورد تۆمارنەکراوە - ئەردۆگان ئاڵپ ئەرسەلان)، لەبەر ئەوەی ئێستا کوردەکان لەشێوەی بنەماڵەدا لەناوچە جیاجیاکانی ئازەربایجان بڵاوبوونەتەوە، نەهێشتنی ئاسەوارەکانی سیاسەتی پاکتاوی رەگەزی بۆتە شتێکی مەحاڵ.

ئێستا کوردەکانی ئازەربایجان لەدۆخێکی ناخۆشدان، لەلایەکەوە لەکوردبوون دابڕاون، لەلایەکی تریشەوە پەنابەرن،

بەداخەوە هەر خودی کوردەکان گەورەترین دوژمنایەتییان لەگەڵ بوونی خۆیان کردووە، عیسا قەمبەر فوزولی کە خۆی لەدایکبووی گوندێکی کوردنشینەو سەرۆکی پارتی «موساوات»ە، حزبە نەژادپەرستەکەی بەردەوام هەوڵێستی دوژمنکارانەیان بەرامبەر بەکورد هەبووە، نیوەی کوردەکانی قەفقاس لەئازەربایجان دەژین. ئێستا نزیکەی ٥٠٠ هەزار کورد لەو وڵاتەدا ژیان بەسەردەبەن، بەداخەوە لەو ٥٠٠ هەزار کوردە تەنها ١٠ هەزاری خۆی بەکورد دەزانێت و بەشێکیان بەکوردی قسە دەکەن، ئەمەش دەرەنجامی ئەو سیاسەتەیە کە لە دژی کوردەکانی ئازەربایجان بەڕێوەچووە.

## پاکتاوی رەگەزی

دوای سیاسەتی تکوڵێکردنی کوردەکان لەلایەن دەوڵەتی ئازەربایجان، هەر لەسەردەمی یەکێکی کۆمارە سۆسیالیستەکانی سۆڤیەتەوە، هەروەها پاش ٧٠ ساڵ جێبەجێکردنی پاکتاوی رەگەزی، ئێستا ئەو کوردانە لەگەڵ شوناسی نەتەوەیی خۆیان بێگانەن. ئەو قۆناغە کە تێیدا نووسەرو سیاسەتمەدارە ئازەرییەکان هەوڵیانداوە پێکهاتە جیاجیاکان لەناو یەکدا بتوێننەوە بەناوی «توانەوەی نەتەوەیی خۆویست»، لەلایەن زۆر توێژەری کوردو بیانییەوە بە »جینۆسایدی سپی» ناودەبرێت.

شتێک بەناوی «توانەوەی نەتەوەیی خۆویست» لەئارادا نییەو زۆر دوورە لەخوێندنەوەی زانستی؛ ئەمە پێناسەیەکی زۆر ناشارەزایانەیە. تواندنەوەی نەتەوەیی یان پاکتاوی رەگەزی، دەرەنجامێکی ئیتنیکی - سیاسییە کە سیستمی پەیوەندییە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان دروستی دەکات. ئەمە دیاردەیەک نییە کە خۆویست و خۆنەویستی هەبێت.

راستییە دیمۆگرافی و ئەتنۆکەلتوورییەکانی ئازەربایجان، وامان لێدەکات کە وەک مانشێتی سەرەکی گرنگی بەهەموو جۆرەکانی پاکتاوی رەگەزی بدەین، بەوانەشەوە کە لەژێر گوشارو زۆرەملێدا کراون.

وێڕای ئەمانەش، هەندێک کورد توانیویانە بەشوناسی ئازەریی بگەنە پۆستە باڵاکانی دەوڵەت. بۆ نموونە »فەتح عەلی خانی هۆیسکی» پارێزەرو ئەندامی مەجلیسی ئیمپراتۆریی روسیا، هەروەها دواتر لەساڵی ١٩١٨ یەکەم سەرۆکی کۆماری دیموکراتی ئازەربایجانی سەربەخۆ، بەڕەگەز کورد بووە.

«سورەت حسێنۆف» سەرۆک وەزیرانی ئازەربایجان کە بەڕەگەز کوردەو، وەک فەرماندەیەکی ئازەربایجانیش بەشدار بووە لەجەنگی قەرەباغ (١٩٩٣- ١٩٩٤).

«عیسا قەمبەر» سەرۆکی پارتی نەژادپەرستی موساوات، سیاسەتمەداری ئازەری - کورد. ساڵی ١٩٩٢ سەرۆک کۆماری ئازەربایجان بووە بەوەکالەت، ساڵی ١٩٩٣ سەرۆکی پەرلەمانی ئازەربایجان بووە.

«حەیدەر عەلییێڤ» سەرۆک کۆماری پێشووی ئازەربایجان، بەڕەگەز کوردەو لەدایکبووی ئەرمەنستانە، وا ناسراوە کە کوردبوونی خۆی هەر پاراستووەو گرنگی داوە بەشوناسی نەتەوەیی، بەواتایەکی تر، باڵاترین پۆستە دەوڵەتییەکانی ئازەربایجانی ئەمڕۆ بەدەست کوردەکانەوەیە.

## کوردەکانی ئازەربایجان و دوو سەرۆک کۆماری کورد

## ٥ و کۆتایی

هەندێک لەکوردەکان بەشوناسی ئازەری توانیان بگەنە باڵاترین پۆستە رەسمییەکانی ئەو وڵاتە.

ئیلهام حەیدەر، چوارەم سەرۆک کۆماری ئازەربایجانە، کوڕی حەیدەر عەلییێڤ-ی سەرۆک کۆماری پێشووە، سەرۆکی حزبی ئازەربایجانی نوێیە.

رامیز ئەنوەر ئۆغڵو مەهدییێڤ، سەرۆکی نووسینگەی سەرۆکایەتی کۆماری ئازەربایجان، راوێژکاری دەوڵەتی ئازەربایجان و مامۆستای ئەکادیمیای زانستە میللییەکانی ئازەربایجان.

حاجی باڵا ئەبوتالیبۆڤ، قایمقامی باکو.
عەلیشانۆڤ عارف دوزەن ئۆغڵو، ئابووریناسی ئازەربایجانی، ئەندامی رێکخراوی زانستە ئابوورییەکان، سەرۆکی رادیۆو تەلەفزیۆنی ئازەربایجان.

ڤاسف تالیبۆڤ، ئەندام پەرلەمان و سەرۆکی مەجلیسی باڵای سەربەخۆی نەخجەوان.

بەیلەر ئەیوبۆڤ، لێپرسراوی پاسەوانە تایبەتەکانی سەرۆک کۆمار.

لەسەردەمی یەکێتی سۆڤیەتدا، کوردەکانی ئەرمەنستان بۆ پێشخستنی کلتووری نەتەوەیی هەموو جۆرە دەرفەتێکیان بۆ رەخسێنرابوو، لەئازەربایجان ئەو دەرفەتە نەبوو، لەبەر ئەوەش کوردەکانی ئەرمەنستان لەناو خۆیاندا گروپی رۆشنبیرانی کوردیان پێکهێنا کە بەتایبەت کاریان لەسەر کلتووری کوردی دەکردو شێلگیرانە بەلایەنی کلتووریی کێشەی کوردەوە خەریک بوون.

حاڵی حازر، لەناو کەسە چالاکەکانی ئێمەدا ئەو ناوانە هەن: «کامیل حەسەنۆڤ سەرۆکی ناوەندی شارستانیەتی کوردیی (رۆناهی)، تاهیر سلێمان سەرنووسەری رۆژنامەی (دیپلۆمات)، هەروەها نووسەری کورد ئەحمەدی حەپۆ.

بەڵگە مێژووییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە سیاسەتی پاکتاوی رەگەزی لە سەدەی ١٧ هەمەوە لەسەر کوردەکانی ئازەربایجان پەیڕەو کراوە، پاشان لە سەدەکانی دواتردا کە ئاسەواری کوردەکانی شەددادی دیار نەماوە (ئەو کوردانەی لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی شەددادیدا ژیاون و حوکمیان بەدەستەوە بووە)، ئەو راستییەمان بۆ دەسەلمێت کە لەدوای داگیرکردنی ئازەربایجان لەلایەن سەلجوقییەکانەوە، ئەو کوردانە رووبەڕووی سیاسەتی تواندنەوە و پاکتاوکردن بوونەتەوە.

ئەو بەڵگانە وێڕای هەموو کەموکوڕییەکیان، دەیسەلمێنن کە ئەو کوردانەی لە سەدەی نۆزدەهەمدا لە کوردستانی قەفقاس نیشتەجێبوون، لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەمەوە بەئاشکرا کار بۆ پاکتاوکردنیان کراوە.

**دەتوانین هۆکارەکانی پاکتاوی رەگەزی کە تا ئەو قۆناغە درێژەی هەبووە، بەچەند فاکتەرێک شی بکەینەوە:**

١- لەو ناوچانەی کوردەکان تێیدا ژیاون، بەتایبەت لەسەر ئەو خاکانەی کە کوردستانی سوور بەجوگرافیای کوردستانەوە دەبەستێتەوە (خۆرئاوای کوردستانی سوورو هەندێک لە خاکەکانی باشووری خۆرئاوا تاکو رووباری ئاراس)، لەسەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەمەوە ژمارەیەکی زۆر خەڵکی ئەرمەنی گوازرانەوە بۆ ئەو شوێنانە، هەروەها خەڵکی ئازەری هێنرا بۆ ئەو خاکانەو، بەرە بەرە کوردەکان توانەوەو لەکوردبوونی خۆیان دابڕان.

٢- دابڕانی ئەو کوردانە تەنها لە خاکی کوردستانی گەورە نەبوو، بەڵکو لەناو خۆشیاندا لێک دابڕان، بەهۆی پێشهاتە سیاسییەکانەوە خەڵکێکی زۆر لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر ئاوارە بوون، هەندێک کەس لەدەست گوشارە سیاسییەکانی عەشیرەتەکەی رایکردبوو، ئەمەش وایکرد خەڵک زوو زوو جێگۆڕکێ بکات و دابڕانەکان هێندەی تر قووڵ بوونەوە. کوردەکانی کوردستانی سوور، بەتایبەت لەسەدەی نۆزدەهەمدا بەیەکجاری لەبەشەکانی تری نەتەوەکەیان دابڕان و تووشی

جۆرێک لەگۆشەگیری بوونەوە، «ئاڤەریانۆڤ» یەکێک لەئەفسەرە پلەبەرزەکانی سوپای روسیا لەسەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەمدا نووسیویەتی: «کوردەکانی ئەیالەتی یەلیزاڤێتپۆل بەتەواوی لەکوردی ناوچەکانی تری روسیا دابڕاون و گۆشەگیر کراون.

٣- جموجوڵی بەردەوام، کۆچکردن لەکەشوهەوای سەختدا، هەڵچوون بەشاخە ئاسێکاندا، هەمووی وایکردووە کە پەیوەندییە عەشایەرییەکان لاوازبن، لەکاتێکدا پەیوەندیی عەشایەری رۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لەپاراستنی چۆنایەتی نەتەوەیی.

٤- خەڵکی کوردستانی سوور کە لەڕووی نەتەوەییەوە تووشی گۆشەگیری بوون، بەدرێژایی سەد ساڵ پەیوەندیی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییان لەگەڵ ئازەرییەکان و تارادەیەکیش لەگەڵ ئەرمەنییەکان هەبووە، پێداویستییە سەرەکییەکانی ئەو کوردانە کە زیاتر بەکاری ئاژەڵدارییەوە سەرقاڵ بوون، لەڕێی پەیوەندییە بازرگانییەکانیان لەگەڵ خەڵکی ئازەرییەوە دابینکراوە، کوردستانی سوور لەسەدەکانی دواییدا لەناو دابەشکردنە سیاسی و هەرێمییەکاندا جێگەی گرتووەو ناوەندەکەشی قەرەباڵغ بووە، پەیوەندییە سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابوورییەکان، فێربوونی زمانی ئازەری بۆ ئەوان کردۆتە ناچارییەک.

٥- پەیوەندی ئابووریی بەردەوامو لاوازبوونی پەیوەندییە عەشایەرییەکان، وایکرد لەسەر زەمینەی ئاینی هاوبەش، خزمایەتی لەنێوان کوردەکانو ئازەرییەکاندا زیاد بکات.

٦- هاودینی لەو وڵاتەدا وایکردووە (کوردەکانی ئازەربایجانیش وەک ئازەرییەکان شیعەن) کە نەتەوایەتی بەپلەی دووەم بێت و لەکەشێکی وەهاشدا نزیکایەتی کوردو ئازەری زۆر بەهێز بووە.

هەموو ئەمانە لەگەڵ خۆشکردنی زەمینەی پاکتاوی رەگەزی، بەرە بەرە جێبەجێکردنەکەشی مسۆگەر کردووە.

سەرەڕای هەموو ئەوانەی کە باسکرا، تاکو سەرەتاکانی سەدەی بیستەم ئەو پاکتاوی رەگەزییەی لەسەر کوردەکان پەیڕەو کراوە، بێگومان بەزۆرەملێ کراوەو بەویستی کوردەکان خۆیان نەبووە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ی. ن. ک - PUKmedia - ڕێکەوتی: ١٨ی ئەپریلی ٢٠١٣

-----------------------------------------

# ئەدەبیاتی کوردی لە ئەرمەنستانی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوودا

## ئەرمەنییەکان لەدوای کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی، حەزیان دەکرد کوردستان ببێتە دەوڵەت



**فەرهاد پیربال**

ئەدەبیات و کولتووری کورد لە یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوودا، بە تایبەتی لە کۆماری ئەرمەنستاندا، ئەگەرچی مێژوویەکی دێرینی نییە، بەڵام لە چارەگی یەکەمی سەدەی بیستەمەوە توانیویەتی ناسنامەیەکی جیاکەرەوەی خۆی هەبێت و ڕۆڵێکی باش ببینێ لە بەرەوپێشبردنی کورد.

کوردی ناو کۆمارەکانی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو (لە ئەرمەنستان، گورجستان، جۆرجیا، ئازەربایجان، تورکمەنستان..هتد) بە شێوەیەکی تێکڕا ژمارەیان دەگاتە ملیۆنێک کەس.

زۆربەی مێژوونووسان ڕایان وایە، کورد لەپێش سەدەی یازدەهەمەوە لە قەوقاس هەبوونە، لە ناوچەکانی دەوروبەری ئەرمەنستان و گورجستاندا ژیاون، واتە بەر لە سەردەمی سەلاحەدینی ئەیووبییەوە کورد لە ئەرمەنستان و تورکمەنستاندا دەژیان، پێش ئەوەی ڕووسیا ئەرمەنستان و تورکمەنستان داگیر بکا. بەڵام دواتر هەندێ کوردی تر لە ئازەربایجان و تورکیاوە ڕوویان کردە ئەرمەنستان.

لە ١٨١٣، دوای پەیمانی گوڵستان، بەشێک لە جۆرجیا و ئازەربایجان کەوتە دەست قەیسەری ڕووسیا. لە ١٩٢١ سەرتاپای

قەوقاس کەوتە ژێر دەستی ڕووسیا. هەموو ئەو ڕووداوانە، هەروەها چەوسانەوە و ئاوارەبوون و بە زۆرەملێ ڕاگواستنەوەی کورد وایان کرد کورد زۆرتر لە ئەرمەنستان و جۆرجیا کۆ ببنەوە، بۆیە ئەمڕۆ دەبینین زۆرترین ژمارەی کورد لە جیۆرجیا، بە تایبەتیش لە ئەرمەنستان دەژین. بەشی هەرەزۆری کوردانی ئەرمەنستان و جیۆرجیا یەزیدین. پەنجا هەزار کوردێکیش لە ئازەربایجاندا دەژین کە مافی دەربڕینی کولتووری نەتەوەیی و ئازادییان نییە.

ڕاستییەکەیشی کورد لە یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوودا، لەچاو هەموو کۆمارەکانی تر، بە پلەی یەکەم لە کۆماری ئەرمەنستانی سۆڤیەتییدا نیمچە ئازادییەکی خۆیان هەبووە، مافی نووسین و بڵاوکردنەوەی بە زمانی خۆی پێ دراوە، هەر تەنیا لەوێشدا زیاتر ژیانێکی کولتووریی کوردی گەشەی کردووە.

پەیوەندیی کورد و ئەرمەن تەنیا دراوسێیەتی نەبووە، هەروەها تەنیا پاپەندیش نەبووە بە کۆماری ئەرمەنستانی سۆڤیەتییەوە، بەڵکو هەر لە کۆنەوە نزیکایەتییەکی کۆمەڵایەتی و کولتووری لەنێوانیاندا هەبووە: لە بەشەکانی کوردستانی تورکیا و ئێرانیشدا.

لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم بەم لاوە، یەکێک لە سەرەتاکانی پەخشان و تەرجەمە لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا، بەهۆی هاوکاریی ئەرمەنەکانەوەیە، کە دەردەکەوێت:

یەکەم وەرگێڕانی ئینجیل بۆ کوردی بریتییە لە ئینجیلێک لە ساڵی ١٩٥٧ لە زمانی یۆنانییەوە کراوەتە دیالێکتی کرمانجی و بە ئەلف و بێی ئەرمەنی چاپ کراوە، لە ٣٩٨ لاپەڕەشەدا، لە ئەستەنبۆڵ، لە لایەن مسیۆنێر و قەشە ئەرمەنییەکانەوە بڵاو کراوەتەوە.

دووەم کتێبی وەرگێڕدراو، بەناوی (ئەلفا بێ جێ یا کورمانجی و ئەرمەنی) لە ئەستەنبیۆڵی چاپی دووەمی لە ١٨٦١، بە دیالێکتی کرمانجی، بە ئەلفوبێی ئەرمەنی، دیسان بە هاوکاریی نووسەر و قەشە ئەرمەنییەکان چاپ و بڵاو کراوەتەوە، کتێبەکە بە زمانی کوردی و ئەرمەنییەوەیە:

**ستوونێک بە کوردی و ستوونی بەرامبەر بە ئەرمەنی.**

ئەم کتێبە وەرگێڕدراوە یەکەم کتێبی منداڵان و قوتابخانەیە، یەکەم کتێبی لێکدانەوەی دینی مەسیحە، یەکەم کتێبە کە

مێژووی بە زمانی کوردی نووسیبێتەوە، یەکەم کتێبی وێنەدارە بە کوردی، هەروەها یەکەم کتێبی کوردیی بە ئەلفوبێی ئەرمەنی و یەکەم قامووسی کوردی ـ ئەرمەنییە. قامووسەکە زیاتر لە ٣٠٠ وشەی کوردی ـ ئەرمەنیی تێدایە.

بەم شێوەیە، پەیوەندیی کورد و ئەرمەن و هاوکارییەکانی نێوانیان زۆر لە ١٩١٧ و دروستبوونی کۆماری ئەرمەنستانی سۆڤیەتدا، هەروەها تەکانێکی بەهێز بوو لە رووی پتەوترکردنی پەیوەندییەکانی نێوان ئەم دوو نەتەوە هاودەرد و ئازادیخوازە. ئەرمەنەکان، کە بۆ خۆیان سەربەستیی نووسینیان لە چوارچێوەی کۆماری ئەمەنستانی سۆڤیەتدا وەدەست هێنابوو، لە هەمان کاتدا، بە بڕیاری لینین، رێگەیان دایە کوردەکان بتوانن بە کوردی بنووسن و بخوێننەوە، بڵاو کراوە و قوتابخانەیان بە زمانی خۆی هەبێت.

**بە کورتی:**

لە شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٧ بەم لاوە، لە لایەن ئەرمەنەکانەوە بایەخێکی فراوان درا بە پێشکەوتنی زمان و بڵاوکردنەوەی ئەدەبیات و نووسینی کورد لە کۆماری ئەرمەنستانی سۆڤیەتدا.

ئەرمەنییەکان، هەم ئەوانەی ناو کۆماری ئەرمەنستان، هەم ئەوانیش لەناو تورکیا و لە ئەوروپادا دەژیان، لەدوای کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی، پڕ بە دڵ حەزیان دەکرد کوردستان ببێتە دەوڵەت و بە سەربەخۆیی خۆی بگات.

Bulletin Armenien کە گۆڤاری ئەرمەنییەکان بووە لە پاریس بە فەرەنسی بڵاوکراوەتەوە، لە ساڵی(١٩٢٠) لە ژمارە (١٩ - ٢٠) دا دەڵێ: (هاوئاییبوونی کورد و تورک بە هیچ شێوەیەک ڕەوایی ناداتە ئەوەی کە شەریف پاشا ئۆتۆنۆمی کوردەکان لەژێر سەرپەرشتی تورکیادا بە باشتر بزانێ، چونکە ئاشکرایە جۆرە ئۆتۆنۆمییەکی لەم بابەتە لە (تەڵەیەک) زیاتر هیچی تر نابێ. مەسەلەی ئایین پەیوەندییەکی یەکجار زۆر کەمی بە سەربەخۆیی نەتەوەیی و ئازادییەوە هەیە، خەباتی گەلی ئەرمەن خەباتێکی ئایینی نییە. بەڵکوو تاقە ئامانجێکی ئەوەیە، کە ئێمەی گەلی ئەرمەن بە سەربەخۆیی نەتەوەیی خۆمان بگەین. لە سۆنگەی هەمان شتدا ئێمە هیوادارین گەلی کورد لە رێگای خەباتی جیابوونەوە و ئازادیخوازانەی خۆیدا جەسوور و بەردەوام بێت).

یەکێک لە کارە باشەکانی یەکێتیی سۆڤیەت لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی لینیندا کردی، ئەوە بوو کە لە ١٩٢١ بەم لاوە هەڵمەتێکی دەست پێ کرد بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری لەناو کوردەکاندا: لە ١٩٢١ بەم لاوە هیچ کوردێک نەما منداڵی

خۆی نەنێرێتە بەر خوێندن. سەرچاوەکان دەڵێن: پێش ١٩١٧ لە سەدا نۆهەتی کورد نەخوێندەوار بوون، بەڵام لە کۆتایی ساڵانی سییەکانەوە هەر هەموو کورد فێری خوێندەواری بووبوون. لە ساڵانی کۆتایی بیستەکاندا، ( 44) قوتابخانەی کوردی لەسەر خاکی یەکێتیی سۆڤیەت دامەزرا.

لە ساڵی ١٩٢٣، لەسەر داخوازیی لینین، ناوچە کوردنشینەکان، وەک مەڵبەندێکی سەربەخۆی سیاسی، ئۆتۆنۆمی خۆی و ئیدارەیەکی ئۆتۆنۆمی پێ دەدرێت بە ناوی (کوردستانی سوور) کە پایتەختەکەیشی بریتی بوو لە شاری (لاچین) لە ناوچەی

Nagoron ـ Karabakh )، کورد خۆیان بەڕێوەیان دەبرد.

هەرێمی ئۆتۆنۆمی (کوردستانی سوور) بۆ ماوەی پێنج ساڵ، واتە تا ساڵی ١٩٢٩ ڕۆژنامەیەکیشیان بە ناوی (کوردستانی سوور Sovetskia Kurdistan) بڵاو دەکردەوە، بەڵام لە ١٩٢٩ بەم لاوە، کاتێ ستالین حوکم دەگرێتە دەست، بەهۆی سیاسەتی دکتاتۆریانەی ستالین لە هەمبەر کەمایەتییە نەتەوەییەکان، کورد هەرێمە ئۆتۆنۆمییەکەیان لێ دەسەندرێتەوە، دەسەڵات و تەنانەت مافە کولتوورییەکانیشیان کز و کزتر دەبێتەوە و لە هەندێ قۆناغدا هەر بە یەکجاری، لە سایەی ڕژێمی رکێفی بەڕێوەبردنی جیۆرجیا و ئەرمەنستان و ئازەربایجانەوە. ئیتر وردە وردە ڕاگواستنەوەی کورد و ئازاردانی کورد دەست پێدەکاتەوە بە تایبەتیش لە کۆماری ئازەربایجاندا.

بەم شێوەیە تاقە مەنزڵگەیەک و تاقە هیوایەک بۆ بووژانەوەی کولتوور و ئەدەبیاتی کوردی تەنیا ئەرمەنستان مایەوە..

نووسەری ئەرمەنیی کوردناس، هاگۆب گازاریان لازۆ، لە ساڵی ١٩٢١، لە شاری ئێچمیادزین (نزیک یەریڤان) لە ئەرمەنستانی سۆڤیەتدا، ئەلفا بێیەکی ئەرمەنیی بۆ زمانی کوردی داڕشت. ئەمەشی لە کتێبێکی وێنەداردا بە ناونیشانی (شەمس) بڵاو کردەوە، ئەو ئەلفابێ ئەرمەنییەی ناو کتێبی (شەمس) بێ گومان هەندێ دەنگی تایبەت بە زمان و فۆنەتیکی کوردیی خرابووە سەر. کتێبی شەمس، لە ١٩٢١ بەم لاوە بووە بنچینەیەک بۆ بەکارهێنانی ئەلفوبێی ئەرمەنی بۆ نووسین بە کوردی لە ئەرمەنستانی سۆڤیەتدا. چەندین کتێب و بڵاوکراوەی پێ نووسرا و بڵاو کرایەوە، هەروەها چەندین قوتابخانەی کوردی وەک قوتابخانەی (لازۆ) و قوتابخانەی (یانەی کوردان) کرانەوە.

**لەو قوتابخانەیەدا زمانی کوردی بەو ئەلفابێ ئەرمەنییە دەگوترایەوە و دەخوێنرا.**

دوای ئەوە، بە هاوکاریی نووسەری ئەرمەن، ئۆربێللی Orbeli، لە ١٩٢٨ ئەلفابێی لاتینی جێگەی ئەو ئەلفابێ ئەرمەنییەی

گرتەوە بۆ نووسین بە کوردی. ئەلفوبێ لاتینییەکە، لە لایەن عەرەبی شەمۆ و (مارە گۆلیف)ەوە دروست کرابوو، وردە وردە جێگەی ئەلفوبێ ئەرمەنییەکەی گرتەوە، تا لە ١ - ١ - ١٩٣٠ بەم لاوە بە شێوەیەکی رەسمی کەوتە کار (٩٤) ئەلفا بێ لاتینییەکە لە ئەرمەنستان و جیۆرجیا بەکار دەهات، بەڵام لە کۆماری ئازەربایجان بەکارهێنانی زمان و کولتوور و نووسینی کوردی بە هیچ شێوەیەک رێگەی پێ نەدەدرا. لە باکۆ یەکەم کتێب بە کوردی لە ١٩٣٠ چاپ دەکرێ، لە تورکمەنستان بە درێژایی ١٩٣٣ تا ١٩٣٦ تەنیا شەش کتێب بە کوردی چاپ دەکرێن.

**کورد لە ئەرمەنستان لە هەموو کۆمارێکی دیکەی سۆڤیەت بەختەوەرتر بوون:**

لە ١٩٢٩ بەم لاوە ژمارەی کتێبی چاپکراو لە ئەرمەنستان بە شێوەیەکی بەرچاو بەرز دەبێتەوە. هەر لەو زەمانەشدا رۆژنامەیەکی هەفتانە بە زمانی کوردی (ڕیا تازە ١٩٣٠ - ١٩٣٨) بڵاو بووەتەوە و رۆڵی باشی لە بوژاندنەوەی رۆژنامەگەری و وەرگێڕان و ئەدەبیاتی کوردیدا بینیوە.

پێشتریش واتە لە ساڵی ١٩٢٧ هەر لە ئەرمەنستانی یەکێتیی سۆڤیەت، فیلمێکی کوردی بە ناوی (زارێ)، لە دەرهێنانی: بێگ نەزارۆڤ، کە (٧٢) دەقیقەیە، بێدەنگ، رەش و سپی، لەلایەن (ئەرمەنکینۆ) بەرهەم دەهێندرێت، باس لە ژیانی کۆچەرە کوردە ئێزدییەکانی سەر سنووری ئەرمەنستانی سۆڤیەت و کوردستانی تورکیای ساڵی (١٩١٥) دەکا. لە ماوەی دوو ساڵدا ١٩٣١ - ١٩٣٢ لە کۆماری ئەرمەنستاندا زیاتر لە نۆ کتێب، لە رووسی و ئەرمەنییەوە، کرانە کوردی. لە هەمان کاتدا دەبینین لە ساڵی ١٩٣٢ - ١٩٣٣ لە ئەرمەنستان چل قوتابخانەی کوردی هەبوون، کە ٧١ مامۆستای کورد و 1936 قوتابییان هەبوو. درەنگتر پەیمانگەیەکی مامۆستایانیشی لێ کرایەوە. ئنجا لە ١٩٣٢ لقێکی نووسەرانی کورد لەناو یەکێتیی نووسەرانی ئەرمەنستان بۆ نووسەرانی کورد دامەزرا، کە یەکەمین بەرهەمی چاپکراویان بریتی بوو لە رۆمانەکەی (عەرەبی شەمۆ) بە ناونیشانی (شڤانی کورد). دوای ئەویش کتێبێکی ٦٦٤ لاپەڕەییان لە بارەی فۆلکلۆری کورد بڵاو کردەوە. راستییەکەشی ماوەی ١٩٣٢ - ١٩٣٨ سەردەمێکی زێڕین بوو بۆ پێشکەوتنی کولتووری کورد لە ئەرمەنستانی سۆڤیەتدا، هەر لە ساڵی ١٩٣٤ یشدا بوو لە یەریڤان کۆنگرەیەک بۆ نووسەرانی کورد لە بارەی نووسین بە کوردی و ئەدەبیاتی کوردی ساز درا، لە ماوەی ١٩٣٧ دا بەرنامەیەکی ڕادیۆییش بە زمانی کوردی پەخش دەکرا. ئەمە جگە لە بەرهەمهێنانی چەندین فیلم بە زمانی کوردی.

بەڵام لە ١٩٣٨ بەملاوە، لەگەڵ سەرەتای جەنگی دووەمی جیهانیدا زمان و کولتووری کورد دایە کزی و پاشان نەما. رۆژنامەی (ڕیا تازە)ش داخرا. چاپکردنی کتێبێکیش بە کوردی نەما. ئەمە جگە لە سیاسەتی تواندنەوەی زمان و کولتووری

کورد لەلایەن کۆمارەکانی یەکێتیی سۆڤیەتەوە لە ماوەی سالانی ١٩٤٤ - ١٩٤٥دا. بۆیەش دەبینین لەو ساڵانەدا ئەلفابێی لاتینی بۆ زمانی کوردی نامێنێت و ئەلفابێی سیریلیک کە ئەلفابێی ڕووسییە جێگەی دەگرێتەوە. هەندێ لە نووسەرانی کوردیش، لەوانە عەرەبی شەمۆ، بە فەرمانی ستالین نەفی دەکرێت و ڕادەگوێزرێتەوە.

دوای مردنی ستالین لە ١٩٥٦ دۆخ دیسان باش دەبێتەوە و چاپکردنی کتێب بە کوردی دەست پێ دەکاتەوە. بەرنامە کوردییەکەی ڕادیۆ و ڕۆژنامەی (ڕیا تازە)ش دەست پێدەکاتەوە. مۆسیقا و نیگارکێشان و بە تایبەتیش شانۆ بە کوردی دەبووژێتەوە بە تایبەتی لە ئەرمەنستان و جیۆرجیا. لە ١٩٦١ زیاتر لە ١٣٠ کوردی سۆڤیەت لە زانکۆکانی مۆسکۆ و یەریڤان و لینینگردا و باکۆ دەیانخوێند.

لەو ماوە کورتەی باسمان کرد، دەیان ئەکادیمی، ڕۆژنامەنووس، هونەرمەند و نووسەری باشی کورد لە کۆمارەکانی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوودا. بە تایبەتی لە کۆماری ئەرمەنستاندا، سەریان هەڵداوە و لە ئاستی کوردستانی گەورەدا شۆرەتیان پەیدا کردووە:

میکائیلی ڕەشید، کە لە ١٩٢٥ بەم لاوە شیعری نوێ بلاو دەکاتەوە، کارلینێ چاچان لە ١٩٢٩، ئەمینی عەڤدالێ لە ١٩٣٢، ئنجا لە ١٩٣٤ بەم لاوە چیرۆکنووس جاسمێ جەلیل و ڕۆماننووسی مەزن عەرەبی شەمۆ، دواتریش حاجی جندی، وەزیری نادری، قاچاغێ موراد، میکائیل ڕەشید، خانمە هونەرمەند جەمیلەی جەلیل، شاکرۆی خدۆ، ئۆردیخانی جەلیل، تۆسن ڕەشید، ئەسکەری بوویبک، تا دەگاتە د. جەلیلی جەلیل..

سەرچاوە: ماڵپەڕی باسنیوز - ڕێکەوتی: ٤ی جوونی ٢٠١٧

---------------------------------------

## کۆنگرێسی نەتەوەیی کورد لە "کوردستانی سور" دامەزرا



کۆنگرێسی کۆمەڵە کوردییەکانی وڵاتانی سۆڤیەتی کۆن، لە راگەیەندراوێکدا، لەژێر درووشمی (یەک ئاڵا، یەک نەتەوە، یەک دەوڵەت) دامەزراندنی کۆمەڵەکەیان راگەیاند و رۆژی راگەیاندنەکەی کۆنگرێسەکەش، بە رۆژێکی مێژووی وەسف دەکەن.

بە گوێرەی راگەیەندراوی کۆتایی کۆنگرێسەکەش، لە کۆبوونەوەکەیان خاڵەکانی (دیکلارەیشنی کۆنگرێسی کۆمەڵە کوردیەکان، پرۆژەی دەستووری کۆنگریسی کەمەڵە کوردیەکان) کردووە.

هە لەسەر هەڵبژاردنی (بەرێوەبەر و سەرۆکی کۆنگریسی کۆمەڵە کوردیەکان، سکرتاریەتی کۆنگریسی کۆمەڵە کوردیەکان)، رێککەوتوون و بۆ خوولی یەکەمیش، دکتۆرو پرۆفیسۆری ئەکادیمی راوێژکاری سەرۆکی کازاخستان بۆ کاروباری کوردان کنیاز ئیبراهیمۆڤیج، دەبێتە سەرۆک و ١١ کەسی دیکەش بە ئەندامی کۆنگرێسەکە دیاریکران.

**راگەیەندراوی کۆتایی کۆنگرێسەکە:**

**بەلاغی کۆتای کۆنگرێسی کۆمەڵە کوردیەکانی ووڵاتانی سۆڤیەتی کۆن (کوردستانی سور)**

نزیکەی ساڵێک لەمەوبەر لە ئۆکۆتبەری ٢٠١٥ کۆمەڵێک لە چالاکوانانی مەدەنی و رێکخراوە ئەکتیڤ و گەورە

کۆمەڵایەتیەکانی ناو خاکی وولاتانی سۆڤیەتی کۆن بریاری دامەزراندنی کۆنگرێسی کۆمەڵەی نەتەوەی کوردیەکانیان دا. لەسەرەتادا تەواوی وتوێژو بەرنامەکانی تایبەت بە ئامادەکردن و چۆنیەتی دانانی پەیرەو پرۆگرامی تایبەت بەم کۆنگرێسە، لەرێگای تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک و هەروەها کۆبونەوەی هەفتانەی کۆنگرەکە لە رێگای سکایب بەرێوەدەبرا، بە شێوەیەکی راستەوخۆ، بە ئامادەبوونی تەواوی دامەزرێنەر و چالاکوانی کۆنگرێسی کۆمەڵە کوردیەکان.

لەهەموو ئەو ماوەیەدا دەیان کۆرو کۆبونەو کۆنفراساتمان ئەنجام داوە، لەگەڵ زۆربەی زۆری ریکخراو و چالاکوانە کوردیەکانی ناوەی روسیاو وولاتانی جۆرجیاو ئەرمینیاو کازاخستان و قرغستان و ئازربایئجان، تەنانەت کوردانی هەر چوار پارچەی کوردستان.

لە رۆژی ٩ - ١٠ - ٢٠١٦ لە چۆش و خرۆشێکی یەکجار زۆر، وەک روداوێکی گرینگی مێژوو لەگەڵ ساتێک وەستان بۆگیانی پاکی شەهیدانی رێگای رزگاری کورد و کوردستان و گوتنەوەی سرودی ئەیرەقیب بەشیوەیەکی رسمی کۆنگرێسی نەتەوەی کۆمەڵە کوردیەکانی وولاتانی سۆڤیەتی کۆن (کوردستانی سور) دامەزراندنی خۆی راگەیاند و ئەم بەرواره بووە رۆژی لەدایک بوون و روداویکی یەکجار مێژووی گرینگ لەماوەی چەندین ساڵی رابردوو لەم ناوچانەدا.

لە کۆبونەوەکەدا ئامادەبوان گفتوگۆیان کرد لەسەر تەواوی باردوخی سیاسی و کۆمەڵایاتی کوردانی وولاتانی سۆڤیەتی کۆن و کوردستان باشوور. بە هۆکاری ئەوەی کوردستان باشوور ئێستاکە بە بارودۆخێکی زۆر تایبەت و هەستیاردا تیپەر دەبێت، خەریکە ئەو دەرفەتە مێژوویەی هاتۆتە پێشەوە لەدەست دەردەچن جارێکی تر.

**لە کۆتای کۆبونەوەکەدا ئەم خاڵانە پەسند کران:**

- دیکلارەیشنی کۆنگرێسی کۆمەڵە کوردیەکان.
- پرۆژەی دەستووری کۆنگریسی کەمەڵە کوردیەکان.

**هەڵبژاردنی:**

- بەرێوەبەر و سەرۆکی کۆنگریسی کۆمەڵە کوردیەکان.
- سکرتاریەتی کۆنگریسی کۆمەڵە کوردیەکان.

دەستەی بەڕێوەبەرایەتی کۆنگرێسی کۆمەڵە کوردیەکان پێک دێن لە ١١ کەسایەتی روسیاو وولاّتانی سۆڤیەتی کۆن. بۆ خولی یەکەمی بەڕێوەبەرایەتی ئەنجومەن بۆ ماوەی یەک ساڵ بەڕێز دکتۆرو پرۆفیسۆری ئەکادیمی راوێژکاری سەرۆکی کازاخستان بۆ کاروباری کوردان کنیاز ئیبراهیمۆڤیچ هەڵبژێردرا.

یەکەمین پرۆژەی داهاتوو کۆنگریسی کۆمەڵەی نەتەوەی کوردی وولاّتانی سۆڤیەت کۆن، سەردانی کردنی کوردستان باشورەو کۆبونەوەیە لەگەڵ حزب و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان.

بۆ ئەم مەبەستەش هەر ئەم یاداشتە لە ڕێگای نوێنەرایەتی کوردستانیان لە روسیاو وولاّتانی سۆڤیەتی کۆن دەگەێنە سەرجەم لایەن سیاسیەکانی کوردستان و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان . هەر بۆیە ئێمە چاوەڕێی هەڵبژاردنی کاتێکی گونجاو دەکەین لەلایەن ئێوەی بەڕێزەوە بۆ ئەم سەردانیە لە ماوەی ١٠ - ١٠ - ٢٠١٦ تاوەکو کۆتای ئەم مانگە.

ئەوەی زۆر گرینگە و پێویستە ئاماژەی پێبکرێت لە کۆنگرێسەدا کوردان لەسەر هەر ئاین و هەر ناوچەیەکی وولاّتانی سۆڤیەت بن دەتوانن کۆنگرێس بە موڵکی خۆیان بزان، هەروەها بەشداربوان و بەڕێوەبەرانی کۆنگرێسی کۆمەڵە کوردیەکان پێک دێت لە کوردە موسڵمانەکان و ئێزدیەکانن.

دروشمەکانی هەڵبژاردنی دامەزراندی کۆنگرەی کۆمەڵە کوردیەکانی پێک دێت لە سێ دروشم:

((((یەک ئاڵا، یەک نەتەوە، یەک دەوڵەت))))

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان ٢٤ - ڕێکەوتی: ١١ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦

--------------------------------------------

## سەرۆک کۆماری کوردستانی سور لەهەولێر بەخاک سپێردرا



تەرمی "وەکیل موستەفایۆڤ" سەرۆک کۆماری کوردستانی سور پاش گەیشتنی بەهەولێر لەرێورەسمێکدا لەگۆڕستانی شێخ ئەحمەد بەخاک سپێردرا.

"وەکیل موستەفایۆڤ" سەرۆک کۆماری کوردستانی سور لەتەمەنی ٨١ساڵیدا لەوڵاتی بەلجیکا کۆچیدوایی کرد، لەسەر وەسیەتی خۆی تەرمەکەی گەڕیندرایەوە باشوری کوردستانو لەشاری هەولێر بەخاک سپێردرا.

ئاوێنە: وەکیل موستەفایۆف کە بەدامەزرێنەری کۆماری کوردستانی سور دادەنرێت لەدوای دارمانی یەکێتی سۆڤیەتی جارانەوە، ساڵی ١٩٣٧ لەئۆزبەکستان لەدایکبوە. بڕوانامەی مافی لەزانکۆی قیرغیزستان وەرگرتوە، سەرۆکی شارەوانی شاری ئوش بوە لەقیرغیزستان، ساڵی ١٩٩١ کوردستانی سوری دامەزراندو پاش هەڵوەشاندنەوەی پەنای بردە بەر وڵاتی ئیتالیاو ماوەی ساڵێکیش بو لەبەلجیکا دەژیا، کتێبێکی بەناوی "کوردستانی قەفقازیا" نوسیوە.

کوردستانی سور لەدوای دامەزراندنی کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤیەت لەساڵی ١٩٢٣دا لەسەردەمی حوکمڕانی لینیندا لەناوچەی "لاچین"ی سەر بەکۆماری ئازەربایجان وەک کۆمارێکی ئۆتۆنۆمی دامەزراو ساڵی ١٩٣٠ لەسەردەمی حوکمڕانی ستالیندا هەڵوەشایەوە.

"وەکیل موستەفایۆڤ" سەرۆکی پێشوی تەڤگەری ئازادی کوردستانی قەفقاسیا لەساڵی ١٩٩٢ بەپشتیوانی روسیاو ئەرمینیا دیسان کوردستانی سوری دامەزراندەوە، بەڵام تەمەنی کۆمارەکە زۆر کورت بو، لەلایەن کۆماری ئازەربایجانەوە هەڵوەشایەوەو دەست بەسەر ناوچەی لاچیندا گیرا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - ڕێکەوتی: ١٠ی مای ٢٠١٩




کۆکردنەوە و ئامادەکردنی؛ ڕەحمان نەقشی

بانەمەڕی ٢٧٢٠ی کوردی - ئەپریلی ٢٠٢٠ی زایینی